WWW.RUDAW.NET

روداو RÛDAW

خوێنەری ڕووداو زۆرتر دەزانێت

ژمارە (351) دووشەممە 2015/3/16 25ی ڕەشەمێی 2714 (750) دینار

# بەرکەوتووەکان بە کیمیاویی داعش قسە بۆ (ڕووداو) دەکەن



**ڕووداو- دهۆک**

داعش چەکی کیمیایی لە دوو چوارڕیانی گەورەی ڕۆژهەڵاتی میحوەری دیجلە لە دژی هێزی پێشمەرگە بەکارهێناوە. هەندێ لەو پێشمەرگانە بەهۆی کاریگەریی ئەو چەکە تووشی تەنگەنەفەسی هاتوون. فەرماندەیەکی هێزی پێشمەرگە کە خۆی یەکێکە لە بەرکەوتووانی ئەو چەکەیە گوتی "ماددەی کلۆر بەکارهێنراوە".

ئەو فەرماندەیە گوتی کە "هیچ پێشمەرگەیەک بەهۆی ئەو چەکە کیمیاییە شەهید نەبووە".

هەر لەوبارەوە عەمید بەهجەت تەیمەز یەکێک لە فەرماندەکانی هێزی زێرەڤانی و سەرپەرشتیاری ئەو میحوەرەی کە داعش مادەی کلۆری تێدا بەکارهێناوە، بە (ڕووداو)ی گوت "خۆم و زۆربەی پێشمەرگەکانم ئەوکاتە نزیک بووین لەو شوێنەی ئۆتۆمبێلەکەی لێ تەقییەوە، تووشی تەنگە نەفەسی بووین، بەڵام هەر زوو تیمە پزیشکییەکان گەیشتنە لامان و لە ڕێگای ئۆکسجینەوە چارەسەری سەرەتاییان بۆ کردین و توانیمان خۆمان ڕابگرین".

3 »



**عادل عەبدولمەهدی، وەزیری نەوتی عێراق:**


## عێراق 100 ساڵە بودجەی خۆی بۆ دژایەتی کورد بەکاردێنێ

5



## ونبوویەکی دیکەی هەڵەبجە لە سنەیە

10



**عەلی حەمە ساڵح:**

## بۆ ڕێگا نادەین 5 ملیار دۆلاری دیکەش قەرز بکەن؟

23

**ئاشتی هەورامی، وەزیری سامانە سروشتییەکان:**

# لە تورکیا نەوتی کوردستان دەدزرێ

4 »








نەورۆزتان پیرۆزبێت، ژمارەی داهاتووی هەفتەنامەی (ڕووداو) دەکەوێتە نێو جەژنی نەورۆز، بۆیە هەفتەی داهاتوو دەرناچێت.

## بەهۆی "تۆپ ستۆری" دادەمەزرێت



**ڕوودلو- هەولێر**

کاروان حەسەن، بەڕێوەبەری شارەوانیی ژینگەپارێزی شاری هەولێر رایدەگەیاند، عەبدولقادر خەسرەو ئەو منداڵەی کە لە شوێنی فڕێدانی زبڵی هەولێر کار دەکات، دادەمەزرێ. ناوبراو بە (ڕووداو)ی راگەیاند "دوای بەرنامەی تۆپ ستۆری لە کەناڵی ڕووداو، لەگەڵ وەزیری شارەوانی کۆبوومەوە و بڕیارماندا کە عەبدولقادر لە کۆمپانیای هەڵمەت، کە کۆمپانیایەکی کۆکەرەوەی زبڵ و خاشاکە و کەرتی تایبەتە، دابمەزرێنین".

عەبدولقادر خەسرەو، ئەو مێردمنداڵە تەمەن 15 ساڵە بوو، کە لە دوایین بەرنامەی Top Story دەرکەوت، کە لەشوێنی فڕێدانی زبڵ کاردەکات و بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیانی خێزانەکەی وازی لە خوێندن هێناوە.

ڕاپۆرتە هەواڵ

ژمارە (351) دووشەممە 2015/3/16

# تورکیا هێزەکەی خۆی لە دهۆک زیاد دەکات

### سەرچاوەیەک:
## هێزەکەی تورکیا لە بامەڕنێ بەشداری شەڕی مووسڵ دەکەن

### بەڕێوەبەری ناحیەی بامەڕنێ:
## لەم ماوەیەدا دووجار لەگەڵ بەرپرسانی ئەو هێزە دانیشتووم

**ناسر عەلی**
**ڕووداو- دهۆک**

سوپای تورکیا ژمارەیەک تانک و چەند جۆرە چەکێک ڕەوانەی سەربازگەکانی دەکات لە ناوچەی بامەڕنێ. بەڕێوەبەری ناحیەی بامەڕنێش زانیارییەکان پشتڕاست دەکاتەوە و دەڵێت منیش لەو ماوەیە بینیومن چەکی نوێیان هێناوە. هەر لەوبارەوە سەرچاوەیەکی سەربازی ڕایگەیاند "تورکیا هێزەکەی بامەڕنێ لە کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵدا بەکاردێنێت".

سەرچاوەیەکی سەربازی لە ناوچەی ئامێدی ڕایگەیاند "لەم مانگەدا چەند جارێک بینیومە تانکەکانی تورکیا بە ڕێگای ئۆتۆمبێلی بارهەڵگری تایبەت هێنراون بۆ فڕۆکەخانەی بامەڕنێ و ناوچەی سیرێ".

ئەو سەرچاوەیە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە بە (ڕووداو)ی گوت "بەرەبەیانی ڕۆژی 13ی ئەم مانگە لە ڕێگای نێوان ناحیەی سەرسنگ و کۆمەڵگەی قەدشدا، بارهەڵگرێک کە تانکێکی تورکیی هەڵگرتبوو، بەرەو قەدش دەڕۆیشت بۆ ئەوەی بچێتە سەربازگەکەی تورکیا لە فڕۆکەخانەی بامەڕنێ".

نزیکەی 20 ساڵە هێزێکی تورکیا لە چوار شوێن لە سنووری قەزای ئامێدی جێگیرکراون، ئەویش بەپێی ڕێککەوتنێک لە نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا.

ئەو سەرچاوەیە دەڵێت "ئەگەر تورکیا بەشداری ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنی مووسڵ بکات، ئەوا سوود لەو هێزەی وەردەگرێت کە لە هەرێمی کوردستان جێگیرکراون، بەڵام تاوەکو ئێستا نازانرێت بەچ شێوەیەک بەشدار دەبن".

ڕۆژی 2015/3/3 عیسمەت یەڵماز، وەزیری بەرگریی تورکیا سەردانی بەغدا و هەولێری کرد. یەڵماز رایگەیاند کە وڵاتەکەی بەشدار دەبێت لە ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵ، بەڵام ئەو کاتیش بە ئاشکرا نەیگوت بە چ شێوەیەک بەشداری هێرشی سەر مووسڵ دەکەن. هەروەها تورکیا رازی بووە بنکەی ئینجیرلیک بۆ لێدانی داعش بەکاربهێنرێت.

عەقید مەسعود ساڵح محەممەد، مامۆستای ئەکادیمی سەربازیی زاخۆ بە (ڕووداو)ی گوت "ئەو دەبابانەی ئێستا هێناویانن، دەبابەی شەڕی ڕاستەوخۆ نین، بەڵکو دووربینی گەورەیان لەسەرەو تەنیا کاری ئیستیتلاعی دەکەن".

دەربارەی بەشداریی تورکیا لە هێرشی کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵ، ئەو ئەفسەرە گوتی "تورکیا بەڕێگای زەمینی و ڕاستەوخۆ بەشدار نابێت، بەڵکو بە شێوازی دیکە بەشدار دەبێت".

مەسعود باسی شێوەی بەشداریی تورکیای لە هێرشی سەر مووسڵ کرد و گوتی "بەهۆی دیلەکانی تورکیاوە لە مووسڵ، دەزگای هەواڵگریی تورکیا زانیاری باشی لەسەر مووسڵ هەیە، ئەوان بەشێوەی دانانی پلان و مەشقپێکردنی ئەو هێزەی بەشدار دەبێت و بەڕێگای ئەو دەبابانەی لە باشووری کوردستانن لە مەخموور، وانکێ، شنگال و تیمێکی دیکەی یەدەگ، ئیستیتلاعی ناو مووسڵ دەکەن و زانیارییەکان دەدەنە لیژنەی پلان".

بەپێی قسەی ئەو شارەزایەی بواری سەربازی، تورکیا تەنیا بەشێوەیەک ڕاستەوخۆ بەشداری شەڕەکە دەکات، ئەگەر لە شوێنێک شەڕی سەخت کرا، بۆ نموونە لە فڕۆکەخانە، لەوانەیە وەکو هێزی زەبروەشێن بەشداربێت و بگەڕێتەوە.

دەربارەی ژمارەی ئەو هێزەی لە باشووری کوردستانە، مەسعود ساڵح دەڵێت "ئێستا 38 دەبابە و 738 سەربازی تورک لە باشووری کوردستانن، ئەو دەبابانە بە دووریی 38 کیلۆمەتر دەتوانن زانیاری ورد کۆبکەنەوە".

بەڕێوەبەری ناحیەی بامەڕنێ دەڵێت ئەوان تەنیا بۆ مەسەلەی ئیداری ئاگاداری کاری ئەو هێزەن و هیچ زانیارییەکیان لەسەر کارە سەربازییەکانیان نییە.

موشتاق عیسمەت، بەڕێوەبەری ناحیەی بامەڕنێ بە (ڕووداو)ی گوت "تاوەکو ئێستا دووجار لەگەڵ بەرپرسانی ئەو هێزە دانیشتووم، بەڵام تەنیا باسی دابینکردنی کارەبا و کۆکردنەوەی خاشاکی ئەوانمان کردووە، هەفتانە تیمەکانی شارەوانی سێ جار دەچن بۆ کۆکردنەوەی خاشاکی سەربازگەکان". گوتیشی "ئەوان بۆ خۆیان بیری ئاویان لێداوە و پێویستیان بە ئاوی ئێمە نییە و تەنیا کارەبایان بۆ دابین دەکەین".

لەبارەی زیادکردنی ژمارەی ئەو هێزە، موشتاق دەڵێت "منیش چەند جارێک لەم ڕۆژانەدا دیتومە دەبابەی نوێیان هێناوە، بەڵام نازانم ژمارەیان چەندە و بۆچی هاتوون، تەنیا کە ئەوان ڕاهێنان دەکەن ئێمە ئاگادار دەکەنەوە، بۆ ئەوەی لە کاتی تەقەکردندا ئێمە بزانین ئەوان خەریکی ڕاهێنانن".



### حیزبەکان ناڕازین
# وتارەکانی یادی هەڵەبجە تەنیا لەلایەن یەکێتییەکانەوە دەخوێندرێنەوە



(فۆتۆ: سیروان عەزیز)

**سیروان عەباس**
**ڕووداو- هەولێر**

ئەمڕۆ دووشەممە 2015/3/16 گەلی کورد یادی گەورەترین کارەساتی دەکاتەوە کە یادی 27 ساڵەی کیمیابارانکردنی هەڵەبجەیە لەلایەن ڕژێمی پێشووی عێراقەوە. حیزبەکان گلەیی دەکەن لەوەی کە یادەکە لەلایەن یەکێتییەوە پاوان کراوە.

بڕیارە لەو یادکردنەوەیەدا کە لە مۆنۆمێنتی هەڵەبجە بەڕێوەدەچێت، هەر یەک لە جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، قایمقامی هەڵەبجە، وەزیری شەهیدان و کاروباری ئەنفالکراوان و تاقانەکەی هەڵەبجە کە هەموویان یەکێتین وتار بخوێننەوە.

فازڵ بەشارەتی، بەرپرسی لقی 12ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پارێزگای هەڵەبجە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "هەموو ساڵێک ئەو یادە بە حیزبی کراوە و هەر ئەو قۆرخکاریەشە وایکردووە پارتەکان نەتوانن یەکبگرن". هەروەها گوتی "هەندێک لایەن وا دەزانن بە قۆرخکردنی وتارەکان لە بۆنە و یادەکاندا دەسەڵاتیان فراوانتر دەبێت، بەڵام خەڵک بایی ئەوە هوشیار بووەتەوە و تێگەیشتووە لەوەی کە وتار خوێندنەوە هەموو شتێک نییە".

سەبارەت بە بەشدارییان لە یادەکەدا، بەرپرسی لقی 12ی پارتی گوتی "تاوەکو ئێستا یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە ناوەڕۆکی ڕێوڕەسمی یادی کیمیابارانی هەڵەبجە ئاگاداری نەکردووینەتەوە". سەبارەت بەوەش کە دەگوترێت بۆنەکە بەحیزبی کراوە، بەشارەتی گوتی "با یەکێتی خۆی وەڵامی ڕای گشتی بداتەوە کە بۆچی ئەو یادەی بە حیزبی کردووە".

سەبارەت بە بەشداریکردنیان لە یادەکە بەشارەتی گوتی "ئێمە لە هەڵەبجە خۆمان بە خاوەن ماڵ دەزانین و هەر میوانێک بێتە هەڵەبجە میوانی ئێمەیە، بۆیە بە هەر جۆرێک بێت بەشداری دەکەین".

بزووتنەوەی گۆڕان دەڵێت ئەگەر یادەکە بەم جۆرە پاوان بکرێت بێدەنگ نابن. نزار مەحموود، باژێڕوانی گۆڕان لە هەڵەبجە بە (ڕووداو)ی گوت "بزووتنەوەی گۆڕان لە چۆنێتی بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمەکە ئاگادار نییە، دوای قسەکردن لەگەڵ ڕێکخەرانی یادەکە، هەڵوێستی خۆمان دەردەبڕین و بێدەنگ نابین ئەگەر بە حیزبی بکرێت".

یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانیش ڕایدەگەیەنێت، یادەکە موڵکی هیچ لایەنێک نییە و موڵکی هەڵەبجەییەکانە، بۆیە ئێمە بەشداری لە یادەکە دەکەین.

حەسەن شێخ عەبدوڵڵا، بەرپرسی مەڵبەندی هەڵەبجەی یەکگرتووی ئیسلامی بە (ڕووداو)ی گوت "لە یادەکەدا بڕگەکان دراون بەو کەسانەی سەر بە یەکێتین. وتاری جێگری سەرۆکی حکومەت دراوە بە قوباد تاڵەبانی، وتاری قایمقامی هەڵەبجە، وەزیری شەهیدان، پارێزگاری سلێمانی و وتاری تاقانەکانی هەڵەبجەش دراوە بە کادیرێکی یەکێتی".

یەکێتی نیشتیمانی کوردستان قۆرخکردنی یادی کیمیابارانی هەڵەبجە ڕەتدەکاتەوە و دەڵێت "ئەو پۆستانەی کە پێویستە وتار بخوێننەوە پێشتر دراون بە یەکێتی و ئەمە گوناهی یەکێتی نییە".

ئەحمەد قەدەفەری، جێگری لێپرسراوی مەڵبەندی 9ی شارەزووری یەکێتی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "پێم سەیرە هەندێک لایەن دەڵێن یادەکە لەلایەن یەکێتییەوە قۆرخکراوە، بۆچی قوباد تاڵەبانی کە سەردانی ئەورووپا دەکات وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان حسابی دەکەن، بەڵام لە یادی هەڵەبجەدا وتار بخوێنێتەوە لەسەر یەکێتی دەکرێتە ماڵ".

قەدەفەری هەروەها گوتی "ئەو پۆستانەی کە پێویستە وتار بخوێننەوە پێشتر لای یەکێتی بووە، چ پارێزگاری سلێمانی، یان قایمقامی هەڵەبجە بێ".

# گەنجێکی کورد فڕۆکەیەک بۆ پێشمەرگە دروست دەکات

**سۆران بەهائەددین**
**ڕوودلو- هەولێر**

گەنجێکی کورد لەشاری هەولێر فڕۆکەیەک بۆ خزمەتی پێشمەرگە دروست دەکات و دەڵێت ئەوە پێنجەم فڕۆکەیە دروستی دەکات و یەکەم کەسیشە لە کوردستان و عێراق فڕۆکە دروست بکات، بەڵام هیچ زانیارییەک لەبارەی فڕۆکەکەی نادرکێنێ.

نەریمان ئەنوەر کە بە نەریمانی فڕۆکەوان ناسراوە، لەگەڵ هێرشی چەکدارانی داعش بۆ سەر باشووری کوردستان دەستی بە دروستکردنی فڕۆکەیەک کردووە بۆ خزمەتی پێشمەرگە، ئێستا فڕۆکەکەی تەواو کردووە و لە مەراسیمێکدا ئاڵای کوردستان بەرز دەکاتەوە.

نەریمان، ماوەی 24 ساڵە خەریکی دروستکردنی فڕۆکە و ڕاهێنانە لەسەر فڕۆکە. ئەو جگە لەوەی فڕۆکەی دروستکردووە، دەتوانێت وەکو فڕۆکەوانێکیش کار بە فڕۆکەکانی بکات. نەریمان گوتی "ئەوە پێنجەم فڕۆکەیە دروستی دەکەم، ڕۆژی چوارشەممەی داهاتوو لە فڕۆکەخانەی هەریر لە مەراسیمێکدا ئاڵای کوردستان بەرز دەکەمەوە. وەزیری پێشمەرگە و چەندین بەرپرسی دیکەی حکومەت ئامادە دەبن، کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی دەکەین و لەوێ ڕوونی دەکەینەوە کە چۆن ئەو فڕۆکەیە بۆ خزمەتی پێشمەرگە بەکاردێنین، بەو شێوەیەی وەزارەتی پێشمەرگە دەیەوێت خزمەتیان دەکەم".

ئەو فڕۆکەیەی دروستی کردووە، لە جۆری ستۆڵ 701ە، بەڵام بە بیانووی ئەوەی ڕۆژی چوارشەممەی داهاتوو کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی ساز دەکات و لەوێ باسی تایبەتمەنییەکانی فڕۆکەکەی دەکات، ئامادە نەبوو هیچ زانیارییەک لەسەر فڕۆکەکەی بڵێت.

نەریمان گوتی "لە ساڵی 2006 فڕۆکەیەکم لە جۆری ستۆڵ 601 دروستکرد، لە ساڵی 2007 بە لاوی ساڵ هەڵبژێردرام، ئەوکات دەستم کرد بە دروستکردنی فڕۆکەیەکی ستۆڵ 701 کرد، لە ساڵی 2009 تەواوم کرد و فڕاندم، دوای ئەوە سەرۆکی هەرێمی کوردستان بانگهێشتی کردم وەک یەکەم کەس لە کوردستان و عێراق کە فڕۆکە دروست دەکەم، هەر بۆیە هێزی ئاسمانیی عێراقیش پێشوازیان لێکردم و ڕێزیان لێنام". نەریمان کە لە وڵاتانی دیکەیش ڕاهێنانی لەسەر فڕینی فڕۆکە کردووە، بە بڕوابەخۆبوونەوە دەڵێت "لەو کارە بەردەوام دەبم و خەریکی دروستکردنی فڕۆکەکەی دیکە دەبم کە زۆر گەورەتر و خێراتر بێت".


بەپێی قسەکانی ئەو گەنجە، فڕین خەونی منداڵی بووە "منداڵ بووم لە بەرزاییەکانەوە خۆم فڕێ دەدا، هەتا مامۆستایەکم پێیگوتم، ڕۆژێک تۆ فڕۆکە دروست دەکەیت، بەردەوام کارم لەسەر بیرۆکەکانم کرد، تا ئەو خەونەم هاتە دی".

نەریمانی فڕۆکەوان و فڕۆکە دروستکەر، لە ساڵی 2009 فڕۆکەیەکی دروستکرد، دوای چەندینجار تاقیکردنەوە، دواجار بەهۆی کێشەیەکی تەکنیکی فڕۆکەکەی لە دەرەوەی هەولێر کەوتە خوارەوە و تێکشکا، خۆیشی لەو ڕووداوەدا بریندار بوو.



ڕووداو
ژمارە (351) دووشەممە 2016/3/16

## ئۆجەلان لە نەورۆزدا پەیامی هەیە



**ڕووداو- ئاژانسەکان**

شاندی پارتی دیموکراتی گەلان کە سەردانی دوورگەی ئیمراڵییان کردبوو، پەیامی نەورۆزی ئەمساڵی ئۆجەلانیان وەرگرت. سرِی سورەییا ئۆندەر، ئەندامی شاندەکە لە ڕاگەیێندراوێکدا ئاشکرایکرد، کە ڕۆژی 2015/3/14 لە کاتی سەردانیاندا بۆ دوورگەی ئیمراڵی، پەیامی ئۆجەلانیان وەرگرتووە، کە لە ئاهەنگەکانی نەورۆزدا. سەبارەت بە جۆری پەیامەکە، کە ئایا پەیامێکی نووسراو دەبێت یان ڤیدیۆیی، ناوبراو هیچ قسەیەکی نەدا بەدەستەوە و گوتی "گرنگ بیر و بۆچوونەکانن".

### داعش لە دوو شوێن بەکاری هێناوە

# پێشمەرگە بەرکەوتووەکان بە کیمیاویی داعش قسە بۆ (ڕووداو) دەکەن





**ناسر عەلی**
**ڕووداو- دهۆک**

داعش چەکی کیمیایی لە دوو چوارڕیانی گەورەی ڕۆژهەڵاتی میحوەری دیجلە لە دژی هێزی پێشمەرگە بەکارهێناوە. هەندێ لەو پێشمەرگانە بەهۆی کاریگەریی ئەو چەکە تووشی تەنگەنەفەسی هاتوون. فەرماندەیەکی هێزی پێشمەرگە کە خۆی یەکێکە لە بەرکەوتووانی ئەو چەکەیە گوتی "ماددەی کلۆر بەکارهێنراوە".

ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند کە داعش چەکی کیمیایی لە دژی پێشمەرگە لە شەڕەکان بەکارهێناوە و نموونەی ئەو چەکەی بەکارهاتووە بۆ پشکنین نێردراوە بۆ چەند تاقیگەیەکی ئەورووپا و وەڵامەکەشی ئەوە بووە کە "بەڵێ ماددەی کلۆر وەکو چەک بەکارهاتووە".

ماددەی کلۆر کە دەبێتە هۆی تەنگە نەفەسی و یەکەمجار وەکو چەکی کیمیایی لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا بەکارهاتووە، بەگوێرەی ڕێککەوتنی قەدەغەکردنی چەکی کیمیایی کە لەساڵی 1997 ئیمزاکراوە، بەهیچ شێوەیەک نابێ بەکاربهێنرێ.

عەقید عومەر حەسەن نێروەیی، یەکێکە لەو پێشمەرگانەی چەکی کیمیایی بەرکەوتووە و دەڵێت چەکە کیمیاییەکە تەنیا 200 مەتر لە دووریی ئەوان تەقیوەتەوە "کاتەکە دوای بانگی ئێوارە بوو، ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراو بەرەو دووڕیانی حەردان دەهات کە تەنیا 8 کیلۆمەتر لە ڕۆژهەڵاتی مەزارگەی شەرفەددین لە چیای شنگال دوورە، هات و ویستی خۆی بە سەنگەرەکانی پێشمەرگەدا بتەقێنێتەوە، بەڵام پێش ئەوەی بگات، پێشمەرگە تەقەی زۆری لێکرد و تەقاندیانەوە". گوتیشی "کە تەقیەوە دووکەڵی سپی لێدەرچوو".

ئەو ئۆتۆمبێلە لە ڕۆژی 2015/1/23 تەقێندرایەوە. هەر هەمان ڕۆژ لە چوارڕیانی کەسکێ ئۆتۆمبێلێکی بارهەڵگر کە 20 بوتڵی گازی کلۆری تێدابوو، داعش ویستی بەهێزی پێشمەرگەیدا بتەقێنێتەوە، بەڵام لەلایەن پێشمەرگەوە ئەو هەوڵەش پووچەڵکرایەوە، نموونەیەکی ئەو گازەش برایە دەوڵەتێکی ئەورووپا بۆ پشکنین کە پاڵپشتی کورد دەکات لە شەڕی داعشدا.

ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان لە 2015/3/14 لە ڕێگەی دەرکردنی بەیاننامەیەک ئەنجامی ئەو تاقیکردنەوەیەی ئاشکرا کرد و تێیدا دەرکەوتووە کە داعش ماددەی کلۆری بەکارهێناوە.

عەقید عومەر نێروەیی دەڵێ "کاتێ ئۆتۆمبێلەکە تەقییەوە، هەموومان تەنگەنەفەس بووین، کاتێک بەرەو ئۆتۆمبێلەکە چووین دوای ئەوەی تەقییەوە، بوتڵی غاز و چەند سندووقێکی دیکەی ئاسنی تێدابوو، ماددەی کلۆر لەنێو ئەو بوتڵانە دانرابوو".

هەرچەندە جگە لە هەرێمی کوردستان هیچ لایەنێکی دیکە ئەوەی پشتڕاست نەکردووەتەوە کە ماددەی کلۆر وەکو چەکی کیمیایی بەکارهاتووە. بەڵام ئاژانسی ڕۆیتەرز بڵاوی کردووەتەوە کە ئەمریکا ئێستا بە وردی چاودێریی بەکارهێنانی ئەو چەکە ترسناکە دەکات.

فەرماندەیەکی باڵای هێزی پێشمەرگە دەڵێ "هیچ پێشمەرگەیەک بەهۆی ئەو چەکە کیمیاییە شەهید نەبووە".

عەمید بەهجەت تەیمەز یەکێک لە فەرماندەکانی هێزی زێرەڤانی و سەرپەرشتیاری ئەو میحوەرەی کە داعش مادەی کلۆری تێدا بەکارهێناوە، بە (ڕووداو)ی گوت "خۆم و زۆربەی پێشمەرگەکانم ئەوکاتە نزیک بووین لەو شوێنەی ئۆتۆمبێلەکەی لێ تەقییەوە، تووشی تەنگە نەفەسی بووین، بەڵام هەر زوو تیمە پزیشکییەکان گەیشتنە لامان و لە ڕێگای ئۆکسجینەوە چارەسەری سەرەتاییان بۆ کردین و توانیمان خۆمان ڕابگرین".

مالکۆلم داندۆ، پرۆفیسۆری ئاسایشی نێودەوڵەتی لە زانکۆی برادفۆرد کە شارەزایەکی بواری چەکی کیمیایی و بایۆلۆژییە، لەوبارەیەوە بە ئاژانسی ڕۆیتەرزی گوتووە "دەستکەوتنی کلۆرین لەم سەردەمەدا بۆ ئەو گرووپانە ئاسانە، چونکە زۆر کەس لە جۆری بەکارهێنانی دەتوانێت شارەزایی بەدەستبهێنێ".

بەرپرسێکی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بەبێ ئەوەی ناوی ئاشکرا بکرێت، باسی لەوە کردووە کە پێدەچێت داعش بەهۆی ئەو گوشارەی لە هێرشە ئاسمانییەکان و بەرەکانی جەنگدا لەسەری دروستبووە، پەنای بۆ بەکارهێنانی ئەو ماددەیە بردبێت.

ناوەندی سەربازیی ئەمریکا لە 2015/1/30 لە ڕێگەی بەیاننامەیەکەوە ڕایگەیاند کە "شارەزایەکی دروستکردنی چەکی کیمیایی لەنێو داعشدا لە ڕێگەی فڕۆکەکانی ئەمریکاوە کوژراوە. ئەو شارەزایە ناوی ئەبو مالیک بووە و ئەندازیاری چەکی کیمیایی بووە لەسەردەمی سەدام، دواتر لە ساڵی 2005 چووەتە ڕیزەکانی ئەلقاعیدە. بەڵام کاتێ داعش دروستبووە بووەتە ئەندامی ئەو ڕێکخراوە و هاوکاریی کردوون لە دروستکردنی چەکی کیمیایی".

مامۆستایەکی بەشی کیمیا لە زانکۆی زاخۆ کە شارەزایی لەو بوارەدا هەیە، دەڵێت "ماددەی کلۆر مادەیەکی غازییە لە (ئۆکسیدی ترشی هایدرۆکلۆریک) دروستدەکرێت، کاریگەرییەکی خراپی لەسەر تەندوستی مرۆڤ و سەرجەم بوونەوەرەکانی دیکە هەیە، نەخۆشییەکانی وەک هەوکردن، تەنگەنەفەسی و شێرپەنجەی گورچیلە دروست دەکات.

دەربارەی چۆنیەتی دروستکردنی غازی کلۆر، مامۆستا ئیبراهیم عەلی محەممەد بە (ڕووداو)ی گوت "دروستکردنی غازی کلۆر زۆر ئاسانە، تەنانەت دەتوانین لە نێو تاقیگەکانی خۆشمان دروستی بکەین".

# "70%ی گازی کیمیایی عێراق لە کۆمپانیا ئەڵمانییەکان کڕدراوە"



**زنار شینۆ**
**ڕووداو- دوسلدۆرف**

بەپێی بەدواداچوونی ڕۆژنامەنووسێکی ئەڵمانی، 70%ی ئەو چەکە کیمیاییەی لەژێر دەستی ڕژێمی پێشووی عێراقدا بووە، لەلایەن کۆمپانیا ئەڵمانییەکانەوە دابینکراوە. ئەو کۆمپانیایانە ڕۆڵێکی کاراشیان هەبووە لە پێشخستنی چەکی کیمیایی لە عێراق.

پێش یەکگرتنەوەی هەردوو ئەڵمانیا و لە مانگی مایسی 1988 دا، لەسەر داوای سێ پەرلەمانتاری فراکسیۆنی پارتی سەوزی ئەڵمانی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە خرایە نێو بەرنامەی کاری پەرلەمانەوە لە شاری بۆن. دواتر گۆڤاری "دێر شپیگڵ" ڕاپۆرتێکی شیکاری لەسەر تێوەگلانی کۆمپانیا ئەڵمانییەکان لە دابینکردنی چەکی کیمیایی بە ڕژێمی پێشووی عێراق بڵاوکردەوە.

کۆمپانیای "کارڵ کۆڵب" کە دەگوترێ کەرەستەی سەرەتایی بۆ بەرهەمهێنانی چەکی کیمیایی بە عێراق فرۆشتووە، لە هەمووان زۆرتر ناوی دێت. ئەو کۆمپانیایە لە ساڵی 1981 گرێبەستێکی بە بەهای 3 ملیۆن مارک لەگەڵ عێراق واژۆ کردووە و ئۆفیسێکی خۆی لە بەغدا کردووەتەوە.

دیتەر باکفیش، بەڕێوەبەری ئەو کاتەی کارڵ کۆڵب لەبارەی بەرهەمەکانی کۆمپانیاکەیان دەڵێت "بۆ ئەڵمانەکان لە ئەڵمانیا گازی ژەهراوی شتێکی زۆر مەترسیدارە، بەڵام بۆ کڕیارەکان لە دەرەوە هیچ ناڕەحەتی نییە". ئەو قسەیەی باکفیش دەبێتە هۆکاری ڕاکێشانی بۆ لێپرسینەوە لەلایەن دەزگای هەواڵگریی ئەڵمانیا و چەندین کەسی دیکەش لێپرسینەوەیان لەگەڵدا دەکرێت، بەڵام هیچیان سزا نادرێن.

ساڵی 1989 جارێکی دیکە ئەم مژارە دەبێتە ڕۆژەڤی میدیایی و سیاسی لە ئەڵمانیا، ئەمجارە ناوی زیاتری کۆمپانیا ئەڵمانیەکان دەهێنرێت، تەنانەت کڕیارەکانیش زۆرتر دەبن وەک ئێران، لیبیا و سووریا.

هێلمۆت کۆهل، ڕاوێژکاری ئەوکاتەی ئەڵمانیا داوا لە وەزیرەکانی دەکات بە هەر شێوەیەک بێت، کۆتایی بەو کێشەیە بێنن. بەپێی زانیارییەکانی دێر شپیگل، کۆهل لە کۆبوونەوەیەکدا گوتوویەتی "بەهەر شێوەیەک بێت، ئەم کێشەیەم لە یەخە بکەنەوە". کەچی کێشەکە کۆتایی نەهات و تەنیا چەند دۆسیەیەکی ئەو کۆمپانیایانە گەیشتنە بەردەستی داواکاری گشتی. بەڵام هیچیان لێ شین نەبوو، چونکە هیچ بەڵگەیەک نەبوو لەسەر تێوەگلانی کۆمپانیاکان بەو کارە.

بەپێی دۆکیۆمێنتێکی وەڵامی حکومەتی ئەڵمانیا بۆ پرسیاری پەرلەمانتاران لە نێوان ساڵانی 1984 تاوەکو 1990 ڕێگە بە فرۆشتنی کەرەستەی چەکی کیمیاوی بۆ 39 وڵات بە بەهای 239 ملیۆن مارک دراوە، لەو دۆکیۆمێنتەدا باس لە عێراق ناکرێت کە چەندی بەردەکەوێت.

هەر لە وڵامدانەوەی پەرلەمانتاراندا بۆ ئیدانەکردنی کیمیابارانی هەڵەبجە، حکومەتی ئەڵمانیا دەڵێت "ئێمە پشتگیریمان لە دەرکردنی بڕیاری ژمارە 612ی ئەنجوومەنی ئاسایش لە نیسانی 1988 و هەروەها بڕیاری 620 لە ئابی 1988 کردووە و بە توندی ئیدانەی بەکارهێنان، بەرهەمهێنان و فرۆشتنی چەکی کیمیایی دەکەین".

### "هەناردەکارانی مردن"

ڕۆژنامەنووسی ئەڵمان، هانس لایندێکەر ماوەی ساڵێک لێکۆڵینەوەی لە تێوەگلانی کۆمپانیا ئەڵمانییەکان لە بەرهەمهێنانی چەکی کیمیایی عێراق کردووە، دواتر لە ساڵی 1990 ئەنجامی بەدواداچوونەکەی لە پەرتووکێکدا بەناوی "هەناردەکارانی مردن: سکانداڵی چەکفرۆشەکانی ئەڵمانیا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست" بڵاوکردەوە.

هانس ناوی ئەو کۆمپانیایە دەهێنێت کە کەرەستەی سەرەتایی بەرهەمهێنانی چەکی کیمیاوی و ئەتۆمی، هەروەها دروستکردنی مووشەکی سکۆد و سادی بە عێراق فرۆشتووە.

ڕۆژنامەنووسە ئەڵمانەکە لە پەرتووکەکەیدا ئاشکرای دەکات کە "70%ی ئەو گازە کیمیاییەی لە عێراق دروستکراوە بەهاوکاری کۆمپانیا ئەڵمانییەکانی ئەم بوارە بەرهەم هاتووە، هەروەها 90%ی پرۆگرامی پێشخستنی مووشەکی سکۆدی عێراقی بە هاوکاری ئەڵمانەکان بووە، تەنانەت پسپۆڕێکی مووشەکەکان لە دەزگای هەواڵگریی ئەڵمانیا BND یەکێک بوو لە کەسە سەرەکییەکانی ئەو پرۆگرامە".

هەروەها دەڵێت "کۆمپانیا ئەڵمانییەکان ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕن لە پرۆگرامی کیمیایی عێراق و پیتاندنی یۆرانیۆمدا، دەزگای فیدراڵی ئابووریی ئەڵمانی هاوکاریی ئەو کۆمپانیایانەی کردووە لە مۆڵەتپێداندا".

### "با دووبارە نەبێتەوە"

"با دووبارە نەبێتەوە، بەشداری کۆمپانیا کیمیاویەکانی ئەڵمانیا لە جینۆسایدکردنی کورد". ناونیشانی لێکۆڵینەوەی پرۆفیسۆرێکی ئەڵمانە بەناوی مایکل کێڵ لە کۆلیژی یاسای سەر بە زانکۆی کرێیەتون لە سانفرانسیسکۆ.

ناوبراو باسی ڕۆڵی کۆمپانیا کیمیاویەکانی ئەڵمانیا دەکات لە پێشخستنی چەکی کیمیایی لە عێراق و بەکارهێنانی ئەو چەکانە لە جینۆسایدکردنی کورددا. مایکڵ کێڵ دەڵێت ئەو کۆمپانیایانە کە ژمارەیان 12 کۆمپانیایە، زۆربەیان ئێستاش بەردەوامن لە کارکردن.

**ناوی ئەو 12 کۆمپانیا ئەڵمانیەی چەکی کیمیاییان بە عێراق فرۆشتووە:**

1 ـ هێربێرگەر باو: بۆ ئەندازیاری مەدەنی و بنیاتنان
2 ـ کارڵ کۆلب، بۆ پیشەسازیی تاقیگە زانسییەکان
3 ـ لودڤیگ هاممەر، بۆ دروستکردنی بۆڕی نەوت و گاز و کەناڵەکانی ئاودێری
4 ـ سەیلکوت، بۆ پێشخستن و بەرهەمهێنانی کەرەستەی کیمیایی
5 ـ کلۆگنەر ئیندوستری، بۆ بەرهەمهێنانی ئاسن و پۆڵا
6 ـ شوت گلاس بۆ بەرهەمهێنانی شووشە.
7 ـ پرویساک بۆ بەرهەمهێنانی گازی ئەعساب
8 ـ ڕاینینگهاوز شێمی، گازی خەردەل و ئەعساب بە عێراق فرۆشتووە
9 ـ تافیسا بۆ بەرهەمهێنانی دار و تەختە، ئێستا گوازراوەتەوە بۆ پۆرتوگال، گازی خەردەلی بە عێراق فرۆشتووە.
10 ـ وێکو کە خۆی وەک کۆمپانیای کارەبا دەناسێنێ، گازی ئەعسابی بە عێراق فرۆشتووە.
11 ـ مارتین مێرکل بۆ بەرهەمهێنانی هایدرۆلیک، کۆمپانیایەکی هاوبەشە لەگەڵ دانیمارک، فەرەنسا، ئێرلەندا، ئیتاڵیا و مالیزیا.
12 ـ لێڤا هێربێرت، بۆ بەرهەمهێنانی پەمپ.

**چەند کۆمپانیایەکی دیکە کە چەکی کیمیاویان بە عێراق فرۆشتووە:**

1 ـ وەبیر، کۆمپانیایەکی ئەندازیارییە/ بەریتانیا
2 ـ پولن پامپس بۆ بەرهەمهێنانی پەمپ/ بەریتانیا
3 ـ ئۆکسوید، کۆمپانیای بواری مایکرۆبایۆلۆژییە/ بەریتانیا
4 ـ گالن کامپ بۆ بەرهەمهێنان و دیزاینکردنی فڕن و کۆنترۆڵی ژینگە/ بەریتانیا
5 ـ هاوکە بۆ بەرهەمهێنانی پەمپ و پێداویستیەکانی/ نەمسا
6 ـ مێلخێمی/ هۆڵەندا، گازی خەردەل و ئەعسابی بە عێراق فرۆشتووە.
7 ـ کەی بی ئێس/ هۆڵەندا، ئێستا نەماوە، گازی خەردەل و ئەعسابی بە عێراق فرۆشتووە
8 ـ هویکست بۆ پێشخستن و بەبازاڕکردنی بەرهەمەکانی دەرمانسازی/ فەرەنسی. گازی ئەعسابی بە عێراق فرۆشتووە.
9 ـ فلۆکا شێمی بۆ بەرهەمهێنان و فرۆشتنی کەرەستەی کیمیایی و بایۆکیمیایی/ سویسرا
10 ـ زولتسەر/ سویسرا.
11 ـ گیورگ فیشەر/ سویسرا.
12 ـ یورۆماک بۆ هەناردەکردنی ماکینە و تابلۆی ئاسنین/ هۆڵەندا.

رووداو
راپۆرت
ژمارە (351) دووشەممە 2015/3/16

## "گۆڕان یەک دیناری لەم حکومەتە وەرنەگرتووە"

**رووداو- هەولێر**

عەلی حەمە ساڵح، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان دەڵێ لەوەتەی بزووتنەوەکەیان بەشداری لە کابینەی هەشتی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا کردووە، یەک دیناری لە حکومەت وەرنەگرتووە، بەدووریشی دەزانێ ئەمساڵ بودجەی حیزبەکان بدرێت. ئەو پەرلەمانتارە دەڵێ "هەتا قەیرانی دارایی هەبێت، حیزبەکانی هەرێمی کوردستان هیچ بودجەیەکیان پێنادرێت، ئەگەر ئەمساڵ پارە مایەوە و حکومەت قەرزی لەسەر نەما، ئەوکاتە بودجەی حیزبەکان دەدرێت، ئەوەش ئەگەرێکی دوورە".

ئاشتی هەورامی، وەزیری سامانە سروشتییەکان:

# لە تورکیا نەوتی کوردستان دەدزرێ



(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

**هێڤیدار ئەحمەد**
**رووداو- هەولێر**

وەزیری سامانە سروشتییەکان ئاشکرای دەکات کە ئێستا لە جیاتی 250 هەزار بەرمیل نەوت، لە رۆژێکدا 275 هەزار بەرمیل لە نەوتی کوردستان رادەستی بەغدا دەکەن. هەروەها دەڵێ "قازانجی هەرێمی کوردستان لەوەدایە لەگەڵ بەغدا کاربکات".

ئەو قسانە لەکاتێکدایە کە حەیدەر عەبادی، سەرۆک وەزیرانی عێراق لە کۆبوونەوەیەکی داخراودا بە شاندی کوردیی گوتووە "دەزانین تاوەکو سێ مانگی دیکە کوردستان پێویستی بە بەغدا نامێنێ و بەتەنیا نەوتی خۆتان دەفرۆشن".

دەمێکە مشتومڕی نێوان هەولێر و بەغدا لەسەر ئەوەی کێ پابەندی ڕێککەوتنەکەیە و کێ ڕێککەوتنی نەوتیی نێوان هەردوولا پێشێل دەکات، گەرمە. بەتایبەت دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە سێ مانگ بەسەر ئیمزاکردنی ڕێککەوتنەکە هێشتا بەغدا نەگەیشتووەتە ئەو قەناعەتەی مووچە و بودجەی هەرێمی کوردستان بنێرێت و دەڵێت هەرێمی کوردستان پابەند نەبووە بەو ڕێککەوتنە.

وەزیری سامانە سروشتییەکان لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ کەناڵی ئاسمانیی (رووداو) کە بەم نزیکانە بڵاودەکرێتەوە، گوتی "هەر لە سەرەتاوە بە بەغدامان گوتووە بە تێکڕای ساڵی 2015 دەتوانین رۆژانە 250 هەزار بەرمیل رادەستی SOMO بکەین، جاری وا هەیە کەمترە لە 250 هەزار بەرمیل و جاری واش هەیە بەگوێرەی ئەو خشتەیەی دامانناوە، زۆر زیاترە لە 250 هەزار بەرمیل نەوت".

رۆژی 2015/12/2 نێچیرڤان بارزانی، سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان لە بەغدا لەگەڵ حەیدەر عەبادی، سەرۆک وەزیرانی عێراق گەیشتە ڕێککەوتنێک. بەگوێرەی ئەو ڕێککەوتنە، هەرێمی کوردستان 550 هەزار بەرمیل نەوت لە بەندەری جیهانی تورکیا رادەستی عێراق دەکات کە 300 هەزار بەرمیلیان لە نەوتی کەرکووک دەبێت.

بەڵام هەرێمی کوردستان توانای هەناردەکردنی زیاتر لە 250 هەزار بەرمیل نەوتی خۆی هەیە لە رۆژێکدا.

د.ئاشتی هەورامی بۆ یەکەمجار هەندێ خاڵی ڕێککەوتنەکە ئاشکرا دەکات و دەڵێت "بەغدا دەزانێ ئێمە زیاتر لە 250 هەزار بەرمیل نەوت دەنێرینە تورکیا، بەڵام تەنیا 250 هەزار بەرمیل رادەستی ئەوان دەکەین و لەسەر ئەمە ڕێککەوتووین". گوتیشی "تەنانەت بەغدا بەوەش رازی بووە کە ئەو نەوتە زیادەی هەمانە، بەهەمان نرخی نەوتی عێراق لە بازاڕەکان بفرۆشین، ئەمەش دانپێدانانێکی عێراقە بەو نەوتەی هەمانە و زیادە و دەیفرۆشین".

سەبارەت بە رەخنەکانی بەغدا لە هەرێمی کوردستان کە پابەندی ڕێککەوتنەکە نەبووە و لەبەرئەوەش ناتوانن بودجەی کوردستان رەوانە بکەن، ئاشتی هەورامی دەڵێ "بەغدا لە 7 رۆژی یەکەمدا کردیان بە هەرا کە هەرێمی کوردستان 250 هەزار بەرمیل نەوت نانێرێ، لەگەڵ بەغدا لەسەر ئەوە ڕێککەوتووین کە بە تێکڕا ساڵی 2015 رۆژانە ئەو بڕە هەناردە دەکەین". گوتیشی "ئێستا تەنیا لە نەوتی کوردستان رۆژانە 275 هەزار بەرمیل هەناردە دەکەین و رادەستی عێراقی دەکەین و بەردەوام دەبین لە زیادکردنی هەناردە تاوەکو ئەوەی پێشتر بە کەمیمان ناردووە پڕبکەینەوە".

لە بەندەری جیهانی تورکیا، حکومەتی عێراق سەرپشکە لەوەی ئەو نەوتەی لە کوردستان وەریدەگرێ بەکێی بفرۆشێ. ئاشتی هەورامی ناڕەحەتە لەوەی بەغدا لە فرۆشتنی نەوت ناوی کوردستان ناهێنێ و دەڵێ "عێراق بەناوی نەوتی کەرکووکەوە نەوتی کوردستانیش دەفرۆشێ، هەرچەندە ئەمە موخالەفەیە، بەڵام ئەوەشمان قبووڵ کردووە".

### خشتەکەی ئاشتییان بە دڵە

ئاشتی هەورامی ئەوەشی روونکردەوە کە دەبووایە بە گوێرەی ڕێککەوتنەکە کۆمپانیای نەوتی باکوور لە نەوتی کەرکووک رۆژانە "300 هەزار بەرمیل رادەستی ئێمە بکات، بەڵام لەبەر کێشە تەکنیکییەکان نیوەی ئەو ژمارەیە رادەستی ئێمە دەکات".

هەورامی نەوتی بەسرای بە نموونە هێنایەوە بۆ مەسەلەی سزادانی هەرێمی کوردستان لەسەر کێشە تەکنیکییەکان و گوتی "دەبێ بەسرا رۆژانە دوو ملیۆن و 700 هەزار بەرمیل نەوت هەناردە بکات، بەڵام ئێستا نزیکەی دوو ملیۆن بەرمیل هەناردە دەکات، باشە کێ بەسرا سزا بدات! ئەوان تەنیا هەرێمی کوردستان سزا دەدەن".

وەزیری سامانە سروشتییەکان ناوەڕۆکی کۆبوونەوەیەکی خۆی لەگەڵ عادل عەبدولمەهدی، وەزیری نەوتی عێراق لەسەر مەسەلەی هەناردەکردنی نەوتی کوردستان ئاشکرا دەکات و دەڵێت "رۆژی 2015/1/8 عادل عەبدولمەهدی هاتە هەولێر و پێکەوە کۆبووینەوە، خشتەیەکم لەسەر هەناردەکردنی نەوتی کوردستان ئامادە کردبوو کە رۆژانە و تاوەکو کۆتایی 2015 چەند نەوت دەنێرین و چۆن ئیلتیزامی خۆمان بە جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکە نیشان دەدەین". گوتیشی "وەزیری نەوتی عێراق زۆر خۆشحاڵ بوو بەو خشتەیە، تەنانەت زۆر مەدحی کرد و گوتی خۆزگە هەر لەسەرەتاوە ئەو خشتەیەم لەبەردەست بووایە، ئەوکات کەس قسەی نەدەکرد".

هەرچەندە بەپێی ڕێککەوتنەکەی نێوان هەولێر و بەغدا و بگرە لە یاسای بودجەی 2015ی عێراقیشدا هاتووە کە هەرێمی کوردستان پابەندە بە ناردنی 250 هەزار بەرمیل نەوت، بەڵام ئێستا بەرپرسانی عێراق داوا لە هەرێمی کوردستان دەکەن نەوتی زیاتر رادەستی بەغدا بکەن.

ئاشتی هەورامی دەڵێ "لەگەڵ بەغدا ڕێککەوتنمان کردووە نەوتی زیادەی کوردستان بفرۆشین، تەنانەت بەغدا گوتی رازین و هەر بەو نرخە بیفرۆشن کە عێراق دەیفرۆشێ". سەبارەت بە داهاتی ئەو نەوتە گوتی "بۆ دابینکردنی مووچەی 2014 و مانگەکانی دیکە قەرزمان کردووە لە کۆمپانیاکان بەرامبەر ئەوەی نەوتیان بدەینێ، ئێستا بەم نەوتە قەرزەکانی خۆمان دەدەینەوە".

بەگوێرەی زانیارییەکانی (رووداو)، لە دوای کۆبوونەوەی نێوان شاندی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق، حەیدەر عەبادی، سەرۆک وەزیرانی عێراق بە شاندی هەرێمی کوردستانی گوتووە "چاک دەزانین تاوەکو سێ مانگی دیکە کوردستان پێویستی بە بەغدا نامێنێ و بە تەنیا نەوتی خۆتان دەفرۆشن".

حکومەتی عێراق لە کابینەی پێشوو بە سەرۆکایەتی نووری مالیکی، بودجەی 2014ی هەرێمی کوردستانی بڕی. بەگوێرەی راپۆرتی وەزارەتی دارایی عێراق، حکومەتی عێراق لە 2014دا 16 تریلیۆن قەرزداری هەرێمی کوردستانە. ئاشتی هەورامی گوتی کە "بە بەغدامان گوت پارەی 2014ی هەرێمی کوردستان خەرج بکەن، نەوتی زیادەی هەرێمی کوردستان هەمووی دەدەینە بەغدا، بەڵام عەبادی گوتی پارەمان نییە بیدەین".



### نێچیرڤان بارزانی مەرجی هەیە

بەگوێرەی ئەو خشتەیەی بە بەغدا دراوە، وەک هەورامی دەڵێ، هەرێمی کوردستان "97% پابەندی ڕێککەوتنەکە بووە. بەڵام عادل عەبدولمەهدی، وەزیری نەوتی عێراق لە دیداری سلێمانی لە رۆژی 2015/3/12 رایگەیاند کە هەرێمی کوردستان 40% پابەندی ڕێککەوتنەکە بووە".

ئاشتی هەورامی دەڵێ "ئەگەر بەوەی بەغداش بێ، دەبێ لە مانگی دوو حکومەتی عێراق 440 ملیۆن دۆلار بداتە هەرێمی کوردستان کە تاوەکو ئێستا پارەکە نەدراوە". گوتیشی "ئێستا نەوتی خۆمان دەدەینە بەغدا، بەڵام بەغدا نیوە و بگرە چارەکی داهاتی نەوتی خۆمان نەداتەوە".

حکومەتی هەرێمی کوردستان دەڵێ تەنیا بۆ دابینکردنی مووچەی مانگێکی فەرمانبەران و هێزە ئەمنییەکان و پێشمەرگە پێویستی بە 850 ملیار دینار هەیە کە بەپێی قسەی وەزیری دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان 303 ملیار دیناری بۆ مووچەی هێزە ئەمنییەکانە.

بڕیار بوو شاندێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی نێچیرڤان بارزانی سەردانی بەغدا بکات، بەڵام (رووداو) لە سەرچاوەیەکی باڵای وەزارەتی دارایی عێراقەوە زانیویەتی کە نێچیرڤان بارزانی مەرجی هەیە بۆ ئەو سەردانە و دەڵێ "تاوەکو بەغدا مووچەی مانگی دوو رەوانەی هەرێمی کوردستان نەکات سەردانەکەی شاندی کوردستان بۆ بەغدا ئەنجام نادرێ". ئەو سەرچاوەیە گوتیشی "پێدەچی لە نزیکترین کاتدا مووچەکە بگات".

پێشتر نێچیرڤان بارزانی لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) گوتبووی بۆ دابینکردنی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان ئامادەم هەموو رۆژێک سەردانی بەغدا بکەم.

### نەوتی کوردستان لە تورکیا دزراوە

وەزیری سامانە سروشتییەکان زانیاری زیاتر لەبارەی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان دەخاتەڕوو "لە مانگی سێ، چوار رۆژ هەناردەکردنی نەوت وەستاوە، چونکە لە تورکیا خەڵک بۆڕی نەوتیان شکاندووە و نەوتەکەیان دزیوە".

هەروەها گوتی "لە سەرەتای ئەمساڵەوە تاوەکو ئێستا 12 رۆژ هەناردەکردنی نەوت راوەستاوە".

دەربارەی ئەوەی ئاخۆ ئەگەر کێشەیەکی وەها بێتە پێش و کوردستان نەوتی خۆی رەوانە نەکات، هەڵوێستی بەغدا چی دەبێ، ئاشتی هەورامی دەڵێ "لەگەڵ بەغدا ڕێککەوتووین کە ئەگەر بەدەر لە ئیرادەی ئێمە نەوت هەناردە نەکرا، ئەوا هەرێمی کوردستان خەتابار نەکرێ".

لەگەڵ زیادبوونی هەڕەشەکانی داعش، بەشێکی زۆری کۆمپانیاکانی بواری وەبەرهێنانی نەوت کە لە هەرێمی کوردستان کاردەکەن، کارەکانی خۆیان هەڵپەسارد، بەڵام ئاشتی هەورامی گوتی "ئێستا هەموو کۆمپانیاکان گەڕاونەتەوە و دەستیان بەکاری خۆیان کردووەتەوە".

### کورد دوو مانگی دیکە بێ منەت دەبێ

زیاتر لە جارێک خودی وەزیری سامانە سروشتییەکان رایگەیاندووە کە هەرێمی کوردستان تاوەکو کۆتایی 2015 لە توانایدا دەبێ لە رۆژێکدا ملیۆنێک بەرمیل نەوت بەرهەم بێنێ، بەڵام ئێستا وەرزێکی ساڵ رۆیشتووە و توانای بەرهەمهێنان نەگەیشتووەتە نیو ملیۆن بەرمیل نەوت.

ئاشتی هەورامی دەڵێ "راستە، سێ ساڵ لەمەوبەر پلانی ئەوەمان دانابوو کە تاوەکو کۆتایی 2015 رۆژانە یەک ملیۆن بەرمیل نەوت بەرهەم بێنین، بەڵام شەڕی داعش بووە هۆی ئەوەی ئەو پلانە سێ بۆ شەش مانگ دوابکەوێ". هەورامی هەروەها گوتی "دەتوانین تاوەکو کۆتایی ئەمساڵ ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت بگەیەنینە 750 هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا".

وەزیری سامانە سروشتییەکان نایشارێتەوە کە لە مانگی "چوار یاخود لە مانگی پێنجی ئەمساڵەوە هەرێمی کوردستان دەتوانێ بەنەوتی خۆی بەبێ بەغدا ئەو بودجەیەی بەغدا بۆ هەرێمی کوردستانی داناوە کە 17%ی بودجەی گشتیی عێراقە، دابین بکات و تاوەکو کۆتایی ساڵیش دەتوانێ بە زیادەوە دابینی بکات و پێویستی بە بەغدا نەبێ".

## عادل عەبدولمەهدی، وەزیری نەوتی عێراق:

# عێراق 100 ساڵە بودجەی خۆی بۆ دژایەتی کورد بەکاردێنێ

■ ڕاپۆرتی ڕوون و شەفافم لەبەردەست نییە

■ دەبێ هەموو داهاتی نەوتی کوردستان بێتە نێو خەزێنەی دەوڵەت

■ لەگەڵ سزادانی بەکۆمەڵدا نین

■ دۆستایەتیەکی قووڵی لەگەڵ کورد هەیە، بە ئەندازیاری ڕێککەوتنی ئەم دواییەی نێوان هەولێر و بەغدا دادەنرێت، بۆیە ئێستا لە بەغدا ڕووبەڕووی ڕەخنەی زۆر بووەتەوە. لەگەڵ ئاشتی هەورامی، وەزیری سامانە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستان لە دیداری سلێمانی بووە مشتومڕیان لەسەرئەوەی کێ بەرپرسە لە جێبەجێنەکردنی ڕێککەوتنی نێوان هەولێر و بەغدا. عادل عەبدولمەهدی، وەزیری نەوتی عێراق، لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (تۆڕی میدیایی ڕووداو) دەڵێ "دەبێ هەموو داهاتی نەوتی کوردستان بێتە نێو خەزینەی عێراق و بەغداش برا گەورەیی خۆی نیشان بدات". هەروەها قسەی دڵی زۆربەی کورد دەکات و دەڵێت "عێراق 100 ساڵە بودجەی خۆی بۆ دژایەتی کورد بەکاردێنێ".

هەڤپەیڤین: هیڤیدار ئەحمەد

**ڕووداو: قسەیەک هەیە دەڵێ "مل بپەڕێنە، بەڵام قووت مەبڕە". بۆچی عێراق سوورە لەسەر بڕینی بودجەی هەرێمی کوردستان؟**

**عادل عەبدولمەهدی:** من لە ریزەکانی گەلی کورددا جەنگاوم و گیانی خۆم لە پێناویدا دەکردە قوربانی، بۆیە قبوڵ ناکەم قووتی ببڕدرێت، کەسیش نایەوێت ڕزقی هاووڵاتیان ببڕدرێت، پێموایە هەموو لایەک لە تەنگژەی دارایی عێراق تێدەگەن. پێویستە هەمووشیان بەرگەی بەرپرسیارێتی خۆیان بگرن سەبارەت بەو تەنگژەیەی عێراق، حکومەتی پێشوو ڕێکار و سیاسەتی ڕاستی نەگرتووەتەبەر، بۆیە داوای گۆڕینمان کرد، بەڵام ئێمە بەتەنیا وەکو هێزێکی سیاسی ئەو حکومەتەمان پێکنەهێناوە، هەرێمی کوردستانیش بەرپرسیارێتی پێکهێنانی ئەو حکومەتەی لەئەستۆیە بەپێی ئەو ڕێککەوتنانەی لە ساڵی 2010 ەوە واژۆکراون، بۆیە دەبێت دادپەروەرانە بین، نابێت بەرپرسیارێتی بخەینە ئەستۆی لایەنێکەوە، هەموومان بەرپرسیارین. ئێمە نەوتمان هەیە، بەڵام ئەم دۆسیەیە بەشێوەیەکی خراپ بەڕێوەبردراوە.

**ڕووداو: لە تەواوی عێراق؟**

**عادل عەبدولمەهدی:** لەلایەن حکومەتی ناوەندی بەشێوەیەکی خراپ بەڕێوەبردراوە، بەڵام زانیاری پێویستم نییە لە هەرێمی کوردستان چۆن بەڕێوەبردراوە. سروشتی گرێبەستەکانی کوردستان نازانم چۆنە، بڕی بەرهەمهێنراو و هەناردەکراوی کوردستان نازانم چەندە، ڕاپۆرتی ڕوون و شەفافم لەبەردەست نییە وەکو وەزیری نەوتی عێراق لەبارەی ئەوە. پرسی موستەحەقاتەکان پەیوەندی بە وەزارەتی داراییەوە هەیە کە ئێستا بەڕێز وشیار زێباری بەڕێوەی دەبات. ئەو بەتەواوی دەزانێ لە وەزارەتی دارایی چ دەگوزەرێ، بەڵام من وەکو وەزیری نەوت یەکەم کەس بووم دەستپێشخەریم کرد بۆ کۆتاییهێنان بەو کێشەیە، ئێمە هاتینە هەولێر، دواتر لە مانگی تشرینی دووەمی ڕابردوو ڕێکەوتنێکمان کرد، ڕووبەڕووی بەرهەڵستی زۆر لایەنی سیاسی بووینەوە و گومانی زۆریان هەبوو، تەنانەت لە شوێنەکانی دیکەش بەتایبەتی لە بەغدا.

**ڕووداو: شوێنەکانی دیکە مەبەستت دەرەوەی عێراقە؟**

**عادل:** بەڵێ، چونکە ئەو شیکردنەوە و زانیاریەی پێشکەشکرابوون دروست نەبوون، بەدرێژایی چەند ساڵی ڕابردوو، گومان دەکرا لەوەی هەناردەکردنی نەوت لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە وەکو بلێی مافێکی لەسەرووی مافەکانی هەرێمی کوردستانەوەیە، بۆیە بودجە ڕاگیرا بۆ ماوەی چەند مانگێک. لە 14ی تشرینی دووەمی ڕابردوو هەوڵماندا چارەسەری گونجاوی بۆ بدۆزینەوە، بێگومان ڕێککەوتین لەسەر 150 هەزار بەرمیل کە ڕادەستی حکومەتی ناوەندی بکرێت لەبەرامبەر 500 ملیۆن دۆلار، ئەمە نرخی 150 هەزار بەرمیل نەوتەکە نییە بەڵکو نیشانەی نیازپاکییە، وەکو ئەوە وایە من بە چەپکێ گوڵەوە بێمە لای تۆ، تۆش بە قوتویەکی چوکلێت بێیتە لای من.

**ڕووداو: مەبەستت چوکلێت لە هەولێرەوە؟**

**عادل عەبدولمەهدی:** بەڵێ بۆ نموونە، ئەوە مانای ئەوە نییە کە بەرامبەر یەکدیە، بەڵکو مانای ئەوەیە دەمانەوێ لاپەڕەیەکی نوێ هەڵبدەینەوە و سیاسەتە هەڵەکان تێپەڕێنین کە پێشتر هەبوو، پاشان گەیشتینە ڕێککەوتنێکی گەورەتر، پەنا بەخوا بەرەو ڕێکەوتنێکی گەورەتر هەنگاو دەنێین، بەشێوەیەک هەموو کون و کەلەبەرەکانی پێشووی نێوان هەولێر و بەغدا بگرێت، ئێمەش ئەمڕۆ لەو بەرگریکارانەین کە دەبێ مافەکانی هەرێمی کوردستان بە تەواوی بدرێت، هاوکات لەو بەرگریکارانەین کە دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەرکەکانی خۆی لە بەرامبەر حکومەتی ئیتیحادی جێبەجێ بکات.

**ڕووداو: فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان پرسیار دەکەن و دەڵێن ئایا بەغدا مووچەی ئێمە دەنێرێ؟**

**عادل عەبدولمەهدی:** ئێمە لە پێناوی ئەمەدا دەجەنگین. لەگەڵ سزادانی بەکۆمەڵدا نین، یان گرێدانی نەوت بە مووچە، پێویستە بگەینە چارەسەر بۆ ئەم پرسانە، بەڵام شتی دیکە هەیە لایەنەکانی دیکە دەیخەنەڕوو، حکومەت تاقە کەسێک نییە، حکومەت هاوسەنگییە لە نێوان چەند لایەنێک، هەیە 100% لەگەڵیدایە، 50% لەگەڵیدایە، هەشیانە 100% لەگەڵیدا نییە، لەسەر سەرۆک وەزیران و ئەنجوومەنی وەزیرانە هەموو ئەو هاوسەنگیانە لەبەرچاو بگرێت، لۆژیکێک هەیە دەڵێت تاوەکو ئێستاش هەرێمی کوردستان بۆ بەرژەوەندی خۆی بڕێک نەوت هەناردە دەکات، نازانین بڕەکە چەندە، بەپێی دستوور دەبێ ئەو بڕە نەوتە بۆ هەموو گەلانی عێراق بێت، نەک بۆ تاقە لایەنێک، بۆیە دەبێ ئەو بڕە نەوتە بزانرێت بەشێوەیەک لە شێوەکان بەشێکی خەرجییەکان بۆ هەرێمی کوردستان پڕدەکاتەوە، پێویستە لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان باش لەو پرسە تێبگات، چونکە ئەمە کێشەی بەدوادا دێت.

**ڕووداو: هەڵەکە لە کوێیە لە ئیدارەکردن و جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی نەوتی لەگەڵ هەرێمی کوردستان؟**

**عادل عەبدولمەهدی:** نەخێر هەڵەکە مێژووە، من نامەوێ هەڵەکە بخەمە ئەستۆی کەسێک یان لایەنێک، ئەگەر سەرکردەو بەرپرسان سوود لە مێژوو و کات وەرنەگرن بۆ دروستکردنی بڕیار و سیاسەت و یاسای ڕاستەقینە، ئەوە ئەنجامی هەڵەی لێدەکەوێتەوە، شتی وای لێدەکەوێتەوە کە لایەنێک قبوڵی دەکات، بەڵام لەوانەیە لایەنەکەی دیکە قبوڵی نەکات، یەکەم هەڵەی مێژوویی لە پەسەندکردنی یاسای نەوت و غاز ئەوە بوو کە زۆر دواکەوتین، کێ بەرگەی بەرپرسیارێتی دەگرێت، حکومەتی بەغدا یان هەرێمی کوردستان. تێگەیشتنی ئەو لایەنە جیاوازە لە تێگەیشتنی لایەنەکەی دیکە، ڕێگەش نادات بگەنە ڕێککەوتن، ئایا ئەلتەرناتیڤ چییە؟ بۆیە پێویستە هەموومان بەرپرس بین لەکاری مێژووییمان، ئەگەر ئەمڕۆ نەگەینە ڕێککەوتن دوای ماوەیەکی دیکە باجەکەی دەدەین، وەک چۆن ئەمڕۆ باجەکەی دەدەین بەهۆی ئەو کەمتەرخەمیانەی پێشتر لە یاسای نەوت و غاز و یاسای داهاتە داراییەکان کراوە، چونکە کاتێک یاسایەک دادەڕێژی هەموویان دەستوور شیدەکەنەوە، دەستوور پرەنسیپی گشتییە و پێویستە بە یاسا تەرجەمە بکرێتەوە، یاساش پێویستی بە ڕێکار و ڕێنمایی هەیە، ئێمە هیچ لەوانەمان نییە، بۆیە زۆر هەڵە دەکەین و بەرپرسیارێتیەکەش دەخەینە ئەستۆی ئەم و ئەو.

**ڕووداو: ئایا پەیوەندی نێوان هەولێر و بەغدا بووەتە پەیوەندی نێوان کڕیار و فرۆشیار؟**

**عادل عەبدولمەهدی:** نابێت بەمشێوەیە بێت، بەڵام لەلای هەندێک کەسەوە بۆ ئەو چەمکە گۆڕاوە. کڕین و فرۆشتن لەکاتێکدا پێویستە کە لێکتێگەیشتن و بەرژەوەندی هاوبەش هەبێت. لە جەنگدا تۆ لە پێناوی کەسێکی دیکە گیانی خۆت بەخت دەکەی، منیش گیانی خۆم لە پێناوی کەسێکی دیکە بەخت دەکەم، ئەمڕۆ پێشمەرگە لە پێناوی هەموومان گیانی خۆیان بەخت دەکەن، بۆیە پرسەکە حیساباتی وەرزشی نییە، تێگەیشتنی پێکەوە ژیانە کە ئایا دەمانەوێ پێکەوە بژین، ئایا وەکو خێزانێک باوک و دایک و منداڵەکان لە هەموو ورد و درشتێک لێپێچینەوەیان لەگەڵ دەکرێت، چەندم پێداوی و چەندت داومەتێ، بەرژەوەندییەکی هاوبەش هەیە و هەموویان خزمەتی دەکەن.

**ڕووداو: مادام تۆ وا بیردەکەیەوە، هەرێمی کوردستان پرسیار دەکات لە ماوەی سێ مانگدا بەغدا تەنیا 250 ملیار دیناری خەرجکردووە، بۆچی؟**

**عادل عەبدولمەهدی:** باشە ئەمە لایەنێکە، بەڵام دوو پرس هەیە. من دەمەوێ پرسەکان بۆ ناساندن بخەمەڕوو، سەرەتا ئەو تەنگژە داراییەی ئێستا هەیە، ئەمڕۆ بەغدا پارەیەکی زۆری لەبەردەستدا نییە. لە سەرتاسەری عێراق مووچە کەمدەکرێتەوە، پاشەکەوتکردنی ناچاری لە هەموو شوێنەکانی عێراق دەبڕدرێت، چەندین دەزگا هەیە ماوەی سێ مانگە تاوەکو ئێستا مووچەیان وەرنەگرتووە لە چەندین ناوچەی عێراق، ئەمە یەکەمیان.



(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

■ پێویستە کوردستان باش لەو پرسە تێبگات، فرۆشتنی نەوتی زیادە کێشەی بەدوادا دێت

■ لە ریزی گەلی کورددا جەنگاوم و قبوڵ ناکەم بودجەی ببڕدرێت

**ڕووداو: بەو شێوەیە بێ کێشەی مووچە تەنیا لە هەرێمی کوردستان نییە؟**

**عادل عەبدولمەهدی:** نەخێر لە هەرێمی کوردستان جیاوازە، چونکە پێویستە بڕێکی تایبەت بۆ هەرێمی کوردستان جیابکرێتەوە و ڕەوانە بکرێت، بەڵام دەڵێم ئێستا تەنگژەی دارایی هەیە و پارەمان نییە بۆ ئەوەی بیدەین، چونکە ئەگەر بڕێک پارەت دا، هەندێک کەس هاواریان لێهەڵدەستێ و دەڵێن بۆ پێتاندان، ئەمە لایەنێکی دیکەیە، بۆ پارە بە لایەنێک دەدەن کە تاوەکو ئێستا نەوت هەناردە دەکات و پارەکەش ناگەڕێنێتەوە نێو بودجە، پرسەکە 150 و 250 نییە و پێویستە ئەوەی هەناردەکراوە بخرێتەوە سەری. ڕاستە برایان لە هەرێمی کوردستان دەڵێن ئێمە موستەحەقاتەکانی پێشوو پڕدەکەینەوە، بەڵام حکومەتیش دەڵێ ئێمەش دوو هێندەی ئێوە موستەحەقاتمان لەسەرە، ئینجا ئەو مشتومڕە بەبێ دیاریکردنی هەڵەکانە و دەکرێت هەڵەکانیش دیاری بکرێن، بەڵام من ڕاگەیاندن بۆ دیاریکردنی هەڵەکان بە باش نازانم، کەواتە با پرسەکە بە کەم وەرنەگرین، نەشیکەینە پرسێکی عاتیفی، ئەمڕۆ زۆرتر لە ملیۆنێک ئاوارە لە کوردستان هەیە، پێویستە حکومەتی ئیتیحادی هاوکاری ئەم ئاوارانە بکات.

**ڕووداو: ئایا ڕێککەوتنی نێوان هەولێر و بەغدا سەردەگرێت یان هەرەسدێنێ؟**

**عادل عەبدولمەهدی:** هەرەسهێنان زەحمەتە، ڕێکەوتنەکە تا دێ بەگوڕتر دەبێت، پێموایە ئەگەر قەیرانی دارایی نەبووایە جێبەجێکردنی ڕێکەوتنەکە زۆر کاری دیکەی ئاسان دەکرد، بەڵام لەلایەکی دیکە تەنگژەی دارایی و تەنگژەی داعش وایکردوە ئەمڕۆ یەکگرتوو بین.

**ڕووداو: کێشەی متمانەش هەیە؟**

**عادل عەبدولمەهدی:** بەڵێ، بەڵام بوونی هەندێک وەزیری کابینەی پێشوو لەو کابینەیەدا کەشوهەوای لێکتێگەیشتنی زۆرتر کردووە، بۆیە هەلی سەرکەوتنی ڕێکەوتنەکان گەورەیە، ڕێکخراوی نەتەوە یەککگرتووەکان پشتگیری ڕێککەوتنەکەی کردووە و وڵاتانی زلهێز پشتگیرییان کردووە، سەرجەم هێزە سیاسیەکانی عێراقی پشتگیرییان کردووە، جگە لە چەند هێزێکی کەم نەبێت. پێویستە هەر یەکێک لە ئێمە بەرگری لە هەڵوێستەکانی خۆی بکات، بەڵام پێشتر پێویستە لەگەڵ لایەنی بەرامبەر تێگەیشتنی هەبێت.

**ڕووداو: بەغدا ناوەندە و پێویستە بەرپرسیارێتی گەورەتر لەسەر ئەم کێشەیە لە ئەستۆ بگرێ؟**

**عادل عەبدولمەهدی:** من پێموایە کاتێک برا گەورە بم، ئەوا بەرپرسم لە برا بچوکەکانم، کاتێک من حکومەتی ئیتیحادیم ئەوە من بەرپرسم لە هەموو ئەنجوومەنی پارێزگاکان، کاتێک من لە پۆستێکی باڵام، ئەوە بەرپرسیارێتی من لەوانەی دیکە گەورەترە، ئەوە مانای ئەوە نییە، هیچ هەڵەیەک نییە.

**ڕووداو: بەڵام خەڵکی کوردستان پێیوایە، بەغدا وەکو براگەورەیەک بەرامبەر هەولێر هەڵسوکەوتی نەکردووە؟**

**عادل عەبدولمەهدی:** پێویستە بە بوونی کەمێک هەستیاری لەلایەن برایانی کورد بەخۆماندا بچینەوە، وەکو خێزانێک کاتێک دایک و باوک هەست دەکەن منداڵەکانیان ڕازی نین و بەدەست شتێکەوە دەناڵێنن، پێویستە بەخۆیاندا بچنەوە. بۆیە لە ڕووی مەبدەئیەوە من دەڵێم یەکەم بەرپرسیارێتی دەبێ حکومەتی ئیتیحادی تەحەمولی بکات، ئەگەر حکومەتی ئیتیحادی بەشێوەیەکی دروست بەرپرسیارێتی لەئەستۆ گرت، دیاریکردنی هەڵەکان لەلایەن لایەنەکانی دیکە زۆر ئاسانتر دەبێت، بەڵام بەبێ تەحەمولکردنی بەرپرسیارێتی دەستنیشانکردنی هەڵەکان و کەموکوڕییەکان لەلایەن لایەنەکانی دیکە زۆر زەحمەت دەبێت.

**ڕووداو: سەرۆک وەزیرانی عێراق لە دوایین کۆبوونەوەی نێوان هەولێر و بەغدا گوتبووی ئێوە چەندە نەوت بفرۆشن ئەوەندە پارەتان دەدەینێ، ئەمە گومانی خستە سەر نییەتەکانی بەغدا بەرامبەر هەرێمی کوردستان؟**

**عادل عەبدولمەهدی:** بەخوا برای بەڕێز ئێمە نامانەوێ کەناڵە ئاسمانییەکان بکەینە مینبەر. یەک وشە ڕەوشەکە دەتەقێنێتەوە. لە کۆبوونەوەیەکدا کە ماوەی 6 ـ 8 کاژێر بەردەوام دەبێت، زۆر قسە دەکرێت. ئەگەر هەموو قسە و گاڵتە و ڕێککەوتنەکان و قسەی ئەم و ئەو بگوازینەوە دەگەینە ئەنجامێک کە هەموو لایەنەکان پێی ڕازی نابن، لە کۆبوونەوەکانیشدا زۆر شتی دژ بەیەک دەخەینەڕوو، ئەوە گرنگ نییە لە کۆبوونەوەکان چی دەگوترێ، گرنگ ئەوەیە لە کۆبوونەوەکە دەگەینە چی، بۆیە ناساندنی بڕیارەکان گرنگە، پێشموایە بڕیارەکان بڕیاری دروست و قبوڵکراو بوون و هەردوو لایەن قبوڵیان کرد.

**ڕووداو: پرسیارێکی زۆر دەکرێ کە بۆ تاوەکو ئێستا حەیدەر عەبادی سەردانی هەولێری نەکردووە؟**

**عادل عەبدولمەهدی:** لەو نیگەرانییە تێدەگەم، هەروەها لەو هەستیارییەش تێدەگەم. گەلی کورد زۆر تاڵی چەشتووە، ئێمە بۆ ماوەی 100 ساڵ بودجەی عێراقمان بەفیڕۆ داوە لەپێناوی تێکدانی گوندەکانی کوردستان و دژایەتیکردنی گەلی کورد، من لە هەموو ئەو پرسانە تێدەگەم.

**ڕووداو: حکومەتیش تێدەگات؟**

**عادل:** پێویستە تێبگات، ئەگەر یەکێک بیەوێ تێنەگات ئەوا خۆڵ لە چاوی خۆی دەکات. هەرێمی کوردستانیش موعاناتی ناوچەکانی دیکەی عێراق دەزانێ و دەبێ بەم ڕۆحیەتە کار بکەین کە برای یەکدی بین و قوربانی بۆ یەکدی بدەین، نەک تەنیا لایەنێک بەرگری لە خۆی بکات و بەرامبەرەکەی تۆمەتبار بکات. بەو شێوەیە نەبێ کە تەنیا دار بۆ نانی خۆمان کۆبکەینەوە. بەڵام ئەوەش بزانن کە کۆبوونەوەکەی نێوان بەڕێز عەبادی و بارزانی لە ئەورووپا سەرکەوتوو بوو.

**ڕووداو: ئەگەر بگەڕێیەوە بۆ بەغدا چی بە عەبادی دەڵێی؟**

**عادل عەبدولمەهدی:** دەتەوێ عەقڵی بەڕێز عەبادی بخوێنمەوە ئاخۆ چی دەڵێت، پێموایە عەبادی لەم ماوەیەی حوکمکردنیدا سەرکەوتنی باشی تۆمارکردووە، پێشموایە پەیوەندیەکانی نێوان هەولێر و بەغدا پەیوەندی باشە و پێشڤەچوونی ئەرێنی بەخۆیەوە دەبینێ، پێویستە گرنگی پێبدەین. کێشە هەیە؟ دەبێ جدی بین و بەرپرسیارانە مامەڵە لەگەڵ کێشەکان بکەین بە گیانی پیاوانی ڕاستەقینەی دەوڵەت، نەک تەنها هەوڵبدەین موجامەلەی یەکدی بکەین.

**ڕووداو: ئایندەی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ عێراق چۆن دەبینی؟**

**عادل عەبدولمەهدی:** هەڵبەتە هەموو ناوچەکە گۆڕانکاری سیاسی گەورە بەخۆیەوە دەبینێ، ئەمە پشت بە کۆمەڵێک مەسەلە دەبەستێ: یەکەم دانیشتووانی هەرێمی کوردستان چۆن لە چارەنووسی خۆیان دەڕوانن؟ بەرژەوەندییان لەکوێدایە، دەبێت حکومەتی بەغدا بەلای هەمووانەوە سەرنجڕاکێش بێت، نەک تەنیا بۆ کورد، بۆ شیعە و سوننەش. هەرچەندی بەغدا سەرنجڕاکێش بێت، لە بەرژەوەندی هەموو لایەکدایە. هەر کاتێک کاروبارەکان بەشێوەیەکی باش و تۆکمە بەڕێوەبچن دەکرێت پەیوەندی و پێکەوەژیانی هاوبەش تۆکمەتر بکرێت. هەرکاتێکیش لایەنێک هەوڵی دا دەست بەسەر هەموو شتێکدا بگرێت، ئەوە خۆی لە بڕیاری سیاسی عێراقی دووردەخاتەوە وەک چۆن هەندێکجار ڕوودەدات. کەواتە بەرپرسیارێتی هاوبەش ئایندە دروست دەکات، فەرمانێک نییە بسەپێنرێت.

**ڕووداو: بەغدا مووچە و بودجەی هەرێمی کوردستان دەنێرێت؟**

**عادل عەبدولمەهدی:** لە وەزیری دارایی بپرسە.

**ڕووداو: بەڵام تۆش لەو حکومەتەدای؟**

**عادل عەبدولمەهدی:** من بەرگری دەکەم، بەراستی من بەرگری لە مافی هەموو گەلی عێراق دەکەم، بۆ پێدانی موستەحەقاتەکانیان بەشێوەیەکی یەکسان.

## داوای دەستگیرکردنی عوسمان ئۆجەلان دەکرێت



**رووداو- هەولێر**

وەزارەتی دادی تورکیا ئامادەکاریی دەستپێکرد بۆ داواکردن لە ئینتەرپۆڵ بۆ دەستگیرکردنی عوسمان ئۆجەلان، سەرکردەی پێشووی پارتی کرێکارانی کوردستان و برای رێبەری زیندانیکراوی پەکەکە عەبدوڵلا ئۆجەلان.

بەپێی هەواڵێک کە لە میدیاکانی تورکیا بڵاوبووەتەوە، وەزارەتی دادی تورکیا نامەیەکی نهێنی ئاراستەی دەستەی داواکاری گشتی ئامەد کردووە، لە نامەکەدا داواکراوە دۆسیەیەک ئامادەبکرێت بۆ عوسمان ئۆجەلان، لە دۆسیەکەدا پەیوەندی عوسمان ئۆجەلان لەگەڵ کردەوە چەکدارییەکانی PKK لە ساڵانی 1986 بۆ 2003 بخرێتەڕوو، هاوکات داوا لە ئینتەرپۆڵ بکرێت فەرمانی دەستگیرکردنی بە رەنگی سوور بۆ دەربکات.

رووداو
ڕێپۆرتاژ
ژمارە (351) دووشەممە 2015/3/16

### یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا:

# داعش بە پەلاماردانی کوردستان هەڵەیەکی گەورەی کرد



( فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

**هێڤیدار ئەحمەد**
**رووداو- سلێمانی**

"داعش هەڵەیەکی گەورەی کرد کە پەلاماری هەرێمی کوردستانی دا" ئەمە قسەی یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بوو لەو دیدارەی کە هەفتەی رابردوو بەرپرسە باڵاکانی ئەمریکا و عێراق و هەرێمی کوردستانی لە شاری سلێمانی کۆکردەوە. هەر لەو دیدارەدا یەکێک لە ناودارترین توێژەرانی ئەمریکی وەڵامی ئەو پرسیارەی زۆرینەی کوردی دایەوە سەبارەت بەوەی کە بۆچی وڵاتەکەی چەکی پێشکەوتوو ناداتە کورد.

پاش 9 مانگ لە شەڕو پێدادانی نێوان هێزەکانی پێشمەرگە و چەکدارانی داعش، ئێستا هاوکێشەی شەڕ تەواو پێچەوانە بووەتەوە.

داعش کە سەرەتا لە هێرش و پێشڕەوی خێرادا بوو بۆ سەر ناوچەکانی هەرێمی کوردستان، ئێستا زۆرتر شەڕی بەرگری دەکات و یەک لەدوای یەک کۆنترۆڵی لەسەر ئەو ناوچانە نەما کە پێشتر داگیری کردبوون.

د.فوئاد حوسێن، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان گوتی دەستپێشخەریی شەڕ ئێستا لەدەست کوردە و داعش هێزی جارانی نەماوە "داعش بەر لە هەشت مانگ لە هەولێر نزیک بوو، بەڵام ئێستا هێزی پێشمەرگە نزیکی مووسڵن".

هەڕەشەی راستەقینەی داعش بۆ سەر شاری هەولێر لە شەوی 2014/8/3 بوو کە تەنیا 28 کیلۆمەتر لە فڕۆکەخانەی هەولێرەوە دوور بوو، بەڵام فڕۆکە ئەمریکییەکان پێشڕەویی داعشیان راگرت.

ئەگەرچی هێشتا رووبەرێکی بەرفراوان لەنێو خاکی عێراق و سووریا لەژێردەستی ئەو رێکخراوە توندڕەوەدا ماوە، بەڵام سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان دەڵێت "داعش ئێستا لە دەوڵەتەوە بووە بە رێکخراوێکی تیرۆریستی".

برێت ماکگورک، یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بۆ کاروباری عێراق و ئێران کە یەکێک بوو لە بەشدارانی دیداری سلێمانی لە 2015/3/11، بەشێکی قسەکانی بۆ هەڕەشەکانی رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی تەرخان کرد و گوتی "جیهان تائێستا هەڕەشەیەکی وا گەورەی بەخۆیەوە نەبینیوە".

ماکگورک پێشبینی کرد شەڕی دژی داعش وا بەزوویی کۆتایی نەیەت و گوتی "ململانێ لەگەڵ داعش درێژە دەکێشێ".

ئەو رۆژەی داعش شاری مووسڵی لە 2014/6/9 کۆنترۆڵ کرد، برێت ماکگورک لە هەولێر بوو، بەڵام هەر ئەو شەوە گەڕایەوە بەغدا و لە باڵیۆزخانەی ئەمریکا باسی سیناریۆکانی ئەو شەڕەیان کرد وەک خۆی گوتی "یەکەم کەس دوای هاتنی داعش لەگەڵی کۆبوومەوە، ئوسامە نوجێفی بوو".

ماکگورک ئەم قسانەی لەبەردەم گەورە بەرپرسانی عێراقدا کرد کە ئامادەی دیدارەکە بوون، لەوانەش: ئیبراهیم جەعفەری وەزیری دەرەوەی عێراق، هومام حەمودی جێگری سەرۆکی پەرلەمان، حوسێن شەهرستانی وەزیری خوێندنی باڵا، فالح فەیاز راوێژکاری ئاسایشی نیشتمانیی عێراق کە هەموویان شیعەن. بەڵام بەهیچ جۆرێک باسی هێزەکانی حەشدی شەعبی نەکرد کە ئێستا لە تکریت شەڕدەکەن. هەروەها باسی سوپای عێراقیشی نەکرد.

برێت ماکگورک هەر لەوێ گوتی "پاشەکشەی داعش لەعێراق بەهۆی شەڕی قارەمانانەی پێشمەرگە بوو کە توانییان داعش لە زۆربەی شوێنەکان دەربکەن". گوتیشی "داعش بە پەلاماردانی هەرێمی کوردستان هەڵەیەکی زۆر گەورەی کرد و ئەمریکای هێنایە سەر خەت".

پشتگیریی ئەمریکا لە ئاسمانەوە بۆ کورد لە شەڕی دژی داعشدا، وەک فوئاد حوسێن گوتی "بەس نییە"، بەڵام گوتیشی "دۆزینەوەی شەریک بۆ شەڕی داعش لەسەر زەمین زۆر ئەستەمە".

### مایکڵ نایتس:

## ئەمریکا لە ترسی پەلاماردانی بەغدا چەکی قورس ناداتە پێشمەرگە

### بۆچی چەکی قورس نادرێتە پێشمەرگە؟

مایکڵ نایتس، توێژەری ناوداری ئەمریکی کە یەکێک بوو لە میوانانی دیدارەکە، لە لێدوانێکدا بۆ (رووداو) وەڵامی ئەو پرسیارەی دایەوە.

نایتس، پسپۆڕی کاروباری سەربازی و ئەمنی لە عێراق و ئێران و دەوڵەتانی کەنداو گوتی "ئەمریکا لە مەسەلەی پڕچەککردنی هێزی پێشمەرگەدا خاو بووە، چونکە لە ئەمریکا بیرۆکراسیەکی زۆر هەیە، بەڵام رۆڵی سەرەکیشی هەبوو لە پاراستنی هەرێمی کوردستاندا".

هەروەها گوتیشی "ترسی ئەمریکا لە پڕچەککردنی پێشمەرگە لەوەیە نەکا دوای شەڕی داعش، کورد بەو چەکانە شەڕی بەغدا بکەن".

نایتس کە توێژەرە لە پەیمانگەی واشنتن، دەڵێت ئەمریکا لە رێگەی وڵاتانی دیکەوە چەکی پێشکەوتوو دەداتە پێشمەرگە "گوشار لەسەر ئەڵمانیا دەکات بۆئەوەی چەکی زیاتر بە کورد بدات، بەتایبەتی چەکی میلان کە دژە تانکە، هەروەها تانک و چەکی دیکە".

ئەو توێژەرە ئەمریکییە پەسنی رۆڵی پێشمەرگەی دا لە شەڕی دژی داعشدا و گوتی "کورد هێزێکی بەرگریی زۆر باشی هەیە، بارزانی خۆی لەبەرەکانی شەڕە و پلانی شەڕەکان دادەنێ، هەموو ئەو پلانانەی بارزانی بۆ شەڕی داعش دایناون، پێشمەرگە سەرکەوتنی گەورەی تێدا تۆمار کردوون".

### ململانێی بەغدا و هەولێر گۆڕاوە

سەرباری شەڕی داعش، هەرێمی کوردستان ئێستا لەگەڵ حکومەتی عێراقیش لە ململانێدایە لەسەر بودجە و مووچەی فەرمانبەرانی کە وێڕای ئیمزاکردنی رێککەوتنی نێوانیان، بەڵام بەغدا هێشتا بودجەی کوردستانی خەرج نەکردووە.

مایکڵ نایتس دەڵێ "ململانێی کورد لەگەڵ عێراق هەر لەسەر خاک بووە، بەڵام ئێستا گۆڕاوە و لەسەر نەوت و پارەشە". ئەو گوتی کە ئێستا عێراق بەشێوەیەکی دیکە مامەڵە لەگەڵ کورد دەکات و لەم شەڕەیاندا سەرکەوتوو بووە، ئەمەیان شەڕی بڕینی مووچە و بودجەیە لەسەر هەرێمی کوردستان کە کاریگەریی زۆری دروستکردووە، بۆیە بارزانی زیاتر لە جارێک گوتی بڕینی بودجە واتە راگەیاندنی شەڕ.

مایکڵ کە بە بەردەوامی سەردانی هەولێر و بەغدا دەکات و لە نزیکەوە بەرپرسانی کورد و عێراقی دەبینێ، بەدووری زانی شەڕ لە نێوان پێشمەرگە و حەشدی شەعبی لە دوای شەڕی مووسڵ رووبدات "حەشدی شەعبی شەڕی کورد ناکەن، چونکە بە بڕیاری سیستانی و پاڵپشتیی حەکیم دروستبووە، ئەوانیش قبووڵ ناکەن حەشدی شەعبی و هەر هێزێکی دیکە لە عێراق شەڕی کورد بکەن".

# پترایۆس: ئەو هاوکارییەی ئەمریکا بۆ کوردی کرد بە هیچ وڵاتێکی دیکە ناکرێ

**هێمن لهۆنی**
**رووداو- سلێمانی**

لە ساڵی 2006دا، رۆژانە زۆرتر لە 50 تەرم لە بەغدا دەدۆزرانەوە کە زۆربەیان بێ سەر بوون. جۆرج دەبلیو بوش سەرۆکی ئەوکاتی ئەمریکا پەنا دەبات بۆ ژەنەڕاڵ دەیڤد پترایۆس بۆ دۆزینەوەی چارەیەک. پترایۆس کە لە سەرەتای داگیرکردنی عێراق لە 2003 سەرپەرشتی هێزەکانی هاوپەیمانانی دەکرد لە مووسڵی سوننەنشین، داوا دەکات هەندێک هێزی ئەمریکی زیاد بکرێ و لەناو سوننەش هێزی سەحوە دروستبکرێ. بیرۆکەکە پەسەندکرا و دوای ماوەیەک عێراق هێوربوونەوەیەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی و قاعیدەش لە زۆر شاری عێراق لەلایەن هێزەکانی سەحوەوە وەدەرنران.

پترایۆس لەگەڵ هێزی ئەمریکا لە 2011 کشانەوە و عێراقیان بەجێهێشت، ئەمەش لە چوارچێوەی رێککەوتنێک لە نێوان بەغدا و واشنتن و بە واژۆی نوری مالیکی و جۆرج بوش.

کارەکەی پترایۆس لە عێراق و کەمبوونەوەی قوربانیانی ئەمریکی و عێراقی بووە مایەی خۆشەویستبوونی ئەو ژەنەراڵە لە ئەمریکا و لەگەڵ گەڕانەوەی چەندین پۆستی هەستیاری وەرگرت، لەوانە سەرۆکی دەزگای هەواڵگریی ئەمریکا (CIA).

دوای دابڕانێکی زۆر، پترایۆس بۆ بەشداری لە سێیەمین دیداری سلێمانی زانکۆی ئەمریکی بە بانگهێشتی بەرهەم ساڵح سەرکردەی دیاری یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دێتەوە عێراق، بەڵام عێراقێک کە 30%ی خاکەکەی لەژێر دەستی داعشدایە.

زۆر لە گوێیەکان چاوەڕوانی ئەم ژەنەڕاڵە بەئەزموونەی ئەمریکایە کە چەندین ساڵی لە رووبەڕووبوونەوەی تیرۆردا لە عێراق بەسەربردووە و ئێستا خانەنشینە.

پترایۆس بە جلوبەرگی مەدەنییەوە دەستێکی دایە بۆینباخەکەم و رێکیخستەوە و منیش یەکسەر لێمپرسی دوای ئەم هەموو ساڵە دەبێ عێراق چۆن رێکبخرێ و بۆ وای لێهات؟

پترایۆس گوتی "لەو کاتەوەی عێراقمان بەجێهێشت چەند رووداوێک روویدا کە بووە هۆی گۆشەگیرکردنی سوننەکان بەتایبەتی کەیسی گرتن و راونانی تارق هاشمی و رافیع عیساوی، هەروەها وەڵامدانەوەی توندی خۆپیشاندانەکانی سوننە لە ئەنبار و حەویجە، سوننەکان جارێکی دیکە پەراوێزخران."

بەبڕوای پاتریۆس چوونی قاعیدە بۆ سووریا دەرفەتێکی دیکە بوو بۆ خۆڕێکخستنەوە و پاشان کە هاتنەوە سوننە کێڵگەیەکی باش بوو تا بتوانن تۆوی خۆیانی تێدا بچێنن.

زۆر کەس نوری مالیکی بەهۆکاری کێشەکان دەزانن، بەڵام پترایۆس دەڵێ ناتوانین بڵێین هەمووی خەتای مالیکییە: "دادپەروەرانە نییە بڵێین هەمووی هەڵەی مالیکییە، دەبێ بڵێین هەڵەی حکومەتە و ئەویش سەرۆکی ئەو حکومەتە بووە."

دەستوەردانی مالیکی و نەبوونی راهێنان دوو هۆکاری سەرەکین بە گوتەی پترایۆس بۆ بەرگە نەگرتنی سوپای عێراق لەبەرامبەر هێزە "تیرۆریستەکان" سەرەڕای خەرجکردنی ملیارەها دۆلار بۆیان.

دەیڤد پترایۆس هۆشداری دەدات کە رووبەڕووبوونەوەی داعش پێویستی بە هێزێکی خاوەنی شەرعیەتە نەک میلیشیایی. ئەو دەڵێت "دروستکردنەوەی پردی متمانە لە نێوان سوننە و شیعە زۆر گرنگە و دەبێ هێزێک هەبێ لە چاوی هەردووکیان شەرعیەتی هەبێ نەک بە بەرزکردنەوەی وێنەی سەرکردەیەکی دیاریکراو و دروشمی مەزهەبی بچنە سەر شوێنی یەکدی".

پترایۆس پێی باشە کە ئەو هێزەی شەڕ دەکات لە تکریت زۆرینەی عەرەبی سوننە بن نەک میلیشیای شیعە.

ئەو ژەنەڕاڵە ئەمریکیە ستایشی هێزەکانی پێشمەرگە دەکات و دەڵێ سەرەڕای نەبوونی راهێنان کاری گەورە دەکەن.

لەبارەی گلەیی سەرکردەکانی کورد سەبارەت بە دابیننەکردنی چەکی قورس بۆ پێشمەرگە، سەرۆکی پێشووی دەزگای هەواڵگریی ئەمریکا دەڵێ "ئەمریکا هاوکاری زۆری پێشمەرگەی کردووە لە رێگەی فڕۆکەی ئێف 16 و ئەی 10، هەروەها چەکی قورسیش دراوە کە رەنگە نەگوترێ، بەڵام ئەو هاوکارییەی کە کراوە بۆ کورد لەلایەن ئەمریکاوە لە شەڕی داعش بە هیچ وڵاتێکی دیکە ناکرێ."

هەروەها پترایۆس هاوڕایە لەگەڵ زۆربەی سەرکردەکانی بەغدا کە شەڕی داعش پێویستی بە هێزی دەرەکی نییە. ئەو ژەنەڕاڵە ئەمریکییە نموونەی شەڕڤانانیش دێنێتەوە کە دەڵێ بێ هێزی دەرەکی تەنیا بە پاڵپشتی فڕۆکە توانییان داعش لە کۆبانێ بشکێنن و تەنیا لەو شارە 3 هەزار داعش کوژراون.

ئەو رۆژەی ئەو هەڤپەیڤینەمان لەگەڵ پترایۆس کرد، رۆژنامەی وۆڵ ستریت جۆرناڵ راپۆرتێکی لەسەر رۆڵی ئێران لە عێراق بڵاوکردەوە بە ناونیشانی "ئێران عێراق داگیردەکات". پترایۆس لەسەر ئەو راپۆرتە و ئێران گوتی "لۆژیکێکی هەڵە هەیە لە ئەمریکا کە وا دەزانرێ عێراق دەبێتە پارێزگایەکی دیکەی ئێران، عێراقییەکان هۆشیارن کە مەرجەع و سیاسەتیان جیاوازە و هۆشیارن لەوەی زۆربەیان عەرەبن و بە فارسی قسە ناکەن."

پترایۆس هەمان ئەو گوتانەی گوتەوە وەک چارەسەر بۆ کێشەکانی عێراق کە چەند ساڵێک لەمەوبەر ئاماژەی بۆکردبوو کاتێک ئەرکەکەی تەواوبوو لەم وڵاتە، ئەویش کارکردنی سوننە و شیعە و کورد پێکەوە و دووبارە بنیاتنانەوەی متمانەیە.

بەبڕوای پترایۆس، عەبادی لەم چارەسەرە تێگەیشتووە بۆیە ئێستا هەوڵی بۆ دەدات و دوای ئەو بەرنامەیە کەوتووە.



(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

## 50 هەزار کەس بەخوێنی خۆیان واژۆیان کردووە

# 250 هەزار واژۆ بۆ سەربەخۆیی کوردستان لە دهۆک

**جەعفەر ئیبراهیم:**
**پشتگیری 30 وڵاتمان هەیە بۆ ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی**

**د.دلاوەر عەلائەدین:**
**ئەگەر ئێستا سەربەخۆیی ڕابگەیەنین، ئەو وڵاتانە پاشگەز دەبنەوە**

**ناسر عەلی**
**ڕووداو- دهۆک**

تاوەکو ئێستا لە دهۆک 250 هەزار واژۆ بۆ سەربەخۆیی کوردستان کۆکراوەتەوە و 50 هەزار کەس لەوانە بە خوێنی خۆیان واژۆیان کردووە.

پەهلەوان شێخ مەمی، بەرپرسی گرووپی ئاڵا کە هەڵمەتی کۆکردنەوەی ئەو واژۆیەی لەئەستۆ گرتووە، دەڵێت "سێ ساڵ لەمەوبەر هەڵمەتەکەمان دەستپێکرد و فۆرمەکانی ڕاپرسیمان بە ئاگاداری نەتەوە یەکگرتووەکان ئامادە کرد و دابەشمان کرد، تەنیا لە بادینان توانیمان 250 هەزار واژۆ کۆبکەینەوە".

پەهلەوان شێخ مەمی بەرپرسی گرووپی ئاڵا لە دهۆک ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە خەڵکی ناوچە دابڕاوەکان پێشوازییەکی گەرمیان لە ڕاپرسییەکە کردووە، بە تایبەتی ناوچەکانی شنگال و زوممار "لەو ناوچانەدا 50 هەزار کەس بە خوێنی خۆیان فۆڕمی ڕاپرسییەکەیان پڕکردووەتەوە".

کورد دەیان ساڵە خەبات بۆ سەربەخۆیی دەکات، بەڵام هیچ کاتێک وەکو ئێستا ئاماژەکانی سەربەخۆیی باشووری کوردستان دەرنەکەوتوون، ئەمەش بە ئاشکرا بە لێدوانی بەرپرسانی کوردەوە دیارە. تەنانەت زۆر لە سیاسەتمەدارانی بیانیش ئێستا بە کاتێکی گونجاو دەزانن بۆ ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی، بە تایبەتی دوای شەڕی داعش و قوڵبوونەوەی ناکۆکییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا لەسەر مەسەلەی وزە.

لە نەورۆزی هەموو ساڵێکدا باسی هەرە گەرم جاڕدانی سەربەخۆیی کوردستانە. مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە هەڤپەیڤینەکانیدا لەگەڵ میدیا بیانییەکان، دەڵێت سەربەخۆیی مافێکی ڕەوای گەلی کوردستانە و دەستبەرداری نابین.

بەڵام پەهلەوان شێخ مەمی گلەیی لە بەرپرسانی هەرێمی کوردستان هەیە و دەڵێت "لە مانگی نەورۆزی هەموو ساڵێکدا و بەتایبەتی لەو چەند ساڵەی کۆتاییدا، خەڵک هەموو چاوەڕێی پەیامێکی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکات کە سەربەخۆیی ڕابگەیەنن، ئیدی خەڵک ماندوو بووە، هەموومان چاوەڕێی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیین، چونکە پەیوەندییەکانمان لەگەڵ بەغدا ڕۆژ بەڕۆژ خراپتر دەبێت، بۆیە دەبێت بەرپرسانی هەرێمی کوردستان ڕێز لە ئیرادەی خەڵک بگرن".

گوتیشی "ئێمە سێ ساڵە 250 هەزار واژۆمان کۆکردووەتەوە،چەندینجار پەیوەندیمان بە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و پەرلەمانەوە کردووە، کە ئەم واژۆیانە بگەیەننە un، بەڵام کەس لێمان وەرناگرێت".

ماوەیەکی کەم پێش ئەوەی داعش پەلاماری هەرێمی کوردستان بدات، نزیکەی 300 چالاکڤانی مەدەنی و ڕۆژنامەنووس و ڕۆشنبیری دهۆک سەردانی پەرلەمانی کوردستانیان کرد و داوای ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستانیان کرد.

سەبری نهێلی سەرپەرشتیاری ئەو چالاکڤانانە بە (ڕووداو) گوت "ئەوکات چووینە بەردەم باڵەخانەی پەرلەمانی کوردستان و بە یاداشتێک داوامان لێکردن کە سەربەخۆیی کوردستان ڕابگەیێنن، ئەوکات لە میدیاکانی جیهاندا زۆر باسی ئەو هەوڵەی ئێمە کرا، بەڵام تاوەکو ئێستا کەس وەڵامی یاداشتەکەی نەداوینەتەوە".

جەعفەر ئیبراهیم، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ڕایگەیاند "ئێستا بۆچوونی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەرامبەر سەربەخۆیی کوردستان گۆڕاوە، زۆر وڵات پشتگیری لە سەربەخۆیی کوردستان دەکەن".

جەعفەر ئیبراهیم کە ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتیشە، لە کۆڕێکدا لە شاری دهۆک گوتی "28 وڵات پێیانگوتووین لە کاتی ڕاگەیاندنی سەربەخۆییدا پشتگیریتان دەکەین".

### "کاتی سەربەخۆیی نەهاتووە"

جەعفەر ئیبراهیم زانیاری نوێی لەبارەی پشتگیریی سەربەخۆیی کوردستان لەلایەن وڵاتانەوە بۆ (ڕووداو) ئاشکرا کرد و گوتی "ئەو وڵاتانەی پشتگیری لە سەربەخۆیی کوردستان دەکەن زۆرن، بەڵام لەبەر ئەوەی بۆ دەزگای ڕاگەیاندنە با بەمشێوەیە بیڵێم، نزیکەی 30 وڵات دەبن، ڕۆژ بە ڕۆژیش پشتگیرییەکە زۆرتر دەبێت".

بەڵام بەرپرسی ئەنستتیوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ توێژینەوە (مێری) سەبارەت بە ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان لەم کاتەدا دەڵێت "ئەگەر ئێستا سەربەخۆیی لە باشووری کوردستان ڕابگەیێنین، ئەو وڵاتانەی بەڵێنی پشتگیرییان بە کورد داوە پاشگەز دەبنەوە، ئێستا ئاسانە بڵێن پشتگیریتان دەکەین، بەڵام ئەوکات کە ئەنجامەکانی خراپ ببینن، پشتمان تێدەکەن".

د.دلاوەر عەلائەدین هەروەها بە (ڕووداو)ی گوت "زۆر وڵات هەن، لە سەرووی هەمووشیانەوە ئەمریکا، ئەڵمانیا و فەرەنسا گەیشتوونەتە قەناعەت کە دەبێت دەوڵەتێکی کوردی دروست ببێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا نین ئەو دەوڵەتە لەو کاتەدا دروست بێت و پێیانوایە هێشتا کاتی ماوە، چونکە ئێمە لە شەڕێکی قورسداین بەرامبەر داعش، ئێمە ئێستا ئامادەنین بۆ ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی، بەغدا و هەموو جیهان پێویستیان بە ئێمەیە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی داعش".

د.دلاوەر باسی هەڵوێستی ئەمریکای کرد و گوتی "ئەمریکا و چەند دەوڵەتێکی دیکەی زلهێز لەو باوەڕەدان، دەبێت ئێستا بەغدا بەهێز بکەین و هاوکاری بکەین بۆ لەناوبردنی داعش و زاڵبوون بەسەر قەیرانەکانی عێراقدا".

د.دلاوەر کە پێشتر وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بوو لە کوردستان، گەشبینە بە ئایندەی کوردستان، بەڵام دەڵێت هێشتا کاتی ماوە بۆ ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی "ئەگەر ئێستا سەربەخۆیی ڕابگەیێنین، لەوانەیە ئەو وڵاتانەی پشتگیریمان دەکەن لە ژمارەی پەنجەکانی دەست تێنەپەڕن، بەڵام ئەگەر دوایبخەین بۆ چەند ساڵێکی دیکە، دڵنیام زۆربەی وڵاتانی جیهان پشتگیریمان دەکەن".



(فۆتۆ: AFP)

# کاکە حەمە نامەباران دەکرێ

## "لە دیداری سلێمانیدا سەرکردەکان درێژەیان بە موجامەلەی سیاسی و لاواندنەوەی عێراق دا"

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

چەند خولەکێک پێش ئەوەی دیدارە دوو ڕۆژییەکەی زانکۆی ئەمریکی لە سلێمانی کۆتایی بێت، میوانێکی بیانی نێوپانێلی کۆتایی پەنجەی بۆ یەکێک لە دانیشتووەکانی ریزی پێشەوە درێژ کرد کە جلێکی کوردی لەبەردا بوو، دواتر بەرهەم ساڵح سەرۆکی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنی زانکۆی ئەمریکی هەستایەوە و لەبارەی ئەو پیاوەوە هەندێک قسەی کرد "ئەوە یەکێکە لە سەرکردە سیاسییەکانی کوردستان و لەگەڵ بەڕێز ساڵح موسلیم، کوڕەکانی خۆیان لە شەڕی دژی چەکدارانی داعشدا بەخت کرد".

ئەو پیاوە محەممەدی حاجی مەحموود، سکرتێری حزبی سۆشیالیست دیموکراتی کوردستان بوو کە لەنێو بەرنامەی هیچکام لە پانێلەکاندا ناوی نەهاتبوو بۆ قسەکردن، بەڵام بەو وتارە کورتەی پێشکێشی کرد، قسەی زۆربەی میوانەکانی لە بیری ئامادەبووان بردەوە. چونکە بەبێ پێشەکی دای لە بنی هەمبانەکە "ئێستا عێراق شامی شەریف نییە و وڵاتێکی فاشیلە". گوتیشی "با چیدی موجامەلەی یەکدی نەکەین، عێراق وڵاتێکی یەکپارچە نییە، بەڵکو سێ حکومەتی جیاوازی تێدایە، تەنیا لە ئاسمانەوە وا دیارە کە وڵاتێکی یەکگرتووە".

محەممەدی حاجی مەحموود، لەبارەی کاردانەوەکانی دوای گوتارەکەی قسەی بۆ (ڕووداو) کرد و گوتی بەردەوام لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات، خەڵک لە هەموو چین و توێژەکان نامەی بۆ دەنێرن و دەستخۆشی لێدەکەن "بەو هەموو نامە و دەستخۆشییە تێدەگەم، خەڵکی کوردستان چەندە تینووی ئەوەن سەرکردەکانی کورد بە ڕاشکاوی لەگەڵ سەرکردە عێراقییەکان قسە بکەن و ئەوەندە خەریکی موجامەلەی سیاسی نەبن".

هەریەک لە سەرۆکی پەرلەمانی عێراق، جێگری سەرۆک کۆمار، وەزیری دەرەوە و وەزیری دارایی عێراق، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، جێگرانی سەرۆکی پەرلەمانی عێراق، زۆر کاربەدەستی سیاسی و ئیداریی دیکەی کوردستان و عێراق و نوێنەر و نێردراوانی ئەمریکی و ئەورووپی و عەرەبی، لەهۆڵەکەدا دانیشتبوون.

محەممەدی حاجی مەحموود پێیوایە دەبێ بە گرنگییەوە سەیری سازدانی دیداری سلێمانی بکرێت لەم کاتەدا، بەڵام سەرجەم گوتارەکانی نێو ئەو دیدارەی بە "موجامەلەکردنی یەکتر" نێوبرد و گوتی "چیتر دۆخی شڵەژاوی عێراق بۆ ئەوە ناشێ سەرکردەکانی شیعە و سوننە و کورد، پێداگیری لەسەر عێراقی یەکگرتوو و وڵاتی پێکەوە ژیان بکەن، لەسەر کاغەز عێراق وەک وڵاتی شامی شەریف پیشان بدەین، ئەگەر عێراق یەکگرتووە بۆ کەس ناتوانێ لەو وڵاتە بەیەکەوە بژی".

سکرتێری حیزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان گوتی "عێراق وڵاتێکی فاشیلە و چارەسەرەکە تەنیا کۆنفیدراڵییە". کاکە حەمە ڕەتیکردەوە هیچکام لە سەرکردە عێراقییەکان و ئەمریکییەکان لەسەر قسەکانی گلەییان لێکردبێت، دەشڵێ لەلایەن هەندێک لە سەرکردەی کوردەوە هەر دوای گوتارەکە دەستخۆشی لێکراوە و یەکێک لە سەرکردە باڵاکانی کورد پێیگوتووە "تۆ ڕاستییەکانی دڵی خەڵکی کوردستانت گوت"، بەڵام ناتوانێ ناوی ئەو سەرکردانە ئاشکرا بکات. هەروەها دەڵێ ئەمریکییەکان لەوێ پێیانگوتووە "تۆ قسەی دڵی خۆت کرد".

پەیوەندییەکانی نێوان کوردستان و بەغدا لەوپەڕی خراپیدایە، زیاتر لە 30%ی خاکی عێراق بەدەست چەکدارانی داعشەوەیە، نرخی نەوت دابەزیوە و ناکۆکیی نێوان سوننە و شیعە لە عێراقدا تادێ هەڵدەکشێ، ئێران و وڵاتانی ناوچەکە بەشێوەی ڕاستەوخۆ دەستوەردەدەنە کاروباری عێراق و ناوچەکە دەکوڵێ. هەموو ئەوانە هۆکاربوون بۆئەوەی ئەمساڵ زیاتر چاوەکان لەسەر ئەو دیدارە بێ. بەتایبەتی کە هەردوو وەزیری نەوتی بەغدا و سامانە سروشتییەکانی کوردستان لەوێ ڕاستەوخۆ و ڕووبەڕوو قسەیان کرد.

سەرباری ئەو هەموو بەریەککەوتنە سیاسییەی نێو عێراق، محەممەدی حاجی مەحموود دەڵێ هێشتا لەو دیدارەدا سەرکردەکان درێژەیان بە موجامەلەی سیاسی و لاواندنەوەی عێراق دەدا "وەزیری دەرەوەی عێراق زۆر ئەدەبیانە قسەی دەکرد و وەک ئەوە بوو شیعر بخوێنێتەوە، گوتم مادام کەس بەڕاشکاوی قسە ناکات، کاتی ئەوەیە قسەی دڵی خەڵک بکەم، بەڵام سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانیش قسەی جوانی کرد".

ئەو گوتی ئەگەر عێراق یەکگرتووە بۆ ئێوە لە بەسرەوە بە فڕۆکە دێن بۆ کوردستان، بۆ حکومەتی بەغدا پارەی بندەستی داعش دەنێرێ، بەڵام پارەی پێشمەرگە نانێرێ؟

محەممەدی حاجی مەحموود، دەڵێ چەند خولەکێک پێش ئەوەی وتارەکەی پێشکێش بکات، تەلەفۆنێکی بۆ هاتووە و زانیارییەکی نوێیان لەبەرەکانی جەنگەوە پێداوە "پێیانگوتم ئەو تاکە ڕێگەیەی لە بەغداوە بەعوزێمدا دەهات بۆ کوردستان، داعش ئەویشی گرت، بۆیە گوتم ئەگەر عێراق یەکگرتووە کەواتە ئێوە بە فڕۆکە هاتوچۆ مەکەن".

دیدارەکەی سلێمانی پڕبوو لە هیواخواستنی سیاسی، بەڵام کەس باسی کەرکووک و ژنە ئێزدییەکانی نەکرد. کەرکووک، ئەو شارەی بەشێکە لە گرەوی سیاسی پشتی شەڕەکە و ژنە ئێزدییەکانیش کە گەورەترین قوربانی ئەو جەنگە بوون.


محەممەدی حاجی مەحموود دەڵێ بێگومانە لەوەی هەموو لایەک بە ئەنقەست باسی کەرکوکیان نەکرد و لەبارەی ژنە ئێزدییەکانیشەوە گوتی "ئەڵبەتە ئەویش نەویستراوە باس بکرێ". گوتیشی "هەندێک خۆڵادان هەبوو لەو دیدارەدا، بەڵام بۆ ساڵی داهاتوو ئەو دیدارەی زانکۆی ئەمریکی بەهێزتر و کاریگەرتر دەبێ".

سکرتێری حیزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان دەڵێ بەرپرسی یەکەمی هێزەکانی حەشدی شەعبی "ئازایانە و ڕاستگۆیانە وتاری پێشکەش کرد". کاتێک گوتی "بەڵێ ئێران یارمەتیمان دەدات و پێشمان باشە ئێران هاوکاریمان دەکات".



(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

ڕووداو
ئابووری
ژمارە (351) دووشەممە 2015/3/16



## عێراق 21 ملیار دۆلار قەرزاری کۆمپانیا نەوتییەکانە

**ڕووداو- بەغدا**

لە کۆبوونەوەی نێوان لیژنەی نەوت و گاز و لیژنەی دارایی لەگەڵ نوێنەرانی وەزارەتی نەوتی عێراق، وەزارەتی ناوبراو داوای لە پەرلەمان کردووە کە ڕێگەچارەیەکی بۆ بدۆزنەوە بۆ ئەوەی عێراق لەو قەیرانە داراییە دەربهێنرێ. بەپێی زانیارییەکان حکومەتی عێراق 21 ملیار دۆلار قەرزاری کۆمپانیا نەوتییەکانە، بۆیە هەوڵ دەدرێت شێوازی گرێبەستە نەوتییەکان گۆڕانکاریان بەسەردابێت. وەزارەتی نەوتی عێراق لەهەوڵی زیاتر بەرهەمهێنانی نەوت دایە چونکە90%ی داهاتی عێراق پشتی بە نەوت بەستووە.



# دۆلار ئاگری لە بازاڕ بەرداوە

## ئابووریناسێک: نرخی دۆلارێک تاوەکو 1400 دینار بەرزدەبێتەوە

## پەرلەمانتارێکی عێراق: تەنیا هاووڵاتی باجی بەرزبوونەوەی دۆلار دەدات



(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

ئەندامێکی لیژنەی دارایی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق پێشبینی دەکات لە چەند ڕۆژی داهاتوودا بەهای دۆلار دابەزێت و هۆکاری بەرزبوونەوەی بەهاکەشی لە دوو هەفتەی ڕابردوودا بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە بانکی ناوەندی خستنەڕووی دۆلاری سنووردار کردبوو.

بەهۆی ئەو ڕێکارەی بانکی ناوەندیی عێراقی، ماوەی دوو هەفتەیە لە بۆرسە و بازاڕەکانی عێراق و هەرێمی کوردستاندا نرخی دۆلار لە بەرزبوونەوەیەکی خێرادایە، بەجۆرێک بەهای 100 دۆلاری ئەمەریکی لە 122 هەزاری دینارەوە بۆ 129 هەزار دینار بەرزبووەوە.

ئەم بەرزبوونەوەیە ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر نرخی کاڵا لە بازاڕەکانی عێراق و کوردستان جێهشت و ڕۆژ بەڕۆژ بەهای کاڵاکان بەگشتی و بەرهەمە خۆراکییەکان بەتایبەتی لە بەرزبوونەوەدایە.

شوکر عەلی قادر، خاوەنی کۆمپانیای (کوردە داوەت) بۆ بازرگانی گشتی و هاوردەکردنی کەلوپەلی خۆراکی، لە بازاڕگای حەمرای شاری هەولێر گوتی "بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخی دۆلار، نرخی تەواوی کەلوپەلە خۆراکییەکانی وەک شەکر، چا، برنج، زەیت، ئاوی تەماتە و پێداویستییە سەرەکییەکانی دیکەی خۆراک بەرزبووەتەوە، بۆ نموونە فەردەیەکی 10 کیلۆیی برنج، هەزار دیناری هاتووەتە سەر، هەروەها کارتۆنێک ڕۆن و ئاوی تەماتە بەهەمانشێوە".

بەقسەی ئەو بازرگانە، ئەوان ناچارن نرخی کاڵا بەرز بکەنەوە، چونکە کاڵاکانیان بە دۆلار دەکڕن و دۆلارەکەش لە بازاڕی دراو دەکڕن، وەکو بازرگانانی عێراق نین کە دۆلار بە نرخێکی هەرزان لە بانکی ناوەندیی عێراق دەکڕنەوە.

هەروەها گوتی "لە بەرزبوونەوەی نرخی دۆلاردا بازرگان زەرەر ناکات، باجی گرانبوونی نرخەکان دواجار دەکەوێتە ئەستۆی کڕیار".

### بۆ نرخی دۆلار بەرزبووەوە؟

نەجیبە نەجیب، ئەندامی لیژنەی دارایی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، هۆکاری بەرزبوونەوەی نرخی دۆلاری بۆ ئەو ڕێکارە گەڕاندەوە کە لەلایەن بانکی ناوەندییەوە دوای پەسەندکردنی بودجە گیراوەتەبەر و گوتی "لە بانکی ناوەندیی عێراق بەشێک بەناوی زیادکردنی ئاشکرا هەیە کە ئەرکیان فرۆشتن و خستەڕووی دۆلارە بۆ جێگیرکردنی نرخی دۆلار لە بۆرسە و بازاڕەکانی عێراقدا، ئەم بەشە بەر لە پەسەندکردنی بودجە، هەفتانە 5 ڕۆژ دۆلاریان دەفرۆشتە هەر کەس و کۆمپانیایەک کە خواستی لەسەر کڕینی هەبووایە، بەڵام بەهۆی جێگیرکردنی بڕگەیەک لە یاسای بودجە، ڕێوشوێنی فرۆشتنی دۆلار گۆڕا".

نەجیبە نەجیب باسی ئەو گۆڕانکارییەی کرد و گوتی "ئێستا ئەم بەشە ڕاستەخۆ دۆلار نافرۆشێت، بۆ نموونە ئەگەر بازرگانێک بیەوێت کاڵایەک لە دەرەوە بهێنێ، دەبێت سەرەتا بۆ کڕینی دۆلار داوایەک ئاراستەی بانکی ناوەندی بکات و بەڵگەنامە پێشکەش بکات، بانکی ناوەندیش لێکۆڵینەوە لەدانی باج و ڕەسمی گومرگی دەکات، ئینجا دوای 15 ڕۆژ، ڕەزامەندی دەدات لەسەر فرۆشتنی ئەو بڕە دۆلارەی کە خاوەن کۆمپانیاکە داوای کردووە، بەهەمانشێوە نووسینگەکانی ئاڵوگۆڕی دراو دەبێت هەمان داوا پێشکەش بکەن، ئەمەش وایکرد خستەڕووی دۆلار کەم بێت و نرخی دۆلار بەرزبێتەوە".

ئەم ئەندامە کوردەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، گوتیشی "جێبەجێکردنی ئەم ڕێوشوێنە لەلایەن بانکی ناوەندییەوە بەهۆی جێگیرکردنی بڕگەیەکی هەڵە بوو لەلایەن لیژنەی دارایی لە یاسای بودجە کە بەپێی ئەو بڕگەیە بانکی ناوەندی بۆی نییە ڕۆژانە لە 75 ملیۆن دۆلار زیاتر بە بازاڕ بفرۆشێت، ئەمە لەکاتێکدا بوو کە پێشتر خستنەڕووی دۆلار بەگوێرەی خواستی بازاڕ بوو، زۆرجار لەڕۆژێکدا دەگەیشتە 250 ملیۆن دۆلار".

### ڕێژەی هەژاری زیاد دەکات

ئەیوب ئەنوەر سماقەیی، شارەزای ئابووری دەڵێت "بەرزبوونەوەی نرخی دۆلار کاریگەری ڕاستەخۆی هەیە لەسەر چینی هەژار و کەمدەرامەت بەگشتی و بەتایبەتیش ئەو کەسانەی داهاتیان جێگیرە وەک مووچەخۆر و فەرمانبەران، چونکە هەر بەرزبوونەوەیەک لە نرخ توانای کڕین بۆ ئەوان کەمدەکاتەوە و هەژاری لەنێو کۆمەڵگادا زیاد دەکات".

بەبڕوای ئەو شارەزا ئابوورییە، بەهای دۆلار هەڵکشانی زیاتر بەخۆوە دەبینێ، چونکە "خستنەڕووی دۆلار لەلایەن بانکی ناوەندی بۆ بازاڕ کەمبووەتەوە، حکومەتی عێراق لەم ڕێگەیەوە هەوڵی زیادکردنی یەدەگی نەختینەی خۆی دەدات، بەڵام ئەم بەرزبوونەوەیە کاتییە و لەوانەیە نرخی 100 دۆلاری ئەمەریکی تا 135 یان 140 هەزار دیناری عێراقی بەرزبکاتەوە".

گوتیشی "حکومەتی عێراق ئەو کارەی بۆ ئەوە کرد کە پارێزگاری لە داهاتی چینی هەژار و مامناوەند بکات، چونکە بەشێکی زۆری دانیشتوانی پارێزگاکانی عێراق لەژێر هێڵی هەژاریدان، بەڵام بەپێچەوانەوە ئەم سیاسەتە زیان بە پیشەسازیی نیشتمانی دەگەیەنێت، چونکە تێچووی هەر کاڵایەکی دروستکراوی خۆماڵی لە کەلوپەلی هاوردە زۆر زیاتر دەبێت، دواجاریش بەهۆی هاوردەکردنی کەلوپەلی بیانی هاووڵاتیان باجی گرانبوونی نرخی دۆلار دەدەن".

نەجیبە نەجیب، دەڵێت "جێگیرکردنی ئەم بڕگەیە لەلایەن سەرۆکی لیژنەی دارایی لە یاسای بودجە و دەنگدان لەسەری لە پەرلەمانی عێراق، بەبێ ڕاوێژکردن بوو بە بەرپرسانی بانکی ناوەندی و ڕەخنەیەکی زۆری لێ گیرا، چونکە ئەم بڕگەیە ڕاستەخۆ نرخی دۆلاری بەرزکردەوە، بۆیە بانکی ناوەندی لە دادگای فیدراڵی تانەی لەم بڕگەیەی یاساکە دا و ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقیش داوای لە بانکی ناوەندی کردووە چارەسەری بەرزبوونەوەی نرخی دۆلار بەرامبەر بە دیناری عێراقی بکات".

بەبڕوای ئەو پەرلەمانتارە، لە بەرزبوونەوەی بەهای دۆلاردا بەرامبەر دینار، قوربانیی یەکەم هاووڵاتیانن، چونکە بەگوێرەی گوتەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاوردە و هەناردەی عێراق، ئێستا 99%ی پێداویستیەکان لە کاڵا و خۆراک لە دەرەوە هاوردە دەکرێت و کڕینی ئەم کاڵایانەش بە دۆلارە".

ئەو ئەندامەی لیژنەی دارایی عێراق پێشبینی دەکات لەچەند ڕۆژی داهاتوودا نرخی دۆلار دابەزین بەخۆوە ببینێ، چونکە وەک ئەو دەڵێت "بانکی ناوەندی بۆ جێگیرکردنی نرخی دۆلار بڕیاری داوە وەکو جاران ڕۆژانە دۆلار بە نووسینگەکانی ئاڵوگۆڕی دراو بفرۆشێ".

# نەورۆزی ئەمساڵ بێ گەشتیار دەبێت



(فۆتۆ: سێڤان محەمەد سەلیم)

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

پێدەچێ ئەم نەورۆزە بێ سەرئێشەترین نەورۆز بێت بۆ بەرپرسانی کەرتی گەشتیاری، چونکە هەر لە ئێستاوە پێشبینی دەکەن لەم نەورۆزەدا کەمترین گەشتیار ڕوو لە کوردستان بکەن.

گوتەبێژی دەستەی گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان بە (ڕووداو)ی گوت کە چاوەڕێی هاتنی ژمارەیەکی زۆری گەشتیار لە نەورۆزی ئەمساڵ بۆ هەرێمی کوردستان ناکەن، بۆیە هیچ ئامادەکارییەکیان بۆ پێشوازی لە گەشتیاران لە ڕۆژانی نەورۆزدا نەکردووە.

بەپێی ئاماری دەستەی گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان، لە 5 ساڵی ڕابردوودا ساڵ بەساڵ هاتنی گەشتیاران بۆ کوردستان ڕوو لە هەڵکشان بووە، بە جۆرێک لە ساڵی 2008دا 791هەزار گەشتیار هاتبوونە کوردستان، بەڵام لە ساڵی 2013دا ژمارەی گەشتیاران نزیکبووەوە لە 3 ملیۆن کەس. زۆربەی گەشتیارانیش لە بۆنەکان و بە تایبەتی لە جەژنی نەورۆزدا هاتوونەتە کوردستان.

لە ناوەڕاستی ساڵی ڕابردوودا بەهۆی سەرهەڵدانی شەڕی داعشەوە هاتنی گەشتیار بۆ کوردستان بە ڕێژەی 60% کەمی کرد، بە تایبەتی گەشتیارانی عەرەب. ئەمساڵ پێشبینی دەکرێت ژمارەی گەشتیاران زۆر لەو ڕێژەیەش کەمتر بێت.

نادر ڕوستی، گوتەبێژی دەستەی گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان گوتی "بەهۆی ئەو بارودۆخەی هەرێمی کوردستان و عێراق پێیدا تێدەپەڕێ، لە نەورۆزی ئەمساڵدا پێشبینی ناکەین ژمارەی بەرچاو لە گەشتیاران بۆ گەشت ڕوو لەشارەکانی کوردستان و ناوچە گەشتیارییەکان بکەن".

نادر ڕوستی، هۆکاری کەمبوونەوەی ژمارەی گەشتیاران لە نەورۆزی ئەمساڵدا بۆ شەڕ و ناسەقامگیریی ئاسایش لە شارەکانی عێراق دەگەڕێنێتەوە "بەشێک لەو گەشتیارانەی ساڵانی ڕابروو لە شارەکانی خواروو و ناوەڕاستی عێراق لە نەورۆزدا دەهاتنە کوردستان، ئێستا لە کوردستان ئاوارەن، بەشەکەی دیکەشی بەهۆی نەبوونی ڕێگا و شەڕ و ناسەقامگیریی بارودۆخی ئاسایشی ناوچەکانیان ناتوانن گەشت بکەن بۆ کوردستان".

ساڵانی ڕابردوو ژمارەیەکی زۆر لە گەشتیارانی ئێرانی و گەشتیارانی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕوویان لە هەرێمی کوردستان دەکرد، بە تایبەتی لە نەورۆزدا. نادر ڕووستی لەو باوەڕەدا نییە ئەوانیش ئەمساڵ گەشت بکەن بۆ کوردستان.

ڕووستی گوتی "گەشتیارانی ئێرانی و ناوچەکانی دیکەش بەهۆی ئەو شەڕ و ناسەقامگیرییەی ناوچەکە ئارەزووی گەشت ناکەن بۆ کوردستان، بۆیە هیچ ئامادەکارییەکمان بۆ پێشوازی لە گەشتیاران نەکردووە، تەنیا ئەوە نەبێت لە ڕۆژانی جەژندا بۆ پاکڕاگرتنی ژینگەی ناوچە گەشتیارییەکان، هەندێ ڕێنمایی بەسەر گەشتیاراندا دابەش دەکەین".

### میوانی هوتێلەکان 150% کەمی کردووە

بەپێی ئاماری دەستەی گەشتوگوزار، لە نەورۆزی 2013دا زیاتر لە 415 هەزار گەشتیار لە ماوەی 13 ڕۆژدا ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردبوو، بەم هۆیەشەوە بەشێکی زۆری گەشتیاران بەهۆی نەبوونی شوێنی مانەوە لە هۆتێلەکان، شەوانە لە قوتابخانەکان و سەر شەقامەکان و نێو پارکەکان دەمانەوە.

جوتیار محەممەد ساڵح، خاوەنی میوانخانەی مەم و زین لە شاری سلێمانی بە (ڕووداو)ی گوت "ئەمساڵ ژمارەی گەشتیاران بەراود بە ساڵانی ڕابردوو بە ڕێژەی 150% کەمی کردووە، بەجۆرێک ئێستا کە چەند ڕۆژێکی کەمی ماوە بۆ نەورۆز، تاکە ژوورێکمان حیجز نەکراوە، بەڵام ساڵانی پێشوو زۆربەی ژوورەکانمان لەم کاتەدا حیجزکرابوون".

میوانخانەکەی جوتیار، 84 ژووری نووستنی هەیە، بەڵام وەک جوتیار ئاماژەی بۆ کرد، شەوان 10 ژووریان میوانی تێدایە، ئەوانیش هیچیان گەشتیار نین "زۆربەیان بووک و زاوان، یان دانیشتووی شار و شارۆچکەکانی کوردستانن کە لەگەڵ شاندی حکومی یان ڕێکخراوە ناحکومییەکان هاتوونەتە نێو شار".

هێرش ئەحمەد، سەرۆکی کۆمەڵەی میوانخانە و چێشتخانەکانی هەرێمی کوردستان دەڵێت ساڵانی ڕابردوو لە سەرەتای مانگی ئادارەوە ژووری زۆربەی میوانخانەکان لەلایەن گرووپە گەشتیارییەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراقەوە پێشوەختە حیجز دەکران و تەنانەت دەستەی گەشتوگوزار بە هاوکاریی ئیدارەی پارێزگاکان ئامادەکارییان بۆ هەڵدانی خێمەی گەشتیاری لە پارک و شوێنە گەشتیارییەکان دەکرد، بەڵام ئەمساڵ بەپێچەوانەوە 85%ی ژووری هوتێلەکان چۆڵن.

هێرش ئەحمەد پێشبینی ناکات بۆ نەورۆزی ئەمساڵ هیچ گەشتیارێک ڕوو لە هەرێمی کوردستان بکات.

### سەرۆکی کۆمەڵەی میوانخانە و چێشتخانەکان:

### تاوەکو ئێستا زیاتر لە 80 هۆتێل و مۆتێل داخراون

لە هەرێمی کوردستاندا زیاتر لە 860 هوتێل و موتێل، 1625 ڕێستورانت و کافتریای گەشتیاری و 74 گوندی گەشتیاری هەن، بەڵام لە ساڵی ڕابردووەوە بەهۆی قەیرانی دارایی و کەمیی ژمارەی گەشتیاران ژمارەیەکیان داخراون.

هێرش ئەحمەد بە (ڕووداو)ی گوت "بەهۆی نەبوونی گەشتیار و بەرزکردنەوەی نرخی کارەبا و باج، تاوەکو ئێستا زیاتر لە 80 هۆتێل و مۆتێل (36 لە هەولێر، 24 لە سلێمانی و 20 لەدهۆک) داخراون، ڕۆژ بە ڕۆژیش ژمارەی ئۆتێل و مۆتێلە داخراوەکان لەزیادبووندایە، تەنانەت هۆتێلی 5 ئەستێرەشیان تێدایە".

هەروەها گوتی "تاوەکو ئێستا هیچ ژوورێک بەمەبەستی گەشتی نەورۆز لەلایەن کۆمپانیاکانی گەشتیاری و تەنانەت کەسیشەوە حیجز نەکراوە، بۆیە بەدڵنیاییەوە دەڵێم ئەمساڵ کوردستان نەورۆز بەبێ گەشتیار بەڕێدەکات، تەواوی ساڵەکەش ساڵی نەهامەتی دەبێ بۆ کەرتی گەشتیاری".



گۆران شێخ مستەفا

# نرخی نەوت شەڕی دراوەکان هەڵدەگیرسێنێ

## نرخی دۆلار بەم ئاستبەرزییە دەمێنێتەوە تا ئەو کاتەی سیاسەتی نەختینەی ئەمریکا یان ئەوروپا گۆڕانی بەسەردا دێت

نرخی نەوت کاریگەری لەسەر ئاڵوگۆڕی دراوەکان جێدەهێڵێ و ناهاوسەنگی دەخاتە بۆرسەکانیشەوە. لەوەتای نرخی نەوت دەستی بە دابەزینێکی خێرا و بەردەوام کردووە، گۆڕانێکی بەردەوامی خاویشی بەسەر ئاڵوگۆڕی دراوەکاندا بەرامبەر بەیەکتری هێناوەتە کایەوە. ئەگەرچی بەهێزترین کاڵا لە بەرامبەر بەرزونزمیی نرخی نەوت و ئاڵوگۆڕی دراوەکاندا زێڕە، بەڵام ئەم کاڵایەش کاریگەر بووە بە گۆڕانکارییەکانی نرخی نەوت لەلایەک و ناسەقامگیریی نرخی ئاڵوگۆڕی دراوەکان لەلایەکی دیکە. هەرچەندە لەڕووی تیۆرییەوە بەڵگەکان کەمن دەربارەی کاریگەریی نرخی نەوت لەسەر ئاڵوگۆڕی دراو، بەڵام لە پراکتیکدا چەند بەڵگەیەک هەن کە بەڕوونی کاریگەریی نرخی نەوت لەسەر ئاڵوگۆڕی دراوەکان دەردەخەن. باشترین نموونەش بێ بەهابوونی نرخی ڕۆبڵی ڕووسی و دەستبەرداربوونی ئازەربایجان بوو لە خۆبەستنەوەی بە دۆلاری ئەمەریکی.

هیچ وڵاتێک هێندەی ڕووسیا زیانی دارایی بێ بەهابوونی نەوتی بەرنەکەوتووە کە دەگاتە نزیکەی 100 ملیار دۆلار لە ساڵێکدا. دراوەکەشی لە بەرامبەر دۆلار بەشێوەیەکی کاریگەر ڕووی لە دابەزین کرد، بەڵام ڕازیش نەبوو بەو پێشنیازەی ئۆپێک کە پێکەوە بەهۆی کەمکردنەوەی بەرهەمهێنانی نەوت ڕێگە لە دابەزینی بەهاکەی بگرن. ڕەنگە تەنیا سوودی کەمکردنەوەی بەرهەمهێنانی نەوت بۆ ڕووسیا ئەوەبێت کە ئەو کەمکردنەوەیە ببێتە هۆی بەرزبوونەوەی بەهای دراوەکەی. بەڵام ئەوەی ڕوونە لەبەردەم ڕووسیادا ئەوەیە کە لە ئەگەری کەمکردنەوەی بەرهەمهێنانی نەوتدا، کورتهێنانێکی زۆرتر لە بودجەکەی ڕوودەدات. چونکە دراوەکە و نەوتەکەشی پێکەوە بەیەک ئاڕاستە کاریگەرن بەنرخی جیهانیی وزە.

جێگیریی بارودۆخی سیاسی و ئەدای ئابووریی وڵات کاریگەری لەسەر بەهای دراوەکەی لە بەرامبەر دراوەکانی دیکە دەبێت. دۆخی ئێستای عێراق کە گرفتی سیاسی قووڵ و شەڕی بەردەوامی تێدایە، کاریگەریی خستووەتە سەر متمانەکردن بە دراوەکەی و گواستنەوەی گۆڕینی سەرمایە لە دیناری عێراقییەوە بۆ دراوێکی جێگیرتر کە دۆلارە. ئەم بێ متمانەییە بە دینار و بەهێزبوونی دراوی دۆلار، وای کردووە دیناری عێراقی لەچەند هەفتەی ڕابردوودا زیاتر لە 0.4%ی بەهاکەی لەدەستبدات.

لەڕووی تیۆرییەوە، وا لێکدەدرێتەوە کە دابەزینی خێرای نرخی نەوت لە چەند ڕێگایەکەوە کاریگەرییەکەی دەگوازرێتەوە بۆ نرخی ئاڵوگۆڕی دراوەکان، لەوانەش: لەڕێی بازرگانی و هەروەها گواستنەوەی خێرای سەرمایەوە.

کاتێک وڵاتانی هەناردەکاری نەوت لەگەڵ وڵاتانی هاوردەکار بازرگانی دەکەن، کاریگەری لەسەر حسابی جاری و میزانیەی مدفوعات دەبێت. ئەگەر بەهای وڵاتی هەناردەکار زیاتر بێت لە بەهای هاوردەکانی، ئەوا بازرگانییەکە کاریگەرییەکی ئەرێنی دەبێت. لە ئەنجامدا زیادبوونی داهاتی هەناردەکاری وا دەکات خواست لەسەر دراوی وڵاتی هەناردەکار زیاد بکات و (بەپێچەوانەشەوە) دەرئەنجام بەهای دراوەکە بەرزدەبێتەوە. بەڵام لەبەرئەوەی نرخی نەوت بە ڕێژەیەکی بەرچاو دابەزیوە و ئاستی هەناردەکاری عێراق کەمترە لە بڕی خەرجییەکانی هاوردەکاری، ئەوا دراوەکەی تووشی داخوران دەبێت.

ڕێگایەکی دیکە بوونی سەرمایە و گواستنەوەی خێرایەتی کە کاریگەری لەسەر نرخی ئاڵوگۆڕی دراوەکان دەبێت. دابەزینی نرخی نەوت بووە هۆی گواستنەوەی بڕێک سەرمایە لە وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوتەوە بۆ بەکارهێنەرانی، بەمەش نرخی ڕاستەقینەی ئاڵوگۆڕ بۆ دراوی وڵاتانی هەناردەکار تووشی کەمبوونەوەی بەهاکەی دەبێت لە بەرامبەر دراوە قورسەکاندا.

ئەوەی لە تیۆرە ئابوورییەکانەوە دەستدەکەوێت، ئەوەیە کە نرخی دراوی وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت لەگەڵ دابەزینی نرخی نەوت بەهاکەی کەم دەبێتەوە. بەڵام هەموو جارێک تیۆرییەکان ناسەلمێندرێن و بەڵکو هەندێکجاریش پێچەوانە دەبنەوە.

لە لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانیدا بۆ سەلماندنی ئەو تیۆرییە و بۆ دۆزینەوەی پەیوەندیی نێوان شۆکی نەرێنیی نەوت (دابەزینی نرخ) و ڕێژەی ئاڵوگۆڕی دراوەکان، بەتایبەتی دراوی وڵاتانی هەناردە و هاوردەکاری نەوت، ئامارەکانی 43 وڵات لەماوەی ساڵانی 1986 تاوەکو 2013 بەکارهاتووە. لەو لێکۆڵینەوەیەدا دەرکەوتووە کە بەڕوونی پەیوەندییەکی تەواو لەنێوان نەوت و بەهای ئاڵوگۆڕی دراوەکان نییە لەکاتی دابەزینی نرخی نەوتدا. بەڵام بەتەنیا بۆ وڵاتانی هەناردەکار لێکۆڵینەوەکە ئەوەی سەلماندووە کە بۆ بەرگرتن بە کەمبوونەوەی بەهای دراوەکەیان، هەنگاو دەنێن بۆ کەمکردنەوەی یەدەگی دراوی بیانی. ئەوەی سەلمێنراوە، ئەوەیە کە وڵاتانی هەناردەکار لەکاتی دابەزینی بەهای نەوت کە بەهۆی کەمبوونەوەی خواست بێت لەسەری، ئەوا ڕووبەڕووی دابەزینی بەهای دراوەکانیان بوونەتەوە. ئەم سەلماندنەش تەنیا لەکاتێکدایە کە دابەزینەکە بەهۆی کەمی یان نەبوونی خواست بێت لەسەر نەوت.

دابەزینی نرخی نەوت، شەڕی دراوەکانی هەڵگیرساند. گۆڕانکارییەکانی نرخی دۆلار بەرامبەر یۆرۆ بەتەنیا ڕووداوێکی ئاسایی بۆرسەکان نین، بەڵکو بەرکەوتەی وڵاتانی هاوردەکاری نەوتە بەو زیانەی بەر وڵاتانی هەناردەکار کەوتووە. لەڕاستیدا گۆڕانی دۆلار تەنیا لەبەرامبەر دیناری عێراقی ڕووینەداوە، بەڵکو لەماوەی هەفتەی ڕابردوودا زۆربەی دراوەکان لە جیهاندا لە بەرامبەر دۆلار پاشەکشەیان کردووە، وەک یۆرۆ و لیرەی تورکی و تەنانەت لە ئەفریقای باشووریش.

بەجیا لە شیکارییەکانی لێکۆڵینەوە مەیدانییەکە، لۆژیکێکی ئابووریانە لەپشت بەرزبوونەوەی بەهای دۆلارەوە لە جیهاندا هەیە، ئەویش ئەوەیە کە بەهێزبوونی ئابوورییەکەت، هێز دەبەخشێتە دراوەکەت. ئابووریی ئەمەریکا لە ساڵی 2008ەوە بە بەهێزترین کاتیدا تێدەپەڕێت و ئارەزووی بەرزکردنەوەی نرخی سوودی هەیە و جیهانیش بەگشتی ئابوورییەکەی ڕوو لە دابەزین دەکات و ئارەزووی کەمکردنەوەی نرخی سوودی هەیە. ئەم جیاوازبوونەی ئەمەریکاش بۆ ئەو هاوسەنگییە دەگەڕێتەوە کە لەلایەک یەکەمین هەناردەکاری نەوتە و لەلایەکی دیش یەکەمین هاوردەکار.

ئەم بەرزبوونەوەیەی بەهای دۆلار لە بەرامبەر دیناری عێراقی بەتەنیا هۆکارەکەی ئەوە نییە کە وەک دەڵێن بانکی ناوەندیی عێراقی ڕێژەی خستنەڕووی دۆلاری کەمکردۆتەوە بۆئەوەی لە فرۆشتنی نەوت قازانج بکات یان چارەسەرەکەی بەتەنیا ئەوەبێت کە خستنەڕووی دۆلار لە بازاڕدا زیاد بکات. بەڵکو لەڕاستیدا نرخی دۆلار بەم ئاستبەرزییە دەمێنێتەوە تا ئەو کاتەی سیاسەتی نەختینەی ئەمریکا یان ئەوروپا گۆڕانی بەسەردا دێت.

بەرزبوونەوەی بەهای دۆلار لەسەر ئاستی ناوخۆی کوردستان و عێراق بۆ ئەو کەسانە باشە کە دەیانەوێت گەشتی دەرەوەی وڵات بکەن، بەڵام بۆ ئەوانەی کەلوپەل و کاڵاکانیان لەناوخۆدا بەدینار دەفرۆشن، تووشی زیان دەبن. زیانی گەورەی دابەزینی بەهای دیناری عێراقی بۆ هەرێمی کوردستان و عێراق ئەوەیە کە نزمیی بەهای دراوی عێراقی بەرامبەر دۆلار وا دەکات تێچووی هاوردەکردن زیاتر بێت لە بازاڕە جیهانییەکاندا و دواجار هاووڵاتیەکانیشی باجی ئەم بارگرانییە بدەن.

***ماستەر لە گەشەپێدانی ئابووری و شرۆڤەی سیاسەتە ئابوورییەکان-بەریتانیا**





عومەر ئەحمەد

# نەوت.. قەیرانی دارایی و وانەکانی

زۆربەی کات قۆناغی قەیران تەحەددای گەورەی لەبەردەم وڵاتاندا دروستکردووە، زۆر جاریش هەلی زێڕینی بەدوادا هاتووە. سەرهەڵدانی قەیران، هەرچەندە کێشەی جددی بۆ وڵاتان خولقاندووە، بەڵام ئەزموونی ئەو وڵاتانە لە تێپەڕاندنی قەیرانەکان و چارەسەرکردنی کێشەکاندا، هەندێ جار بووەتە مایەی دەستکەوتی گەورە لە قۆناغەکانی دوای قەیراندا.

پاش شەڕی ڕزگارکردن یان داگیرکردنی عێراق لە 2003، هەرێمی کوردستان هەوڵی دا بەختی خۆی لەگەڵ عێراقی نوێ لە چوارچێوەی سیستەمێکی فیدراڵیدا تاقیبکاتەوە. ئەو ڕێگەیەش ئەستەم و پڕ لە ژانەسەر بوو، پاش ئەوەی بۆی دەرکەوت گۆڕینی ڕژێمی دیکتاتۆر لە عێراق تەنیا ڕوخسارەکانی لە بەغدا گۆڕیوە و هزری دەسەڵاتدارانی ئێستای عێراق لەگەڵ ڕژێمی پێشوو کەمترین گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە. ئەو هەموو هەوڵانەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان و نوێنەرەکانی لە بەغدا داویانە لە 12 ساڵی ڕابردوودا بۆ وەرگرتنی لانیکەمی مافەکانی خەڵکی کوردستان، ئەگەر لەناوخۆی کوردستان بدرابان بۆ کاراکردن و باش بەڕێوەبردنی حکومەت و دامەزراوە یاساییەکان، ئەوا ئێستا کوردستانێکی بەتەواوەتی جیاوازمان دەبینی.

ناکۆکیی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق چەندین جار گەیشتە لوتکەی خۆی، بەڵام تا سەرەتای ساڵی 2014 نەتەقییەوە. ئەوکاتەی کە بەغدا ڕێگری کرد لە ناردنی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان، هەموو خەونی کارپێکردنی سیستەمی فیدراڵی لە عێراق لە ڕوانگەی کوردەوە بووە تراویلکە و دەستبەجێ ڕەوییەوە. لە جیهاندا شتی وا وێنەی نەبووە، مەگەر ئەنجامەکەی لێکترازان و دابەشکردنی وڵاتانی لێکەوتبێتەوە، نزیکترین نموونەش بۆ سروشتی ململانێی هەرێمی کوردستان و عێراق، جیابوونەوەی باشووری سوودانە کە ئێستاش کێشەکانی لەگەڵ باکوور هەر لە چوارچێوەی سامانی نەوت و گاز و ناوچە کێشە لەسەرەکاندا بەردەوامە. لەڕاستیدا گەورەترین یارمەتیدەری بیرۆکەی جیابوونەوەی کورد لە عێراق هەر خودی بەرپرسانی بەغدان کە ناتوانن کورد لە چوارچێوەی عێراقێکی فیدراڵدا ڕازی بکەن. لەبەر ئەوەیە کە وەک بڵێی سەرکردایەتی کورد لە جیاتی هاوئاهەنگی زیاتر لەگەڵ بەغدا، لەبواری ئابووری و نەوت هەر لە دوای 2005 ەوە بیری لە بەڕێوەبردنی سەربەخۆی سامانی خۆی کردەوە، چونکە هیچکات متمانەی بە عێراقی نوێ و دەسەڵاتدارانی نەبووە و نابێت.

هەر لە سەرەتای پەرەپێدانی پیشەسازیی نەوت لە هەرێمی کوردستان و دەستپێکردنی دۆزینەوە و گەڕان لە دوای نەوت و تەنانەت پێش گەیشتن بە قۆناغی بەرهەمهێنانی نەوت، بەغدا بەتوندی دژی وەستایەوە. لە سەرەتادا بەغدا دژایەتی گرێبەستەکانی هەرێمی کوردستانی دەکرد لەگەڵ کۆمپانیاکانی نەوت بە بیانووی جیاواز، وەک ئەوەی کە قازانجی کۆمپانیاکان لە کوردستان زۆرترە لەوانەی بەغدا. پاش دۆزینەوەی نەوت و گازیش لە چەندین کێڵگەی نەوتی و گەیشتن بە قۆناغی بەرهەمهێنان، بە ئاشکرا دژی وەستایەوەو کوردستانی بە قاچاخبردنی نەوتی عێراق تۆمەتبار کرد. کاتێکیش کە بۆڕی گواستنەوەی نەوت دامەزرا، بەتوندی ئیدانەی کرد و ئاگریان تێبەربوو. بە هەناردەکردنی نەوتیش لەڕێی ئەو بۆڕییەوە و فرۆشتنی لە بازاڕە جیهانییەکاندا، زانییان لەوە بەدواوە کاریان تەواو بووە و کوردستانیان بەکردەیی بۆ هەمیشە لەدەستداوە.

ڕاست و دروستیی ئەو سیاسەتەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە 10 ساڵی ڕابردوودا ئێستا بەدیدەکرێت. ڕاستە بەپێی ئەم ڕێککەوتنەی دوایی، هەرێمی کوردستان 250 هەزار بەرمیل نەوتی بەرهەماتووی خۆی ڕادەستی سۆمۆ دەکات، بەڵام وەک ئەوە وایە کە کوردستان نەوت بە وڵاتێکی دیکە دەفرۆشرێت لەبری ئەو پارەیە کە بڕیارە لە چوارچێوەی بودجەی عێراق وەریگرێت. عەمبارەکانی نەوتی هەرێمی کوردستان لەوەی بەغدا جیاوازن و بەتەواوەتی کۆنترۆڵی نەوتی هەرێمی کوردستان لەدەستی خۆیەتی و هەرکات بە باشی زانی دەتوانێت نەوت لە عەمبارەکانی خۆی نەگوازێتەوە بۆ عەمبارەکانی عێراق لە بەندەری جیهانی تورکیا.

ئێستا بەغدا نە باسی گرێبەستەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات لەگەڵ کۆمپانیاکانی نەوت و نە باسی فرۆشتنی ڕاستەوخۆی نەوت دەکات لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە، تازە لەوە تێپەڕیوە کە ئەوان ڕەخنە لە بەڕێوەبردنی کەرتی نەوتی هەرێم بگرن، بەڵکو کێشەیان لەسەر ژمارە و بڕی هەناردەکردن و بابەتی دیکەی تەکنیکییە. سیاسەتی بە ئەمری واقیع کردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستکەوتی زۆری هەبووە. تەنیا بەسە وتەکانی ئێستای بەرپرسانی حکومەت و وەزارەتی نەوتی عێراق بە وەزیری پێشووی نەوت، حوسێن شەهرستانیشەوە لێکبدەینەوە. ئەو گۆڕانکارییە کە لە لێدوانەکانی ئەو بەرپرسە عێراقییانە هاتووەتە ئاراوە، دەریدەخەن کە کورد چ دەستکەوتێکی گەورەی بەرامبەر بە عێراق بەدەستهێناوە. وای لێهاتووە کە عادل عەبدولمەهدی کردنەوەی بۆڕی هەناردەکردنی نەوتی کوردستان بە دەستکەوتێکی گەورە بۆ هەموو گەلی عێراق ناودەبات. شەهرستانیش لە دوایین لێدوانیدا سەبارەت بە ڕێککەوتننامەکەی نێوان هەولێر و بەغدا و پێنەدانی بودجەی کوردستان، تەنیا باس لەوە دەکات کە گەنجینەی عێراق بەتاڵە و خۆی چیدیکە لە قەرەی نەوتی هەرێم نادات. لە ڕاستیدا ئەوان چیدی ناتوانن دژایەتی نەوتی هەرێمی کوردستان بکەن، چونکە نەیانتوانی پێشی پێ بگرن و ئێستا تەنیا بۆ پاراستنی ئابڕوو بەناچاری لەگەڵ حکومەتی هەرێم ڕێککەوتوون و تەنیا داوای هاوکاری زیاتر دەکەن. ئەگینا دەزانن کوردستانیان لەدەستچووە و تێگەیشتوون لەوەی کەرکووکیش هەر بەهۆی لکاندنی نەوتەکەی بە بۆڕییەکەی کوردستانەوە تا چەند ساڵێکی دیکە بەتەواوەتی لە دەستیان دەردەچێت.


هەرێمی کوردستان ئێستا وڵاتێکی نەوتیی ناسراوە و ژمارەکانی بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی نەوتی دەستبەجێ کاریگەری لەسەر بازاڕی جیهانیی نەوت دروستدەکات. ئەگەرچی تێپەڕاندنی ئەو ڕێگایە ئاسان نەبووە و بڕینی بودجەی هەرێمی کوردستان لە 12 مانگی ڕابردوودا گەورەترین کێشە و قەیرانی دارایی بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان دروستکرد، بەڵام چۆکی پێ دانەدا.


وانە و ئەزموونی زۆریش هەن لەو قەیرانە داراییە کە بۆ حکومەتەکانی داهاتوو دەمێنێتەوە. ئەو قەیرانە داراییە وادەکات کورد بیر لە سەرچاوەی دیکەی داهات و پێداچوونە بە ڕەوشە داراییەکەی و وەرگرتنی باج بکاتەوە. بیر لە کەمکردنەوەی خەرجییەکان، وەرگرتنی قەرزی نێودەوڵەتی و داڕشتنی یاسای وردتر بۆ بەڕێوەبردنی ئابوورییەکەی بکاتەوە. بیر لەوە بکاتەوە چۆن دەتوانێت بە سوودگرتن لە داهاتی نەوت ژێرخانی ئابووری و سیاسی و بەرگری ئەم وڵاتە جێگیربکات.



# ونبوویەکی دیکەی هەڵەبجە لە سنەیە

**پشتیوان جەمال**
**رووداو- سلێمانی**





گەنجێکی کورد لەشاری سنەی رۆژهەڵاتی کوردستان، خۆی وەک یەکێک لە ونبووانی سەردەمی کیمیابارانی هەڵەبجە دەناسێنێ و داوا لە بەرپرسانی ئەو پارێزگایە دەکات بیبەنەوە بۆ زێدی خۆی. ئەو گەنجە ئێستا تەمەنی بووەتە 27 ساڵ و دەڵێ "باوکم پێش ئەوەی کۆچی دوایی بکات، پێیگوتم تۆ خەڵکی هەڵەبجەیت".

ئەو رۆژەی دانیشتووانی هەڵەبجە لە مەرگێکی بەکۆمەڵ هەڵدەهاتن و هەموو هیوایەکیان ئەوەبوو بگەنە سنوورەکان. بارزان منداڵێکی تازە لەدایکبوو بوو بە باوەشی باوکییەوە، هەرچۆن بوو گەیشتنە سنوور و تیمە فریاگوزارەکانی ئێران گەیاندیانە نەخۆشخانەیەک. بارزان ئەوکات تەمەنی تەنیا 9 مانگ بووە.

بەهۆی ونبوونی چەندین منداڵەوە کە هێشتا دەدۆزرێنەوە، یان ئەو بەرکەوتووانەی چەکە کۆمەڵکوژەکە کە هێشتا بەشێکیان بەسەر قەرەوێڵەی نەخۆشخانەکانەوە ژیان بەسەردەبەن، چیرۆکی هەڵەبجە و ئازارەکانی کۆتاییان نایەت. دیرۆکێک کە هێشتا شاران و وڵاتان دەگەڕێ، پێدەچێ گەڕانەوەی بارزان کەرنەڤاڵی ئازار و گریانێکی دیکە بەدوای خۆیدا بهێنێ.

ئەو منداڵە ونبووە دەڵێ، لەلایەن فەرمانگەیەکی شاری سنەوە دراوەتە خێزانێکی کوردی ئەو شارە. لەبەرئەوەی دایک و باوکە تازەکەشی منداڵیان نەبووە، ئەرکی بەخێوکردنی ئەویان گرتووەتە ئەستۆ.

هەوڵدانی ئەو گەنجە بۆ دۆزینەوەی کەسوکاری لەکاتێکدایە کە ئەمڕۆ 27 ساڵ تێدەپەڕێت بەسەر ساڵڕۆژی کیمیابارانی هەڵەبجە کە بەهۆیەوە نزیکەی پێنج هەزار هاووڵاتی شارەکە گیانیان لەدەستداو چەندین هاووڵاتی دیکەش ئاوارەی کۆماری ئیسلامیی ئێران بوون.

چەند ساڵێک لەمەوبەر گەنجێکی دیکەی ئەو شارە بەنێوی (زمناکۆ) دوای چەندین ساڵ ژیان لای ئافرەتێک لەئێران، گەڕایەوە هەرێمی کوردستان و بەدایکی شاد بووەوە.

بارزان لە سنەی رۆژهەڵاتی کوردستانەوە چیرۆکی دەربەدەربوونی خۆی بۆ (رووداو) دەگێڕێتەوە و دەڵێ "ساڵی 1988 لەلایەن محەممەد باقر جەعفەری و پەروانە محەممەدی کە ژن و مێردێکی شاری سنە بوون، لە فەرمانگەیەکی ئەو شارە ئەرکی بەخێوکردنی منیان گرتە ئەستۆ، بەڵام دایکەکەی سنەم لە ساڵی 2003 کۆچی دوایی کرد، هەروەها باوکە سنەییەکەشم 3 ساڵ لەمەوبەر بەیەکجاریی دنیای جێهێشت".

بارزان خوێندنی زانکۆی لەبواری وەرزشیدا تەواو کردووە و ئێستا کۆمپانیایەکی هەیە لەبواری بازرگانیدا کار دەکات. بەدرێژایی ژیانی لەگەڵ دایک و باوکە رۆژهەڵاتیەکەی، دایکی ئەو نهێنییەی پێ نەگوتووە هەتا نهێنییەکەی بردووەتە ژێر خاک، بەڵام دوای ژنهێنانی بارزان لە 2011دا، محەممەدی باوکی، سەرەتا ئەم نهێنییەی لای خێزانەکەی بارزان درکاندووە و دواتریش پێکەوە بە (بارزان)یان گوتووە "هەستێکی زۆر تایبەتم بۆ دروستبوو، لەوکاتەوە دەمەوێ هەڵەبجە و خزمەکانم بدۆزمەوە".

بارزان دڵنیایە لەوەی خەڵکی هەڵەبجەیە و دەڵێت "ئێستا خاڵ و مام و پوورەکانم لە سنە دەزانن من کوڕی خانەوادەکەیان نیم و هەڵەبجەییم".

سەبارەت بەوەی ئاخۆ هیچ بەڵگەیەکی هەیە بیسەلمێنێ کە ونبووی کیمیابارانی هەڵەبجەیە، گوتی "بەڵگەکانم ئەوەیە کە لەو فەرمانگەیە خوێنی دایک و باوکم وەرگیراوە و ساڵی رابردووش هاتم بۆ هەرێمی کوردستان بۆ وەزارەتی شەهیدان و پاشانیش سەردانی سلێمانیم کرد بۆ پشکنینی DNA".

چیرۆکی ژیانی ئەو گەنجە گەیشتووەتە لای کۆمەڵەی قوربانیانی هەڵەبجە و داوا دەکەن هەوڵەکان زیاتر بکرێن بۆ دۆزینەوەی کەسوکاری.

لوقمان عەبدولقادر، سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانیانی هەڵەبجە دەڵێ "قسەمان لەگەڵ بارزان کردووە و تەنیا کێشەمان دۆزینەوەی کەسوکارێتی. هیواداریشین هەوڵەکان بۆ ئەو مەبەستە بگەنە ئەنجام".

بەڵام هەواڵەکان لەلایەن بەرپرسانی شەهیدانی سلێمانییەوە بۆ ئەو گەنجە خۆش نین، چونکە ئەوان دەڵێن لە قۆناغی یەکەمی پشکنینەکاندا دەرکەوتووە بارزان کوڕی هیچ یەکێک لەو خێزانانە نییە کە کوڕیان ونبووە.

بەهادین محەممەد، بەڕێوەبەری گشتی شەهیدان و کاروباری ئەنفالکراوان لە سلێمانی دەڵێ ئەو کاتەی باوکی ئەو گەنجە لەژیاندا بووە، تیمیان ناردووەتە شاری سنە و تاران و قسەیان لەگەڵ باوکی و کەسوکارو دراوسێکانیشی کردووە "ئەو گەنجە هاتە لای ئێمە و پشکنینمان بۆ کرد، لای ئێمەش چەند خێزانێک هەن کە منداڵیان ونبووە و بەپێی ئەو سیفاتانەی لەو گەنجە و خێزانەکاندا هەبوون، گومان بۆ 2 خێزان دەبرا، بەڵام دوای پشکنینەکە دەرکەوت کوڕی ئەو 2 خێزانەش نەبوو".

بەهادین محەممەد دەڵێ ئەوە قۆناغی یەکەمی پشکنینەکە بووە و پشکنینی DNAی ئەو گەنجەیان لا پارێزراوە و هەر کاتێک خێزانێکی دیکەی هەڵەبجەیی بڵێت کەوا کوڕێکیان دیار نەماوە، ئەوا پشکنینی بۆ دەکەنەوە تا بتوانن خێزانی بۆ بدۆزنەوە.

بەڵام بارزان گوتی هەتا ئێستا بەرپرسانی شەهیدان لە سلێمانی بەفەرمی پێیان نەگوتووە ئەنجامی پشکنینەکە بەو شێوەیە. بەڕێوەبەری گشتی شەهیدانیش ئاشکرای کرد کە لیژنەکەی ئەوان بە "زارەکی" لەو ئەنجامە ئاگاداریان کردووەتەوەو هەر لەهەوڵیشدا دەبن بۆ دۆزینەوەی کەسوکارەکەی.

# بەغدا تەنیا یەک باخی زەیتوونی بۆ هەڵەبجە دروست کردووە

**نەوزاد مەحموود**
**رووداو - سلێمانی**



( فۆتۆ: سیروان عەزین)

شاندەکەی پارێزگای هەڵەبجە گەڕانەوە بۆ شارەکەیان و چاوەڕێ دەکەن بەڵێنەکانی بەغدا بەدەردی ئەو بەڵێنانە نەچن کە کابینەکەی نووری مالیکی لە ساڵی 2008 پێیدان. هەر لەبەرئەوەشە کە زۆر گەشبین نین، بەڵام ئەندامێکی شاندەکە گوتی "عەبادی لە قسەکانی زۆر جددی بوو، بۆیە هێشتا دەبێ هیوایەکمان هەبێ".

ئەمڕۆ 27 ساڵ بەسەر رووداوەکەی 1988/3/16 تێدەپەڕێ. کاتێک فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای عێراق شاری هەڵەبجەیان بۆردومان کرد. سەرباری وێرانکردنی تەواوی شارەکە. لەکاتی پەیوەندییە باشەکانی نێوان کوردستان و بەغداشدا، خەڵکی هەڵەبجە بەردەوام گلەییان لە حکومەتی ناوەندی هەبووە، چونکە وەک قایمقامی پێشووی هەڵەبجە دەڵێ، دەبێ ئەوان لەخۆیان بپرسن ئەو 27 ساڵە بەغدا چی کردووە بۆ هەڵەبجە؟ لەکاتێکدا پەرلەمان و دادگای باڵای تاوانەکانی ئەو وڵاتە ساڵی 2009، دانیان بەوەدا نا کە هەڵەبجە لەلایەن سوپای پێشووی عێراقەوە کۆمەڵکوژ کراوە.

## 8 بەڵێنی دیکەی بەغدا

دوای ئەوەی د.فوئاد مەعسوم، سەرۆک کۆماری عێراق سەردانی هەڵەبجەی کرد و داوای لێکردن سەردانی بەغدا بکەن، شاندێک لە هەڵەبجەوە کە پێکهاتبوون لە قایمقام، سەرۆکی شارەوانی، سەرۆک و جێگری کۆمەڵەی قوربانییان، مامۆستایەکی ئاینی شارەکە و چەند کەسایەتییەک چوونە بەغدا، جگە لە بینینی حەیدەر عەبادی، سەرۆککوەزیرانی عێراق و سەرۆکی پەرلەمان و پەرلەمانتارانی کورد، لەوێ وەرەقەیەکیان دایە عەبادی کە 8 داواکاری تێدابوو.

لوقمان عەبدولقادر، سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانیانی هەڵەبجە، باسی داواکارییەکان دەکات کە پێکهاتووە لە قەرەبووکردنەوەی کەسوکاری قوربانیان، دروستکردنی هۆڵی بۆنەکان، دۆزینەوەی منداڵە ونبووەکان، دانانی بودجەیەکی تایبەت بۆ هەڵەبجە، کردنەوەی مەرزی شوشمێ، دروستکردنی دوو پردی ستراتیژی، پرۆژەی خزمەتگوزاری و کردنەوەی نووسینگەی پەرلەمانی عێراق لەهەڵەبجە.

لوقمان عەبدولقادر هەروەها گوتی "داوامانکرد پرۆژەی قەرەبوو کردنەوەی هەڵەبجە لەرێگەی پەرلەمانەوە بکرێتە یاسا و حکومەت بە گوێرەی ئەو یاسایە، دەست بە قەرەبوکردنەوەی هەڵەبجە بکات و ئاوەدانی بکاتەوە". هەروەها ئاشکرای کرد کە رۆژی 2015/3/16 ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق لۆگۆیەکی هەڵەبجە دەکات بە هەموو نووسراوەکانی حکومەت.

## باخە زەیتوونەکەی بەغدا

خۆشدووییەکەی بەغدا لەگەڵ شاندی پارێزگای هەڵەبجە چاوەڕوانکراو بوو، چونکە سەرەوەختی یادکردنەوەی رووداوە تاڵەکەیە و وەک گۆران ئەدهەم، قایمقامی پێشووی هەڵەبجە باسیدەکات "پرۆژە خزمەتگوزارییەکان و ئاوەدانکردنەوەی هەڵەبجە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە لەماوەی 27 ساڵی رابردوودا، تەنیا یەک باخی زەیتوون بووە".

قایمقامی پێشووی هەڵەبجە و چەند بەرپرسێکی دیکەی ئیداری شارەکە پێش 6 ساڵ سەردانی بەغدایان کرد و لەوێ مالیکی درێخی نەکرد لەبەڵێندان نەکرد لەگەڵیان. یەکێک لە بەڵێنەکانی ئەوکاتی مالکی ئەوەبوو هەڵەبجە بکرێتە پارێزگا، بەڵام وەک قایمقامی پێشووی هەڵەبجە دەیگێڕێتەوە، کاتێک بابەتەکەیان بردە ئەنجوومەنی وەزیران، پرسی بەپارێزگاکردنی تەلەعفەر و چەند ناوچەیەکی دیکەی شیعە و سوننەیان هێنایە پێشەوە و ئەو فایلە بەبێ هیچ جوڵاندنێک داخرایەوە.

دوای ئەوەی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق دۆسێی بە جینۆسایدناساندنی هەڵەبجەی یەکلاکردەوە، دەبوو رێکارە کردەنییەکانی قەرەبووکردنەوە و ئاوەدانکردنەوەی هەڵەبجە دەستپێبکات، بەڵام ئەوە 6 ساڵ تێدەپەڕێ و ئەمڕۆ زۆرترین قسەی بەرپرسە عێراقییەکان لەبارەی بێپارەییەوەیە.

عادل نووری، ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق هەرچەندە رەخنەی لە شێوازی پێکهێنانی شاندەکە و چوونیان بۆ بەغدا دەگرێ، بەڵام پێیوایە مادام لە سەردەمی قاسەپڕەکانی عێراق لە 2010 تاوەکو 2014 هەڵەبجە قەرەبوو نەکرایەوە " دڵنیام بەغدا تکریت و موسڵ ئاوەدان دەکاتەوە، بەڵام هێشتا قەرەبووی هەڵەبجە ناکاتەوە".

## "بەغدا مۆنۆمێنتی هەڵەبجەی پێویستە"

عادل نووری پێیوایە دەبوو شاندەکەی هەڵەبجە پێش ئەوەی بچنە لای عەبادی و سەرۆکی پەرلەمانی عێراق، لەگەڵ پەرلەمانتارانی کورد لەبەغدا کۆببنەوە، بۆ ئەوەی بزانن چۆن داواکارییەکانیان پێشکەش دەکەن و داوای چیدەکەن "نەک دوای کۆبوونەوە لەگەڵ ئەوان بێن لەگەڵ ئێمە قسەبکەن". گوتیشی "ئەگەر پێشتر لەگەڵ ئێمە قسەیان بکردایە، پێماندەگوتن داوای دروستکردنی مۆنۆمێنتێکی هەڵەبجە بکەن لە نێو پارکێکی بەغدا، بۆ ئەوەی خەڵکی ئاسایی بزانن لە هەڵەبجە چی روویداوە".

شاندەکە تەنیا ئالا تاڵەبانی، پەرلەمانتاری یەکێتییان لەگەڵ خۆیان بردە لای حەیدەر عەبادی و سەرۆکی پەرلەمانی عێراق. عادل نووری دەڵێ دەبوو سەرۆکی فراکسیۆنی کوردییەکانیان لەگەڵ بووایە. گوتیشی "دەبێ گوشار بکرێت بەهەموو شێوەیەک بۆ ئەوەی بەغدا خۆی لە قەرەبووکردنەوەی هەڵەبجە نەدزێتەوە".

## پەرلەمانتارێکی ئێران داوای چی کردووە؟

ساڵێک لەمەوبەر کاتێک شاندی کۆمەڵەی قوربانییانی هەڵەبجە سەردانی ئێرانیان کردووە، لەوێ لەگەڵ کاربەدەستانی ئێرانی باسی ونبووانی هەڵەبجەیان کردووە لە ئێران. پەرلەمانتارێکی ئەهواز لە پەرلەمانی ئێران، رێگا چارەیەکی پێشنیار کردووە بۆ ئەوەی شاندەکە بیگرنەبەر بۆ دۆزینەوەی منداڵە ونبووەکان.

لوقمان عەبدولقادر دەڵێ پەرلەماتارە ئێرانییەکە پێیگوتوون "لەرێگەی پەرلەمانی عێراقەوە ئەو پرسە بکەنە یاسا و پەرلەمان و حکومەتی عێراق ناچار بکەن بۆ منداڵەکان بگەڕێن". هەر بۆیە شاندەکە دوای ئەوەی بەڵێنی ئەوەیان وەرگرتووە کە "عەبادی دوای 3/16ی ئەمساڵ سەردانی هەڵەبجە دەکات"، سەرۆکی پەرلەمانی عێراقیش پێیگوتوون لەرێگەی پەرلەمانەوە "پرسی منداڵە ونبووەکان لەگەڵ ئێران باس دەکەین".

تاوەکو ئێستا 63 منداڵی هەڵەبجەیی دیارنین. ئەوانەی لە کاتی رووداوەکە پەراگەندەی سنوورەکان بوون و بەرپرسانی ئیدارەی هەڵەبجە بڕوایان وایە هەموویان لە ئێران گیرساونەتەوە. ئەوەش دوای گەڕانەوەی چەند منداڵێکی ونبوو.

لوقمان عەبدولقادر، سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانیانی هەڵەبجە دەڵێ حکومەتی عێراق لەگەڵ ئێرانییەکان هەوڵدەدات بۆ دۆزینەوەی ئەو منداڵانە "بەڵام ئەمە بەڵێنە و دەبێ چاوەڕوان بین، بزانین کەی جێبەجێ دەکرێت".



## کاکە باوە داوای هەڵوەشاندنەوەی یارییەک دەکات

**ڕووداو- ستۆکهۆڵم**

ئامینە کاکە باوە ژنە پەرلەمانتاری کورد لە پەرلەمانی سوێد، داوای هەڵوەشاندنەوەی یارییەکی دۆستانەی نێوان هەڵبژاردەی تۆپی پێی سوێد و ئێران دەکات کە بڕیارە لە کۆتایی ئەم مانگە بەڕێوەبچێت. کاکە باوە کە بەرەچەڵەک خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەو بارەیەوە وتارێکی لە ڕۆژنامەی ئەفتون بلادتی سوێدی بڵاوکردوەتەوە و دەڵێت: "لە ئێراندا ئامادەبوونی ژنان لە ستادیۆمی وەرزشیدا کە پیاوانی تێدا بن، قەدەغەیە، ئەگەر ئەم یارییە لەوێ بەڕێوەچووبا، ژنان بۆیان نەبوو بچنە نێو یاریگە". بۆیە داوا لە فیدراسیۆنی تۆپی پێی سوید دەکات یارییەکە هەڵبوەشێنێتەوە.

# بە پارەی کەنەدییەکان منداڵانی کورد چارەسەر دەکات





**ئاڤا هۆما**
**ڕووداو- تۆرنتۆ**

دکتۆر سارێن ئازەر، ناسۆری گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ وێرانەی نێو کۆبانی دەزانێت چۆنە، چونکە خۆی پێشتر ئاوارە بووە.

هەر لە 26ی مانگی یەکی ئەمساڵەوە، کاتێک پێشمەرگە و شەڕڤانان، چەکدارانی داعشیان لە کۆبانی وەدەرنا، خەڵکی ئەو شارە هێدی هێدی گەڕانەوە نێو خانووە ڕووخاوەکانیان.

دکتۆر ئازەر کە کوردێکی دانیشتووی کەنەدایە، دەڵێت "پاشماوەی جەستەی مرۆڤ و ئاژەڵ و نەبوونی داوودەرمان و کارمەندی تەندروستی هەڕەشەی گەورە لە سەلامەتیی ئەو کەسانە دەکەن کە دەگەڕێنەوە کۆبانی".

تەنیا نەخۆشخانەیەک لە کۆبانی هەبوو، ئەویش لەلایەن داعشەوە وێرانکراوە، ئێستا تیمەکەی دکتۆر ئازەر هەوڵی دروستکردنی نەخۆشخانەیەکی نوێ دەدات.

دکتۆر ئازەر لە چەندین شوێن و کاتی جیاوازدا وتاری لە ئۆنتاریۆ و کۆلۆمبیای بەریتانی پێشکەش کردووە وەکو هەوڵێک بۆ کۆکردنەوەی فەند بۆ دووبارە بنیاتنانەوەی کۆبانی.

25 ساڵ لەمەوبەر، دکتۆر ئازەر خۆی لە کامپێکی ئاوارەکاندا بووە لە عێراق لە کاتی شەڕی هەشت ساڵەی نێوان عێراق و ئێراندا. ئەو ساڵی 1994 گەیشتە کەنەدا و بەردەوام بوو لە خوێندن لە زانکۆی ئێدمۆنتن تاوەکو دکتۆرای وەرگرت. ئێستاش دکتۆری هەناوە.

ساڵی 2007 ڕێکخراوی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ ئاشتی و مافی مرۆڤ دامەزراند. هەر لە کاتی دامەزراندنیەوە تاوەکو ئێستا پێداویستی تەندروستی و کارمەندی تەندروستی دەنێرێتە کامپەکانی تورکیا و باشووری کوردستان.

"ڕێکخراوەکەمان هەماهەنگی لەگەڵ هاوبەشانی تەندروستی نێودەوڵەتی دەکات و ئەو هەلەی بۆ ڕەخساوە کە پێداویستی گەشتی دکتۆرەکان بە نرخی تەنیا 10% دابین بکات." ئازەر وا دەڵێت.

هەروەها دەڵێت "نرخی تەواوی پاکێجەکان 6000 دۆلارە، بەڵام ئێمە بە 575 دۆلار دەیانکڕین و دەیاننێرین. هەر یەک لەو پاکێجانە ژیانی 120 کەس دەپارێزێ".

ئازەر زۆر جار تیمێکی خۆبەخش کۆدەکاتەوە تاوەکو پێداویستیە تەندروستیەکان بۆ کامپەکان بگوازنەوە، زۆر کات نۆرینگەی گەڕۆک لە شوێنە قەرەباڵخەکاندا دروست دەکات.

ئەو دەڵێت "لە 2007 دۆخی کامپەکان زۆر لە ئێستا باشتر بوو، پێمگوتراوە هەندێکجار کامپەکان زیاتر لە 90 هەزار کەسیان تێدا بووە. ئیدی ئەو ژمارەیە ڕاست بێت نا، گرنگ ئەوەیە بارودۆخی کامپەکان باش نییە، خەڵکی ئاوی پاکی خواردنەوەیان نییە، بەدخۆراکی و کۆلێرا لە نێو کەمپەکاندا بڵاوبووەتەوە".

لە کۆتایی ساڵی ڕابردوودا ڕێکخراوەکەی ئازەر 20 هەزار دۆلاری کۆکردەوە و توانی پێداویستی پزیشکی بنێرێتە یەکێک لە کامپەکانی سەر سنوری تورکیا.

"هەندێکجار زۆر نیگەرانم لەوەی کە هەر شتێک دەکەین هێشتا بەس نییە". ئەو ڕووداوێکی 2011ی کەمپی کەلاری بیرهاتەوە و گوتی "ڕۆژێکیان منداڵێکی تەمەن هەشت ساڵ کە 250 دیناری لە دەست بوو، هاتە لام و داوای کرد ئازاری سینگی نەهێڵم. پشکنینم بۆ کرد، دەرکەوت کە کێشەیەکی دڵی هەبوو، پێویستی بە هاوکاریی پزیشکیی دەستبەجێ بوو، بەڵام لە توانای نۆرینگە گەڕۆکەکەی ئێمەدا نەبوو هیچی بۆ بکەین".

دکتۆر ئازەر دەڵێت ماوەیەکی زۆری پێچوو تاوەکو توانییان باوکی منداڵەکە ڕازی بکەن، بۆ ئەوەی منداڵەکەی ببەن بۆ نەخۆشخانە "نەمانتوانی پارەی نەشتەرگەری بۆ پەیدا بکەین، منداڵەکە لە ژێر چاودێریی ئێمەدا گیانی سپارد، هیچ کات ئەو دەستە بچووکانەیم لە یاد ناچن کە 250 دینارەکەی هەڵگرتبوو".

سەرەڕای چیرۆکی زۆری لەو شێوەیە، ئازەر و تیمەکەی بەردەوامن لە کارکردن. بەخشەرێکی میهرەبان لە زانکۆی ئێدمۆنتن، هەر بڕێک ڕێکخراوەکەی ئازەر کۆیبکاتەوە، ئەویش بە ئەندازەی هەمان بڕ دەبەخشێتە ڕێکخراوەکە.

ئازەر دەڵێت "پاکێجەکانی ئێمە کە هێندەی جانتایەکی دەستی دەبێت، نزیکەی 600 منداڵ چارەسەر دەکات. ئەمەش بەو مانایە دێت کە کەسێکی کەنەدی دەتوانێت بە 50 سەنت ڕێ لە مردنی منداڵێک بگرێت".

**بۆ زانیاری زیاتر یان پێشکەشکردنی کۆمەکی دارایی سەردانی ئەم ماڵپەڕە بکەن:**
**http://peaceandhumanrights.org/**
Site/donate.html

# ڕۆمانی کوردێک بە ئینگلیزی لە لەندەن بڵاودەکرێتەوە

**ئەلێکساندرا دی ستیفانۆ**
**ڕووداو- بەرشلۆنە**

کورد هێشتا ئازاری برینەکانی سەردەمی سەدام حوسێنیان لەبیرماوە، هەروەک چۆن جولەکە هۆلۆکۆستیان لەبیرە و کەمبۆدیەکان هەرگیز ڕژێمی سەرکوتکەری خەمیری سووریان لەبیرناچێتەوە. بۆیە ئەو ڕۆمانەی کە بۆ یەکەمجار لەلایەن کوردێکەوە بە زمانی ئینگلیزی نووسراوە و لە بەریتانیا بڵاوکرایەوە، باس لە ڕۆژگاری تاریکی ئەو سەردەمەی کورد دەکات.

"نامەکان لە کوردێکەوە" یەکەمین کتێبی دەرهێنەری کورد (کەی بەهار)ە کە ساڵی ڕابردوو بە کورتە فیلمی "من سامیم" بەشداری فێستیڤاڵێکی نێودەوڵەتی کرد.

ڕۆمانەکە باس لە ژیانی گەنجێک بەناوی مەریوان دەکات کە خەڵکی هەرێمی کوردستانە و لەژێر دەسەڵاتی ڕژێمی سەدام حوسێندا گەورە بووە.

بەهار لە تەمەنی 14 ساڵیدا لەلایەن کاربەدەستانی ڕژێمی سەدامەوە دەستگیردەکرێت و ڕووبەڕووی ئەشکەنجە دەبێتەوە. کەی بەهار 22 ساڵە لە بەریتانیا دەژی. خەڵکی شارۆچکەی شۆڕاوی سەر بەپارێزگای کەرکوکە. ئەو گوتی کتێبەکەی تەنیا گێڕانەوەی ژیانی کەسێک نییە، بەڵکو زۆر کەسی دیکە تووشی هەمان بەسەرهاتی کاراکتەری ڕۆمانەکە بوون.

"هەردووکمان هەستێکی بەهێزمان هەیە بۆ تەماشاکردنی فیلم و بەرهەمهێنانی فیلم، هەروەها خۆشەویستی و هیوای قوڵمان بۆ کوردستانێکی سەربەخۆ. ڕۆمانەکە ڕەنگدانەوەی واقیعە و مەریوان کاراکتەرێکی خەیاڵییە و بیری خۆی هەیە کە دەکرێت زۆر جیاواز بێت لە بیری من،" ئەو نووسەرە وایگوت.

ڕۆمانەکە باس لەوە دەکات کە چۆن مەریوان لە ڕۆژانی سەختی ژێر دەسەڵاتی سەدام حوسێندا دەژیت، بەڵام بە گۆرانی و هەڵپەڕکێ و نواندن ژیانێکی خەیاڵی بۆ خۆی دروست دەکات و خۆی سەرقاڵ دەکات لەپێناوی بیرچوونەوەی چیرۆکە تراژیدییەکان.

### ئاوێتەبوون بە فیلمە خەیاڵییەکانی هۆڵیود

کەی بەهار بەنهێنی نامەیەک بۆ ئەکتەری بەناوبانگی ئەمریکی گرینکۆ دەنووسێ و لێی دەپاڕێتەوە کە هاوکاری بکات بۆ ئەوەی بگاتە ئەمریکا.

ئەو کتێبە 418 لاپەڕەییە لەلایەن دەزگای چاپی یۆڵکی بەریتانی لە 12ی ئەم مانگە لە لەندەن بڵاوکرایەوە، هەروەها لە ئەمازۆن و ئی بووکیش دەفرۆشرێت "ئەگەر کتێبەکە لە بەریتانیا بازاڕی هەبێ، لە وڵاتانی دیکەش بڵاوی دەکەینەوە بە کوردستانیشەوە" بەهار وایگوت.

### خانووەکەی بۆ فرۆشت

"تەنیا بۆ تەواوکردنی ڕەشنووسی ڕۆمانەکە، ماوەی 2 ساڵ ڕۆژانە 14 کاژێر لە ماڵەوە خەریکی نووسین بووم". کەی بەهار هەروەها گوتی "دوو ساڵی دیکەشم بەسەربرد بۆ نووسینەوە و بژارکردنی ڕەشنووسی ڕۆمانەکە. لەماوەی ئەم چوار ساڵەدا دوورکەوتمەوە لەژیانی نواندن و فیلمی دۆکیومێنتاری و هەرچی پاشەکەوتم هەبوو خەرجم کرد. لە کۆتاییدا دەبوو خانووەکەم بفرۆشم بۆ دابینکردنی گوزەرانم".

ئەی ژن و منداڵەکانی چی؟ بەهار دەڵێت "ژن و منداڵەکانم ڕازیبوون لەم ناڕەحەتی و قوماركردنە لەگەڵم بەشدار بن. بێگومان ئەوە خەونم بوو کە ڕۆمانێکی کوردی ببینم بە ئینگلیزی بنووسرێت و لە تاقی کتێبخانەکاندا دابنرێت".

ڕۆمانەکە باس لەوە دەکات کە بۆچی هەندێک کەس هەندێک کاردەکەن کە ژیانی خەڵکانێکی زۆری بێتاوان لەناودەبات "ئەوەش کاردانەوەی ژیانی واقیعیی خۆمە".

بەهار هەر لە ئێستاوە بە ڕەخنەگرانی بواری ئەدەب دەڵێت "نابێت ئەو کتێبە بە بیری کلاسیکییەوە وەک هەر نووسینێکی دیکەی کوردی مامەڵەی لەگەڵ بکرێت و بخوێنرێتەوە، چونکە من بە خوێن کوردم نەک بە بیرکردنەوە: بیرم تێکەڵە لە واقیع، پێچەوانەی خەیاڵ. من هەمیشە ویستوومە جیهانیانە بیربکەمەوەو خواستم وابووە کە کورد و کوردستان وەک بەشێک لەم گەردوونە ببینم، نەک وەک قوربانییەکی وەلانراو".

بە خوێنەرانی کوردیش دەڵێت "ئامادە بە، کراوە بە، سەرسام بە، شۆک بە، تووڕە بە و پێبکەنە. لە هەمووشی زیاتر ئاوێتە و مەست بە بە خوێندنەوەی نامەکان لە کوردێکەوە."







# تورکێک بەهۆی PKK وە سزادەدرێ

**دەنیز سەرینجی**
**ڕووداو- کۆبنهاگن**

دادگایەکی ئەڵمانیا سزای شەش ساڵ بەندکردنی بەسەر پیاوێکی تورکدا سەپاند بە تۆمەتی ئەندامێتی لە "ڕێکخراوێکی تیرۆریست"، ئەوەش پاش ئەوەی تۆمەتبار کرا بە بەڕێوەبردنی چالاکییە داراییەکانی ئەوروپای پارتی کرێکارانی کوردستان کە لەو وڵاتە پارتێکی قەدەغەکراوە.

دادگای شاری دویسلدۆرف ڕایگەیاند کە پیاوێکی تەمەن 49 ساڵی بەناوی (عەبدوڵڵا.س) بە تۆمەتی ئەندامێتی PKK سزادراوە. ئەو پارتە بە فەرمی لەلایەن یەکێتی ئەوروپا و ئەمریکاوە وەک "ڕێکخراوێکی تیرۆریستی" ناسراوە.

بەپێی گوتەی ئەو دادگایە، عەبدوڵڵا سەرکردەیەکی PKK بووە لە ئەڵمانیا و 10 ساڵ لەمەوبەریش پەیوەندی بە PKKەوە کردووە لە قەندیل. ئەو دادگایە گوتیشی لە ساڵی 2007 تاوەکو کاتی دەستگیرکردنی لە بەلجیکا لە ساڵی 2010، ئەو پیاوە بەرپرسی دارایی لقی ئەوروپای PKK بووە لە ئەنتڤێرپ.

عەبدوڵڵا لەلایەن پۆلیسی دانیمارکیشەوە داواکراو بووە لەبەرئەوەی ناوی لە کەیسێکدا هاتووە لە دژی کەناڵی ڕۆژ تیڤی. پاشان لە مانگی کانوونی دووەمی 2012 لەلایەن دادگایەکی دانیمارکییەوە بە فەرمی تۆمەتبار دەکرێت بە پشتگیری لە PKK و دواتر داخستنی ئۆفیسەکەی.

سزاکەی دادگا لەدژی عەبدوڵڵا، بووە جێی مشتومڕێکی زۆری تورکەکان و جەماوەری PKK لە ئەڵمانیا، چونکە ئەوە یەکەمجارە کەسێک بەتۆمەتی پشتگیریکردنی PKK سزا بدرێت لەپاش ڕووداوەکانی ئەمدواییە کە بوونە هۆی بڵاوبوونەوەی ناوبانگی ئەو ڕێکخراوە.

پارتی یەکێتی دیموکراتی کە باڵێکی PKK یە لە کوردستانی سووریا، لە شەڕێکی تونددایە لە دژی دەوڵەتی ئیسلامی ناسراو بە داعش. لە شاری کۆبانێ یەکینەکانی پاراستنی گەل لەلایەن وڵاتانی ڕۆژئاواوە هاوکاری سەربازی دەکرێت و بە پاڵپشتی هێرشە ئاسمانییەکانی ئەمریکا لەدژی داعش دەجەنگن.

کۆمەڵەی ئازادی بۆ هاوخەمی زیندانییە سیاسییەکانی کورد لە ئەڵمانیا، ڕەخنەیان لە سزاکەی دادگای دویسلدۆرف گرت و بڕیارەکەی دادگایان بە "سیاسی" ناوبرد نەک یاسایی.

"عەبدوڵڵا بەهیچ شێوەیەک هەڕەشە نەبووە بۆ سەر ئەڵمانیا و هێرشی نەکردووەتە سەر ئەم وڵاتە". لە بەیانامەیەکدا ئەو گرووپە ڕایانگەیاند "جێی قبوڵ نییە کە دادگا ئەندامبوون لە ڕێکخراوێکی بێگانە بەکاردەهێنێ بۆ سەپاندنی سزایەکی لەو جۆرە بەسەر کەسێکدا."

پارتی کرێکارانی کوردستان لە پاش 30 ساڵ شەڕکردن لە دژی تورکیا لە پێناوی بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد، ساڵی 2013 دەستی کرد بە گفتوگۆی ئاشتی لەگەڵ ئەنقەرە.

چالاکییەکانی ئەو ڕێکخراوە لە ساڵی 1993وە لە ئەڵمانیا قەدەغەکراوە.

نزیکەی 800 هەزار کورد لە ئەڵمانیا دەژین، بەپێی ڕاپۆرتێک کە لە ساڵی 2012دا بڵاوکراوەتەوە PKK نزیکەی 13 هەزار ئەندامی لەو وڵاتەدا هەیە کە ئەوەش PKK دەکاتە گەورەترین ڕێکخراوی بێگانە لەو وڵاتەدا.

لە تشرینی دووەمی ساڵی 2014دا، 10 پەرلەمانتاری چەپ لە پارتی دی لینکە ئاڵای PKKیان لەناو پەرلەمانی وڵاتەکەیان هەڵکرد و داوای لابردنی قەدەغەکردنی ئەو ڕێکخراوەیان کرد.

ئەو کارە بۆ پشتگیری بوو لە نیکۆڵ گۆهۆلکێ، یەکێک لە پەرلەمانتارانی پارتەکەیان کە حەسانەی پەرلەمانی لێ وەرگیرایەوە بەهۆی هەڵگرتنی ئاڵای PKK لە خۆپیشاندانێکی شاری میونیخ بۆ پشتیوانیکردن لە کۆبانی.

هونەری
ڕووداو
ژمارە (351) دووشەممە 2015/3/16

## چنار بێدەنگ دەبێت

**دەریاز یونس / ڕووداو- هەولێر**

خانمە گۆرانیبێژ چنار کە ئێستا لە سویدە و خەریکی ژیانی تایبەتی خۆیەتی، دەڵێت "ئەم ماوەیە بێدەنگ دەبم و هیچ بەرهەمێکم نابێ".

چنار کە ماوەیەکی زۆرە لە هیچ میدیایەک دەرنەکەوتووە، بە (ڕووداو)ی گوت "جارێ بێدەنگ دەبم و هیچ بەرهەمێکم نییە، خەریکی ژیانی تایبەتی خۆمم".

چنار زیاتر دەڵێت "بۆ ئەم بارودۆخەی ئێستای کوردستان زۆر خەمبارم، هیوای سەرکەوتن بۆ پێشمەرگە دەخوازم، داوای لێبوردنیش لە هەوادارانم دەکەم کە هیچ بەرهەمێکم نییە".



### برای هونەرمەند محەممەد شێخۆ:

# مووچەکەی محەممەد شێخۆ تەنیا دوو ساڵ بەردەوام بوو

## محەممەد شێخۆ زیاتر لە 100 جار زیندانی کراوە

## لە باشوور خەباتی کرد و ڕۆژئاوا ڕێزی لێدەنێت



**ناسر عەلی**
**ڕووداو- دهۆک**

"زیاتر لە 100 جار زیندانی کرا، بەڵام هەر کۆڵی نەدا و بەردەوام بوو لە گۆرانیگوتن". بەها شێخۆ، برای هونەرمەندی کۆچکردووی ڕۆژئاوای کوردستان محەممەد شێخۆ، زۆر زانیاری دیکە لەبارەی ئەو کەڵە هونەرمەندە ئاشکرا دەکات کە کەم هونەرمەندی کرمانجی ئاخێو هەیە گۆرانییەکی ئەوی نەگوتبێتەوە.

محەممەد شێخۆ، خاوەنی هونەرێکی باڵا بوو. بەها شێخۆ کە ئەویش هونەرمەندە و لە سوید نیشتەجێیە، لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا لە باشووری کوردستان بوو. بەها لە هەڤپەیڤینێکی کورتدا لەگەڵ (ڕووداو) باسی چەند لایەنێکی ژیانی برا کۆچکردووەکەی کرد.

هەروەها باسی ژیانی خێزانیی خۆیانی کرد و گوتی "ئێمە شەش برا بووین، محەممەد ساڵێک لە من گەورەتربوو. جگە لەوەی برام بوو، لە هەمانکاتدا هاوڕێش بووین و بەردەوام پێکەوە بووین".

### زیاتر لە 100 جار زیندانی کراوە

محەممەد شێخۆ ساڵی 1948 لە گوندی کرباوی سەر بە شارۆچکەی جزیرێ لە ڕۆژئاوای کوردستان لەدایکبووە، لە بیستەکانی تەمەنیدا لەسەردەستی حەسەن تۆفۆ و خەلیل ئێزدی فێری لێدانی ئامێری تەنبوور دەبێت. یەکەم گۆرانی لە ساڵی 1970 تۆمار دەکات، پاشان دەچێتە بەیروت بۆ خوێندنی مۆسیقا، هەروەها دەبێتە ئەندامی گرووپی سەرکەوتن.

محەممەد شێخۆ ساڵی 1973 ڕوودەکاتە باشووری کوردستان و ماوەیەک لە شاری کەرکووک دەبێت. دواتر دەچێتە بەغدا و لە ئێزگەی کوردی لە بەغدا کار دەکات. پاشان ڕوودەکاتە چیا و دەبێتە پێشمەرگە، دوای هەرەسهێنانی شۆڕشی ئەیلول ئاوارەی ئێران دەبێت.

بەها دەڵێت براکەی لە ڕۆژئاوای کوردستان چەندینجار لەلایەن کاربەدەستانی ڕژێمی بەعسی سووریاوە ڕووبەڕووی ئەشکەنجە و دەستگیرکردن بووەتەوە "ڕەنگە زۆرتر لە 100 جار زیندانی کرابێ، ڕژێم نەیدەهێشت گۆرانی بڵێت، بەڵام ئەو سوور بوو لەسەر گۆرانیگوتن".

بەها بەسەرهاتێکی خۆی لەگەڵ براکەی دەگێڕێتەوە و دەڵێت "جارێکیان لە تۆمارگەیەک بووین لە قامیشلۆ، پیاوانی ئەمن دەستگیریان کردین و کەلەپچەیان کردین، کاتێک بردیانین بۆ زیندان، محەممەد دڵی منی دەدایەوە و دەیگوت خەم مەخۆ ئێرە بەردەوام شوێنی منە، پاش کەمێکی دیکە ئازاد دەکرێین".

### ڕێزلێنانەکەیان بڕیوە

محەممەد شێخۆ، جگە لەوەی پێشمەرگە بووە، لەو 200 گۆرانییەی تۆماری کردوون زۆربەیان سروودن و بۆ پێشمەرگە و شۆڕش لە باشووری کوردستان گوتوونی، بەڵام براکەی دەڵێت وەکو پێویست ڕێز لەو هونەرمەندە نەنراوە.

بەها دەڵێت "براکەم دوای ئەوەی بووە پێشمەرگە چەندین گۆرانی گوت، بۆ ئەوەشی نەگوت کە مووچەی بدەنێ، بەڵام دەبێت ڕێز لە خزمەتەکەی بنرێت". گوتیشی "ساڵی 2012 وەزارەتی ڕۆشنبیری مانگانەیەکی بە بڕی 500 هەزار دینار بۆ بڕییەوە بەناوی ڕێزلێنان، بەڵام ماوەی ساڵێکە مووچەکەیان بڕیوە".

بەها باسی ئەوەی کرد کە خێزانەکەی ئێستا لە ڕەوشێکی خراپدان و گوتی "من لەبەر خۆم نییە باسی ئەو مووچەیە دەکەم، بەڵام هەر هیچ نەبێت یارمەتی منداڵەکانی بدرێ. من ئەو منداڵانەم بە زەحمەتی گەورە کردوون و دەچوومە ئاهەنگەکانی بوکگواستنەوە و بە پارەی ئەو ئاهەنگانە ئەو منداڵانەم گەورە کردوون".

### نیوە شەقامێکی بەنێو کراوە

هەردوو کوڕەکەی محەممەد شێخۆ ماستەریان لە میوزیک هەیە و لەگەڵ مامیان لە سوێد نیشتەجێن، بەڵام بەها دەڵێت ئەگەر هاوکاری بکرێن ئەوە بە یەکجاری دەگەڕێنەوە کوردستان.

هەموو خۆزگەی بەها ئەوەیە کە پەیکەرێک بۆ محەممەد شێخۆ لە باشووری کوردستان دروست بکرێ. ئەو دەڵێت "چەند ساڵێک لەمەوبەر بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری دهۆک بەڵێنیان پێدابوو پەیکەرێک بۆ محەممەد شێخۆ دروست بکەن، بەڵام تاوەکو ئێستا پەیکەرەکە دروست نەکراوە، لە هەموو کوردستان شەقامێک بەناوی محەممەد شێخۆ کراوە، ئەویش نیوەی تەواو نەبووە".

### لە ڕۆژئاوا زۆرتر ڕێزی لێ نراوە

محەممەد شێخۆ ئەو کاتەی پێشمەرگە بووە، چاوی بە مستەفا بارزانی کەوتووە. بارزانی زۆر سەرسام بووە بە گۆرانییەکانی. بۆیە شێخۆ گۆرانییەکی بۆ گوتووە بەناوی کێ دونیای هەژاند.

بەڵام براکەی گلەیی هەیە و دەڵێت لە باشووری کوردستان کەمتر ڕێز لەو هونەرمەندە گیراوە. بەها دەڵێت "لە ڕۆژئاوای کوردستان هەموو ساڵێک لە ساڵیادی مردنەکەی بە هەزاران کەس دەچنە سەر گۆڕەکەی و یادی دەکەنەوە. براکەم زۆربەی ژیانی خۆی بە شۆڕشی باشووری کوردستان بەخشی، ئێمە چەندینجار لەبەر ئەو دەستگیرکراین".

هەروەها دەڵێت "محەممەد شێخۆ پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول بوو، بەڵام میدیاکانی سەر بە PKK زۆرتر لە میدیاکانی باشووری کوردستان ڕێز لە محەممەد شێخۆ دەگرن و باسی دەکەن".

### کوڕە گەورەکەی لە خۆی دەچێت

زۆر گۆرانیبێژ هەن، لاسایی ئەو هونەرمەندەیان کردووەتەوە و گۆرانییەکانی دەڵێنەوە و بەو هۆیەشەوە بەناوبانگ بوون، لەوانەش هونەرمەند دەلال زاخۆیی. لەبارەی ئەوانەی لاسایی شێخۆ دەکەنەوە و گۆرانییەکانی دەڵێنەوە، بەها شێخۆ گوتی "گوێم لێ بووە زۆر گۆرانیبێژی گەنج گۆرانییەکانی محەممەد شێخۆیان گوتووەتەوە، بەڵام تەنیا دەنگی کوڕە گەورەکەی خۆی لە دەنگی ئەو نزیکە، ئەگەر هاوکاری بکرێ دڵنیام دەتوانێت شوێنی باوکی پڕبکاتەوە".

محەممەد شێخۆ دوای شۆڕشی ئەیلول ئاوارەی ئێران دەبێت و شەش ساڵ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەمێنێتەوە، دواتر دەگەڕێتەوە ڕۆژئاوای کوردستان و لە شاری قامیشلۆ نیشتەجێ دەبێت، بەر لەوەی کۆچی دوایی بکات تیپێکی میوزیک بۆ منداڵان دادەمەزرێنێ و فێری سروودی کوردییان دەکات.

محەممەد شێخۆ لە 9ی ئاداری 1989 کۆچی دوایی کرد، بە هەزاران کەس بە دەم گۆرانییەکی خۆیەوە تەرمەکەیان بەڕێکرد بۆ گۆڕستانی هیلال و ئەسپەردەی خاکیان کرد. گۆرانییەکەشی دەڵێت:

گاڤا ئەز مرم گەلی زیندیا
من نەڤەشێرن وەکو هەمیا
گۆڕا من چێ کەن ل بن سیا چیا
کێلێ من چێ کەن ژ دوو کەزیا
هەمی ئادارا هون من هشیار کن
دا بکەمە شێنی بۆنی هەمیا




### کچە ئەکتەر و میدیاکار لۆلان ئازاد بۆ (ڕووداو):

# سینەما بە ماچی نێودەم و گرتەی ڕووت پێشناکەوێ



لێرە هێندەی سەیری قەدوباڵای ئافرەت دەکرێت سەیری عەقڵی ناکرێت

**دەریاز یونس**
**ڕووداو- هەولێر**

لۆلان ئازاد، خانمە ئەکتەر و میدیاکاری کورد کە کچی هونەرمەند نەرمین قادر-ە و دەرچووی بەشی سینەمای کۆلێژی هونەرە جوانەکانە، ئەکتەری سەرەکی بوو لە زنجیرە درامای ئاناهیتا. هەروەها ئەکتەری سەرەکیش بوو لە فیلمی سینەمایی سەمیان. لە چەند کەناڵێک وەکو بێژەر و پێشکەشکار کاری کردووە. لۆلان لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (ڕووداو) باسی کارە هونەرییەکانی و ژیانی تایبەتی خۆی دەکات کە ئێستا لەگەڵ دایکی لە هەولێر نیشتەجێن.

**ڕووداو: تۆ لە زاگرۆس تیڤی پێشکەشکاری هونەری بوویت، دواتر لە کوردستان تیڤی بوویت بە بێژەری هەواڵی سیاسی، ئەم گۆڕانکارییە چۆن بوو؟**

**لۆلان:** من لەنێو بنەماڵەیەکی هونەری گەورە بووم، بەڵام دایک و باوکم کاری سیاسییان کردووە، بۆیە دەتوانم بڵێم لە بنەماڵەیەکی سیاسیشدا گەورە بووم. من بەهۆی چەند کێشەیەکەوە لە زاگرۆس تیڤی هاتمە دەرەوە. بۆیە چوومە کوردستان تیڤی، چونکە کەناڵێکی سیاسییە، پێیانگوتم ئەگەر حەز دەکەی دەتوانی ببیتە بێژەری سیاسی، دواتریش بەهۆی چەند کێشەیەکەوە ئەوێشم جێهێشت.

**ڕووداو: هەردوو کەناڵەکەت بەهۆی چەند کێشەیەک جێهێشت، ئەو کێشانە چی بوون؟**

**لۆلان:** من لە یەک دێڕدا بۆت کورت دەکەمەوە، لە وڵاتی ئێمە هێندەی سەیری قەد و باڵای ئافرەت دەکرێت، سەیری عەقڵی ناکرێت.

**ڕووداو: لە درامای ئەناهیتا زۆر جددی دەرکەوتی، پێتوانییە خوێندنەوەی هەواڵی سیاسی کاریگەری لەسەر چۆنیەتی ڕۆڵی تۆ هەبووە لەو درامایەدا؟**

**لۆلان:** نەخێر کاریگەری نەبوو، بەڵام ئەوە داوای دەرهێنەری زنجیرە دراماکە بوو، ئاناهیتا خۆی درامایەکی جددی بوو. دراماکە لە نووسینی د.کوردستان موکریانی بوو. ئەمە تاکە دراما بوو کە بە قەڵەمی ئافرەتێک بنووسرێ. لەو درامایەدا ئافرەت وەکو پاشکۆ دەرنەکەوتووە. ئافرەتێک پێشان دەدات کە چۆن لە پێناوی مافەکانی ئافرەتاندا کار دەکات.

**ڕووداو: تۆ لە فیلمی سینەمایی سەمیانیش زۆر جددی دیاربووی، لەوێ بۆچی؟**

**لۆلان:** فیلمی سەمیان چیرۆکی ڕاستەقینەی ژنێکی شاری دهۆکە کە چەندینجار دەستدرێژی کراوەتە سەر. باسی ئەوە دەکات کە چۆن ئافرەت بەهۆی دەسەڵات و پارەوە ئیستیغلال دەکرێت. وای دەخواست کە ڕۆڵەکەم جددی بێت.

**ڕووداو: ماچ و گرتەی ڕووژێنەر بەشێکی سەرەکی فیلمە سینەماییەکانن. لە کوردستانیش لە فیلمێکی سینەماییدا ماچی دەم هەیە و لە فیلمێکی دیکەدا ژنێکی کورد ڕۆڵێکی ورووژێنەر دەبینێ، تۆ بۆ ئەمە بۆچوونت چییە؟**

**لۆلان:** لە مێژووی سینەمادا گرتەی وروژێنەر نەبووە، بەکارهێنانی گرتەی وروژێنەر درزێکی زۆر کەمە و ئەمە تەنیا بۆ بەبازاڕکردنی فیلم و ڕاکێشانی گەنجە بۆ سەیرکردنی. سینەما پێشاندانی واقیعی کۆمەڵگایە.

**ڕووداو: بەڵام بابەتی دەستدرێژی لە واقیعی کۆمەڵگای ئێمەدا هەیە، ئەوەتا خۆشت لە فیلمی سینەمایی (سەمیان) باسی ئافرەتێک دەکەیت کە دەستدرێژی دەکرێتە سەر، ئەگەر گرتەی دەستدرێژی لە فیلمەکاندا نەبێت، دەرهێنەر چۆن بتوانێت ئەو واقیعە پێشان بدات؟**

**لۆلان:** وەڵامی ئەم پرسیارە لای دەرهێنەرەکانە، بەڵام ئەوەتا دەزانین سینەمای ئێرانی چەندە بەهێزەو چەندە کاریگەر بووە هەم لە سەردەمی شا، هەم لە ئێستاش، بەبێ ئەوەی یەک گرتەی وروژێنەر یاخود یەک گرتەی ماچ و باوەشی تێدابێت، سینەما بە گرتەی ڕووت و ماچی دەم پێشناکەوێت.

**ڕووداو: بۆچی فیلمە کوردییەکان کاریگەریی بەهێزیان نەبووە؟ بۆچی فیلمەکان لە کوردستان پێشان نادرێن؟**

**لۆلان:** تاوەکو ئێستاش سینەما لە کوردستان نەبووەتە کەلتوور، سینەما شتێکی تازەیە لە کوردستان. بەداخەوە دەرهێنەرانی ئێمەش ئەوەندەی بۆ ناوبانگی خۆیان کار دەکەن، هێندە لەسەر ئاستی هونەرکردن بۆ کوردستان کار ناکەن. با نوکتەیەکیشتان بۆ بکەم لەسەر ئەم بابەتە، یەکەمین ڕۆژی دەوامم بوو لە کۆلێژی سینەما، تاکسییەکم گرت و گوتم بمگەیەنە کۆلێژی سینەما. شوێنەکە زۆر نزیک بوو، بەڵام خاوەن تاکسییەکە کە زانی خەڵکی هەولێر نیم پارەیەکی زۆری داوا کرد لێم، منیش پێمگوت بۆچی ئەم پارە زۆرە؟ پێیگوتم دادەبەزی دابەزە، ئەگەرنا لێرە دەتکەمە سینەما.

**ڕووداو: گوتت دایک و باوکت کاری سیاسییان کردووە، ئێمە نەرمین-مان زیاتر وەک هونەرمەند ناسیوە، چۆن کاری سیاسیان کردووە؟**

**لۆلان:** باوکم لە ساڵی 1994 -وە شەهیدی سۆشیالیستە، دایکیشم بەشداری کارای لە کارە سیاسییەکاندا هەبووە لە ڕابردوودا، بێگومان جگە لەوەی هونەرمەند بوو، کاری سیاسیشی دەکرد.

**ڕووداو: دۆخی تەندروستی دایکت چۆنە ئێستا؟**

**لۆلان:** زۆر خراپە، بەداخەوە لە دوای ئەو هەموو خزمەتەی پێشکەشی کرد، هیچ پاداشتێکی وەرنەگرت. لە چەند هاوکارییەکی سادە زیاتر هیچی بۆ نەکراوە، دایکم بەچەند نەخۆشییەکەوە دەناڵێنێ و دەبێت ببردرێتە دەرەوەی وڵات، داواکارم کاک نێچیرڤان بارزانی فریای دایکم بکەوێت، ئەگەرنا دڵنیام بەرگەی ئەو هەموو ئازارە ناگرێت و دەمرێت.

**ڕووداو: بۆچی وازی لە بەرنامەی بەرنامە هێنا؟**

**لۆلان:** سەرەتا بەرنامەکە بەرنامەیەکی هونەری کۆمیدی ڕەخنەئامێز بوو، بەڵام دوای دروستبوونی بزووتنەوەی گۆڕان، ڕووی کارەکانی خۆی وەرگێڕا و بوو بە بەرنامەیەکی سیاسی کە تاکلایەنە کاری دەکرد، بۆیە دایکم وازی هێنا. بەرنامەکە خۆیشی ئینشیقاقی تێکەوت.

ئاناهیتا تاکە دراما بوو کە ئافرەت تێیدا پاشکۆ نەبوو


SSANGYONG
Korean Made
msn otomotiv
سانگ یونگ دیزاینێك پڕلە کوالێتی وڵاتی کۆریایە
داشکانێکی تایبەت بۆ هەموو ئۆتۆمبێلەکان 25% پێشەکی بە قیستی 4 ساڵ بێ بانك
پشکنین و گرێنتی ئۆتۆمبێلەکەت بە درێژای 2 ساڵ یان 100.000کم لە ئەستۆی ئێمەیە
4 ساڵ بێ بانك
RODIUS
korando
korando SPORTS
REXTON
هەولێر شەقامی 100 مەتری. چوار ڕیانی ڕاستی نزیك گەراج بەغدا
0750 3442601 - 0750 3442602 - 0750 3442603


جیهان ستی...
جیهانی شادی و دڵنیایی
CIHAN CITY
www.cihancity.com
★ ئەپارتمانەکانمان لەسەر تازەترین شێواز دروست کراوە.
★ کەرستەی بەکار هاتوو لە باڵەخانەکان و لە دروستکردنی ئەپارتمانەکان لە باشترین براندەکانی جیهانە.
★ چوار ئەسانسور (مەسعەد)، پرسگەی تایبەت لەهەر باڵەخانەیەکدا.
★ کاتژمێر چاودێری.
★ قوتابخانە.
★ مزگەوت.
★ نورینگەی پزیشکی.
★ سەنتەری وەرزشی و مەلەوانگەی کراوە و داخراو.
★ ڕووبەرێکی فروانی سەوز.
★ مۆلی بازرگانی.
CIHAN CITY
جیهان ستی..
یەکێك لە پرۆژەکانی جیهان گروپ
CABA
Cihan Construction
هەولێر - ڕێگای کەرکوك - پشت بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی هەولێر
ژمارەی مۆبیل: 07502324343 / 07707043131

رووداو
ژنان
ژمارە (351) دووشەممە 2015/3/16

## کچێک لە باڵەخانەیەک خۆی هەڵدەدات



**رووداو- هەولێر**

لە گەڕەکێکی شاری هەولێر کچێک لە باڵەخانەیەک خۆی فڕێدەداتە خوارەوە و دەستبەجێ گیان لە دەست دەدات. کاروان خۆشناو، بەڕێوەبەری راگەیاندنی پۆلیسی پارێزگای هەولێر لە پەیجی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک بڵاوی کردووەتەوە کە رۆژی 2015/3/12 پۆلیس لە بوونی "رووداوێکی دڵتەزێن" لە گەڕەکی سەربە ستی شاری هەولێر ئاگادار کراونەوە، دەستبەجێ پۆلیس گەیشتە شوێنی رووداو دەرکەوت کەوا کچێکی تەمەن ١٥ ساڵان خۆی لە باڵاخانەیەک فڕێ داوەتە خوارەوە و بەو هۆیەوە گیانی لە دەستداوە.

# ژنێکی دووگیان بە دەمانچەی مێردەکەی دەکوژرێت

**عومەر چاوشین**
**رووداو- رانیە**



ژنێکی دانیشتووی سەروچاوەی سەر بە ناحیەی بێتواتە بە دەمانچەی مێردەکەی دەکوژرێ. کەسوکاری ژنەکە دەڵێن بە ئەنقەست کوژراوە، بەڵام کەسوکاری پیاوەکە دەڵێن قەزا و قەدەر بووە. پۆلیسیش مێردی ژنەکە دەستگیردەکات بۆ لێکۆڵینەوە.

ئەو ژنە کە ناوی کازیبە عەلی ئۆمەرە و تەمەنی 45 ساڵ بوو، رۆژی 2015/3/11 لە نێو ماڵەکەی خۆیدا گوللەیەکی دەمانچە بە سەری کەوت و دەستبەجێ گیانی لە دەستدا.

شێروان ئالی ئۆمەر کە ئامۆزای ئەو ژنەیە، دەڵێت ئامۆزاکەی بە ژن بە ژن شووی کردووە و تاوەکو نەکوژراوە هەستیان بەوە نەکردووە هیچ کێشەیەکی لەگەڵ مێردەکەی هەبووبێت "بەڵام دوای رووداوەکە بۆمان دەرکەوت کێشەیان زۆر بووە".

شێروان ئالی ئۆمەر ئاشکرای کرد کە "کازیبە دوو گیان بووە و لەلایەن مێردەکەیەوە کوژراوە". گوتیشی "دوای نیوەڕۆ لە نێو ماڵەکەی خۆیدا کوژراوە، ئێمە هەر ئەوکات گومانمان لە مێردەکەی کرد، بۆیە داوامان لێکردن بەشداری پرسەکەی نەکەن، بەڵام ئەوان بەجیا پرسەیان دانا". گوتیشی "دوای تەواوبوونی پرسە، سکاڵا لەسەر هاوسەری کازیبە تۆمار دەکەین، چونکە وا هەست دەکەین ئەو ژنە غەدری لێکراوە و دەستی ئەنقەستی تێدایە، کاری منداڵانە نەبووە و بە هەڵە بەکارهێنانی چەک نەبووە".

سەبارەت بە هۆکاری رووداوەکەش، شێروان گوتی "هەرچەندە نازانین هۆکاری کوشتنەکە چییە، بەڵام بیستوومانە هاوسەرەکەی داوای لێ کردووە رازی بێت بەوەی ژنی دووەم بهێنێ و کەمێک ناکۆکیش بوون، بەڵام مەرجیش نییە لەسەر ئەوە کوشتبێتی".

بەڵام جەعفەر قادر رەسوڵ، شووبرای ئەو ژنە قسەیەکی دیکە دەکات و رووداوەکە بە "قەزا و قەدەر" دەزانێت. جەعفەر بە (رووداو)ی گوت "رووداوەکە قەزاو قەدەری خودا بووە، زۆر بەپەرۆشین بۆ براژنم، چونکە کەسێکی زۆر باش بوو، لەگەڵ براکەم زۆر یەکدییان خۆشدەویست، بۆیە براکەم دووجار لەسەر تەرمەکەی بوورایەوە". گوتیشی "ئەو رۆژە براکەم هەموو شتێکی بۆ براژنم و منداڵەکانی کڕیبوو بۆ نەورۆز، چونکە نەورۆز لە دەوام دەبوو کە مفەوەزی پۆلیسی بەرگریی فریاکەوتنە".

جەعفەر دەڵێت ئێستا براکەی لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیرکراوە و ئەگەر دەرکەوت دەستی لە کوشتنی ژنەکەیدا هەیە و دادگا هەر سزایەکی بدات، ئەوان پابەند دەبن بە بڕیاری دادگا، بەڵام بەدووری زانی براکەی بە ئەنقەست ئەو ژنەی کوشتبێ.

جەعفەر گوتی "براکەم دەمانچەکەی لە دەست بەربووەتەوە و گوللەیەک لە دەمانچەکە دەرچووە و بەر زەوی کەوتووە، پاشان گوللەکە هەڵبەزیوەتەوە و بەر سەری براژنم کەوتووە".

رائیدی پۆلیس مستەفا محەممەد باپیر لێپرسراوی راگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیس راپەڕین بە (رووداو)ی راگەیاند "رۆژی 2015/3/11 تەرمی ژنێکی تەمەن 45 ساڵ کە ژنی ماڵەوە بوو، هێنرایە پەیمانگای پزیشکی دادوەریی رانیە. دوای پشکنین دەرکەوت شوێنەواری فیشەکێک بە سەرییەوەیە، پۆلیس دەستی کردووە و بە لێکۆڵینەوە و دادوەر بڕیاری دا بە راگرتنی هاوسەرەکەی بەناوی (ک.ق.ڕ) بەپێی ماددەی 405 لە یاسای سزادانی عێراقی، چەکە بەکارهاتووەکە کە لە جۆری دەمانچە بووە، دەستی بەسەردا گیراوە".

سەبارەت بە هۆکاری رووداوەکەش گوتی "لێکۆڵینەوە لە قۆناغی سەرەتادایە، بۆیە تاوەکو ئێستا هۆکاری رووداوەکە نەزانراوە".

## 479 منداڵ لە خانەکانی نەوجەوانان دەژین

# ڕێکخراوێک دایک و باوک بۆ منداڵانی بێ سەرپەرشت پەیدا دەکات

**پشتیوان جەمال**
**رووداو- سلێمانی**

ڕێکخراوێکی بەریتانی بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتیی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە ڕێگەی پرۆژەیەکەوە سەرقاڵی دۆزینەوەی خێزانە بۆ ئەو منداڵانەی لە خانەکانی نەوجەوانانن.

پرۆژەکەی ڕێکخراوی (step) کە لەگەڵ وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی جێبەجێی دەکات، بریتییە لە "خێزانی جێگرەوە" بۆ ئەو منداڵانەی بە هەر هۆکارێک بێت لە خێزانی راستەقینەیان دابڕاون و لە خانەکانی نێوجەوانان بەخێودەکرێن.

بیرۆکەی پرۆژەکە 6 ساڵ لەمەوبەر لەلایەن وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی گەڵاڵەکراوە، وەزارەتی ناوبراو سەرەتای ئەم مانگە گرێبەستی لەگەڵ ڕێکخراوە بەریتانییەکە واژۆ کرد بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکە.

(Step) ماوەی 14 ساڵە لە هەرێمی کوردستان کاردەکات لە بوارەکانی پاراستنی منداڵ ء دادی نەوجەوانان ء پەروەردە.

### 479 منداڵ لە خانەکانی نەوجەوانان دەژین

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتییەکانی چاودێری و کۆمەڵایەتی، لە شارەکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆک 129 نەوجەوان (77 کوڕ و 52 کچ) لە خانەکانی نەوجەوانان چاودێری دەکرێن. هەروەها 350 منداڵیش لە دەرەوەی خانەکانن، واتا هاتوچۆی کەسوکاریان دەکەن.

لە خانەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی دهۆک 24 کوڕ و 13 کچ لەژێر چاودێریدان، جگە لەوەش 33 کوڕ و 31 کچیش دەچنە دەرەوەی خانەکە، واتە هاتوچۆی کەسوکاریان دەکەن.

هەروەها لە سلێمانی 27 کوڕ و 17 کچ لەناو خانە و 39 کوڕ و 27 کچیش لە دەرەوەی خانەن. لە خانەکانی بەڕێوەبەرایەتی چاودێری کۆمەڵایەتی هەولێریش (22 کچ و 26 کوڕ) دەژین، هەروەها 220 منداڵیشیان لە دەرەوەی خانەن.

سەرنج حەمە سەعید، بەڕێوەبەری چاودێری کۆمەڵایەتی سلێمانی باسی ئەو منداڵانەی کرد کە لە دەرەوەی خانەکە چاودێری دەکرێن "ئەو منداڵانە هەندێکیان بەهۆی جیابوونەوەی دایک و باوکیانەوە هاتوونەتە لای ئێمە، بۆیە هەندێجار دەڕۆنەوە لای دایکیان یان باوکیان، ئێمەش بەردەوام چاودێرییان دەکەین".



### خێزانی جێگرەوە چییە؟

رەیچڵ نیوتن، بەڕێوەبەری پرۆژەکانی ڕێکخراوی Step باسی خێزانی جێگرەوەی بۆ (رووداو) کرد و گوتی "مەبەست لە خێزانی جێگرەوە یاخود خێزانی بەخێوکار، واتا دابینکردنی خێزانە بۆ ئەو منداڵانەی کە بێبەشن لە خێزانی راستەقینە، بەڵام ئەوە نابێتە تەبەنیکردن".

بەپێی ئەو توێژینەوانەی کراون، وەک نیوتن دەڵێت ژیان و گەورەبوونی منداڵ لە نێو خێزاندا زۆر باشترە لە ژیانی نێو خانەکانی نەوجەوانان. نیوتن گوتی "ئامانج لەم پرۆژەیە دابینکردنی پاراستن و چاودێرییە بۆ ئەو منداڵانەی کە بەهەر هۆکارێک بێت بێ بەش بوون لە سۆزی دایک و باوکی راستەقینەیان".

سەبارەت بە کاتی دەستپێکردنی پرۆژەکە، رەیچڵ نیوتن گوتی "هێشتا زۆرمان ماوە بۆ دەستپێکردنی پرۆژەکە، چونکە سەرەتا پێویستە کارمەند دەستنیشان بکەین، پاشان میکانیزمی چاودێریکردن بەسەر پرۆژەکە دابنرێت لەگەڵ کردنەوەی خول بۆ ئەو مەبەستە".

لە ماددە 9ی جاڕنامەی تایبەت بە مافەکانی منداڵ لە نەتەوەیەکگرتووەکان هاتووە "تۆ مافی ئەوەت هەیە لەگەڵ دایک و باوکتدا بژیت، ئەگەر نەگونجا، مافی ئەوەت هەیە لەگەڵ خێزانێکدا بژیت کە چاودێری و بەخێوت دەکەن".

### شەش مانگ چاودێری دەکرێن

زەیتۆ تۆفیق، بەڕێوەبەری چاودێری کۆمەڵایەتی هەولێر کە ئاگاداری وردەکاریی پرۆژەکەیە، دەڵێت لە زۆربەی وڵاتاندا خانەکانی نەوجەوانان باویان نەماوە، چونکە ناتوانرێت پەروەردەیەکی سەردەمیانەی منداڵان بکرێت، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کارمەندەکانیش چەندێک باش بن، بەڵام لەکاتەکانی رۆژانەدا دەگۆڕدرێن و ئەوەش دەبێتە مایەی سەرلێشێواندنی منداڵ.

ناوبراو باسی میکانیزمی پێدانی ئەو منداڵانەی کرد بە خێزانی جێگرەوە و گوتی "پێش پێدانی منداڵ بەو خێزانە جێگرەوەیە، ماوەی شەش مانگ لەژێر هەڵسەنگاندن و راهێناندا دەبن، پاشان بە بڕیاری دادوەر منداڵەکەیان پێدەدرێت. هەر کاتێکیش دایک و باوکە راستەقینەکە ویستیان منداڵەکە بەخێو بکەنەوە ئەوا هەر بەبڕیاری دادگا دەتوانن منداڵەکە وەربگرنەوە، چونکە ناوی منداڵەکە ناخرێتە سەر دایک و باوکە جێگرەوەکەی".

# بۆ حەجی ئەمساڵ داوای مورشیدی ژن دەکرێت

**پشتیوان جەمال**
**رووداو- سلێمانی**

ئەو ژنانەی حەجیان کردووە، دەڵێن ناکرێت مورشیدی پیاو لە مەراسیمی حەجکردندا ژنانیش ڕێکبخەن، چونکە پرسیاری ئاینی تایبەت بەخۆیان هەیە و ناتوانن لە پیاوەکانی بکەن، بۆیە داوای مورشیدی ژن دەکەن. بەڵام سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئیسلامی دەڵێ مورشیدی ئافرەت جگە لەوەی دەبێ ئیمام و خەتیب بێت، پێویستە دکتۆرا یان ماستەریشی هەبێت لە شەرعدا.

### یەکێتی زانایان:
### دەبێت مورشیدی ژن ماستەر یان دکتۆرای لە شەرعدا هەبێت

### مورشید چییە؟

ئەو ژن و پیاوانەی حەج دەکەن، لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی حەج و عەمرەوە مورشیدیان بۆ دابین دەکرێت. مورشید جگە لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکانیان، وردەکاریی چۆنێتی ئەنجامدانی پرۆسەی حەجکردنیان بۆ روونەدکاتەوە و بنەما شەرعییەکانیان تێدەگەیێنێ. بەڵام وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی تەنیا بۆ کاروباری کارگێڕی مورشیدی ژن لەگەڵ حاجیان دەنێرێ و بۆ پرسیارە شەرعییەکانیان دەبێ پەنا بۆ مورشیدە پیاوەکان ببەن.

سەبریە ئەحمەد، تەمەن 57 ساڵ کە سێ جار سەفەری عەمرە و جارێکیش حەجی کردووە، بەپێویستی زانی لە سەفەری حەجدا مورشیدی ژنیان لەگەڵدا بێت "چونکە هەندێک پرسیاری تایبەت بەئافرەت هەیە لەڕووت نایەت لە پیاوی بکەی". گوتیشی "راستە هیچ ئافرەتێک نابێت بەبێ مەحرەم سەفەر بکات، بەڵام زۆرجار هەندێک پرسیار هەیە کە ئافرەت لەڕووی نایەت تەنانەت لە مەحرەمەکەشی بپرسێت".

شێخ قاسم بەرزنجی، بەڕێوەبەری گشتی حەج و عەمرە لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی، دەڵێ لەکاتی بەجێگەیاندنی فەریزەی حەجدا لیژنەی فەتوای هەرێمی کوردستان لە سعودیە هاوکاری حاجییان دەکەن، دوو جۆر مورشیدیش بۆ حاجیانی پیاو و ژن دادەنرێن کە یەکێکیان مورشیدی کارگێڕی و ئەوەی دیکەش موشیدی ئاینییە، بەڵام مورشیدی ئاینی تایبەت بە ئافرەتان نییە "چونکە مورشیدی ئاینی پێویستە ناونیشانی ئیمام یاخود ئیمام و خەتیب بێت". شێخ قاسم وایگوت.

مەلا عەبدوڵڵا سەعید، سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان، بەلایەوە ئاساییە مورشیدی شەرعی ژنیش هەبێت، بەڵام دەڵێت "کێشەکە ئەوەیە هیچ ژنێک نییە پێشنوێژ و وتارخوێن بێت و بنەما زانستییەکانی ئاینی تێدا بێت کە ئەوانیش بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرایە لە بواری شەرعدا، ئەو خاوەن بڕوانامانە لە وەزارەتی ئەوقافدا نین".

بەپێی ئامارێکی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی کە دراوەتە (رووداو)، ئەمساڵ 3 هەزار و 656 کەس مافی بەجێهێنانی فەریزەی حەجیان هەیە، تەنیا 40%یان ژنن.

هەرچەندە ئەو بەرپرسانەی وەزارەتی ئەوقاف دەڵێن مەرجە مورشیدی ئاینیی ئافرەت ئەو مەرجە ئاینییانەی تێدا بێت، بەڵام پەرلەمانتارێکی پێشوو دەڵێت مەرج نییە مورشید بڕوانامەی هەبێت.

د.پەری ساڵح، ئەندامی پێشووی لیژنەی ئەوقاف کە لە سەفەری ساڵی رابردوودا هاوڕێیەتی حاجیانی کردووە، سەبارەت بە مەرجە ئاینییەکان گوتی "گرنگ ئەوەیە شارەزایی و باکگراوندێکی باشی ئاینی هەبێت و ئەگەر بڕوانامەشی هەبێت باشترە".

دوو ساڵ لەمەوبەر، ڕێکخراوی خوشکانی ئیسلامی سەر بەکۆمەڵی ئیسلامی پرۆژەیەکیان پێشکەش بە وەزارەتی ئەوقاف کردووە بۆ ئەوەی مورشیدی ژن لە سەفەری حەجدا هەبێت.

ئاڤان شێخ ئەحمەد، ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵ و سکرتێری پێشووی ڕێکخراوەکە بەلایەوە گرنگە مورشیدی ئاینی ئافرەتان هەبن، چونکە زۆرجار ئافرەتان ناتوانن پرسیارەکانیان لە مورشیدە پیاوەکان بکەن.

دەربارەی مەرجی بڕوانامەش گوتی، مەرج نییە بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرایان هەبێت و فەرمانبەری ئەوقافیش بن "بەڵکو گرنگ ئەوەیە شارەزایی ئاینییان هەبێت، خۆ ئێستا ئافرەتیش هەیە دەرچووی کۆلێژی خوێندنە ئیسلامییەکانە و دانانرێن".



رووداو
کۆمەڵایەتی
ژمارە (351) دووشەممە 2015/3/16





## کارەبا کرێکارێک دەکوژێت

**رووداو- هەولێر**

کرێکارێک لە کاتی کارکردندا کارەبا دەیگرێت و بەو هۆیەش گیان لەدەستدەدات، پۆلیسیش دۆسیەی لێکۆڵینەوەی بۆ دەکاتەوە. کاروان خۆشناو، بەرپرسی راگەیاندنی پۆلیسی هەولێر لە پەیجی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک بڵاوی کردووەتەوە کە رۆژی 2015/3/14 پۆلیس لە رووداوێکی نەخوازراو ئاگادارکراونەتەوە، دوای گەیشتنی پۆلیس بۆ شوێنی مەبەست دەرکەوت کە کرێکارێک بەناوی محەممەد تەها عەلی، تەمەن 25 ساڵ، لە کاتی کارکردن لە خانوێکی تازە دروستکراو کارەبا لێی دەدات و دەستبەجێ گیان لەدەست دەدات.

# حاکم فوئاد لە ترسی چی خۆی کوشت؟





**پشتیوان جەمال**
**رووداو- سلێمانی**

پلانی خێزانەکەی حاکم فوئاد بۆ ئەم هەینییەی داهاتوو گەشتێک بوو بۆ هاوینەهەواری دوکان، بەڵام دادوەرە خانەنشینەکە هەر بەو دەمانچەیەی کە حکومەت بۆ پاراستنی سەر و ماڵی خۆی پێی بەخشی بوو، خۆی کوشت.

هەواڵی کوژرانی حاکم فوئاد محەممەد تۆفیق، تەمەن 75 ساڵ لە رۆژی هەینیدا، زۆر بە خێرایی بە شاری سلێمانیدا بڵاوبووەوە، بەوپێیەی ساڵانێک سەرۆکی فەرمانگەی داواکاری گشتی بووە لەو شارە و کەسایەتییەکی ناسراو بوو.

وەک هەموو رۆژانێکی دیکە، حاکم فوئاد و پرشنگی خێزانی، کاژێر 7ی بەیانی بەخەبەرهاتوون و حاکم بە خێزانەکەی گوتووە کە بۆ نیوەڕۆ شلەی قەیسی ئامادە بکات، بەڵام دوای چوونە دەرەوەی خێزانەکەی لە ژووری نووستنەکەیان، حاکم فوئاد بە فیشەکێک کۆتایی بەژیانی خۆی هێنا.

ئەو دادوەرەی پێشوو باوکی کوڕێک و دوو کچ بوو. سەرۆکی فەرمانگەی داواکاری گشتیی سلێمانی بووە لە ماوەی ساڵانی (2000 – 2005) و دواتر خانەنشین بووە. بەپێی قسەی کەسوکارەکەی، لە ساڵانی شەستەکان تووشی نەخۆشییەک بووە و بەو هۆیەشەوە قاچەکانی لاواز بوون.

سۆران خاڵە شەهاب، زاوای حاکم فوئاد بە (رووداو) گوت "کاک فوئاد دوای ماڵئاواییکردنی، پرسیارێکی جێهشتووە، بۆچی بەو شێوەیە ماڵئاوایی کرد، تەنیا خۆی دەیتوانی وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە".

بەبڕوای سۆران تاکە هۆکار بۆ خۆکوشتنی ئەو دادوەرەی پێشوو، هەر نەخۆشیی قاچەکانێتی. سۆران گوتی "پێشتریش کاک فوئاد چووە ئەڵمانیا بۆ چارەسەری قاچی و پێیانگوتبوو ئەگەر لە کاتی تووشبوونت بەو نەخۆشییە بهاتبایت، چارەسەرت هەبوو".

ئەو زاوایەی حاکم فوئاد ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە هەندێجار پێوەی دیار بوو خەفەتی بۆ قاچەکانی دەخوارد، بەڵام دەرینەدەبڕی "بەگۆچان هاتوچۆی دەکرد و زۆرجاریش بۆ هەندێک شوێن ئەگەر تەخت نەبووایە نەدەچوو".

سەرەڕای تووشبوونی بەو نەخۆشییە، رۆژی پێنجشەممەی رابردوو قاچێکی وەرگەڕاوە و هەستی بە ئازار کردووە، خێزانەکەشی پێیگوتووە با بڕۆینە لای پزیشک، بەڵام گوتوویەتی ئازاری زۆر نییە.

وەک سۆران باسی کرد، شەوی پێش رووداوەکە لەگەڵ خێزانەکەی لەژووری نووستنەوە هاتوون بۆ هۆڵەکەیان و پاشانیش ویستوویانە بڕۆنەوە بۆ ژوورەوە، حاکم فوئاد دەستی خستووەتە سەر شانی خێزانەکەی و گوتوویەتی "ئەوە ژیان نییە منی تێدام بەدەست قاچمەوە".

سۆران گوتی "دیارە سەرلەبەیانی هەینی کە لەخەو هەستاوە بەخێزانەکەشی گوتووە چایی ئامادە بکە و بۆ نیوەڕۆش قەیسی لێبنێ و دواتریش خێزانەکەی ناردووەتە دەرەوەی ژوورەکە و گوتوویەتی دەرگاکە دابخە، پاشان خۆی کوشتووە". ئەوگوتیشی "پێدەچێت بیری لەوە کردبێتەوە کە لە داهاتوودا بەهۆی قاچەکانییەوە پەکی بکەوێت، بۆیە خۆی کوشتووە".

هەر لەوبارەوە هەرێز ئەحمەد، هاوسەری کچێکی دیکەی حاکم فوئاد کە دوای رووداوەکە یەکەمین کەس بووە دەرگای ژوورەکەی کردووەتەوە، گوتی حاکم فیشەکێکی نابوو بەمەڵاشوویەوە و لەسەری دەرچووبوو.

هەرێز گوتی "کاتێک چووم بینیم خێزانەکەی ترسابوو، چوو بووە مەدخەلی ماڵی دراوسێکەیان و دەگریا، کاتێک دەرگای ژووری نووستنەکەم کردەوە تەپوتۆز بوو، بینیم کاک فوئاد هەر لەسەر کورسییەکە بوو. پەنجەشی هەر لەنێو پەلەپیتکەی دەمانچەکەدا بوو".

### وەسیەتەکەی حاکم فوئاد

حاکم فوئاد دوای خۆی هیچ گومانێکی بۆ کەسوکارەکەی نەهێشتووەتەوە کە بگوترێ دەستێک لە پشت کوشتنەکەی هەبێت یان کوژرابێت. چونکە دوای خۆی وەسیەتێکی جێهێشتووە.

خێزانەکەی حاکم فوئاد وێنەیەکی وەسیەتەکەیان دایە (رووداو) کە نووسیویەتی "پرشنگ گیان داوای لێبووردن دەکەم کە لەم رۆژە نەحسەدا کۆتایی بەژیانی خۆم دەهێنم، تکات لێدەکەم لێم ببورە. ئەو پارانەی هەمە ( 25 ملیۆن دینار) بینێرن بۆ خەستەخانەی هیوا لەڕێی د.هاژەوە، ئەگەر بۆتان کرا لە هەڵەبجە بمنێژن، داوای لێبووردن لە کەسوکار و برادەران".

بەڵام بەشی کۆتایی وەسیەتەکەی جێبەجێ نەکرا کە داوای کردبوو لە هەڵەبجە بینێژن.

سۆران لەو بارەیەوە گوتی "دیارە بەهۆی رێگەکەوە نەمانویست هەموو کاتێک کەسوکار و هاوڕێیان هاتوچۆ بکەن و ئەرک بکێشن".

سەبارەت بەو دەمانچەیەی کە حاکم خۆی پێ کوشتووە، سۆران خاڵە شەهاب گوتی "ئەو کاتەی سەرۆکی داواکاری گشتی بوو، حکومەت دەمانچەی بەخشییە دادوەرەکان بە مەبەستی پاراستنی سەر و ماڵی خۆیان و دواتریش لەنێو هەموو دادوەرەکاندا تەنیا لە حاکم فوئاد وەرنەگیرایەوە، هەر بەو دەمانچەیەش خۆی کوشت".

حاکم کەمال رەشید، دادوەری یەکەمی دادگای باری کەسێتی سلێمانی کە ئێستا خانەنشین کراوە و هاوڕێی حاکم فوئاد بووە، بە (رووداو)ی گوت "رۆژی چوارشەممەی رابردوو دوایین رۆژی یەکتربینینمان بوو، بڕیار بوو رۆژی دواتریش یەکدی ببینین، تەلەفۆنم بۆ کرد، بەڵام گوتی میوانمان دێت، دیارە تووشی ئەو حاڵەتە بوو بوو پێی نەگوتم".

رووداوەکە بۆ حاکم کەمال بووەتە شۆک و گوتی "سەرەتا پێیانگوتم برینداره، دواتر زانیم خۆی کوشتووە. بەڕاستی زۆر چاوەڕواننەکراو بوو، دیارە بەهۆی وەرگەڕانی قاچی و نەخۆشی قاچەکانیشیەوە تووشی نائومێدی ببوو".

دوای رووداوەکە، تەرمی حاکم فوئاد براوەتە دادپزیشکی سلێمانی. دکتۆر شێروان عەبدوڵڵا، پزیشکی پسپۆڕی دادی کە توێکاری بۆ تەرمەکەی حاکم فوئاد کردووە، گوتی "رووداوەکە خۆکوشتن بووە، فیشەکی ناوە بەمەڵاشوویەوە و لەسەری دەرچووە".

# بەرپرسی بنکەیەکی پۆلیس لە قەڵادزێ خۆی دەکوژێت



**عومەر چاوشین**
**رووداو- قەڵادزێ**

نەقیبێکی پۆلیس لە نێو ماڵەکەیدا بە گوللەیەکی دەمانچە کۆتایی بە ژیانی خۆی دەهێنێت. کەسوکارەکەی دەڵێن خۆی کوشتووە، بەڵام پۆلیس دەڵێت تاوەکو ئێستا هۆکار و چۆنیەتی رووداوەکە نەزانراوە.

رۆژی 2015/3/9 نەقیبێکی پۆلیس بەناوی ئاری عەبدوڵڵا کە بەرپرسی بنکەی پۆلیسی راپەڕین بوو، بە گوللەیەکی دەمانچە خۆی کوشت. ئاوات عەبدوڵڵا، برای قوربانییەکە بە (رووداو)ی گوت، ئەو بەیانییەی براکەی خۆی کوشتووە، هەروەک رۆژانی دیکە خۆی ئامادە کردووە بچێتە دەوام لە بنکەی پۆلیسی راپەڕین، بەڵام لە جیاتی چوونی بۆ دەوام، خۆی کوشتووە.

ئاوات رەتیکردەوە ئاری برای هیچ کێشەیەکی هەبووبێت و گوتی "براکەم هیچ کێشەیەکی دەروونی نەبوو، باری ئابووری زۆر باش بوو، خانوو و ئۆتۆمبێلی خۆی هەبوو، مووچەکەشی باش بوو، بۆیە پێم سەیرە خۆی کوشت".

دوای خۆکوشتنی ئاری، دەنگۆی ئەوە لە نێو خەڵکدا بڵاوبووەوە کە ئاری لەسەر میرات و کێشەی خێزانی خۆی کوشتووە، بەڵام ئاوات ئەو دەنگۆیانەی رەتکردەوە و گوتی "ئێمە نزیکترین کەسی ئەوین، نازانین بۆچی خۆی کوشتووە، بۆیە هەر قسەیەک لەبارەی خۆکوشتنی براکەم بگوترێت دوورە لە راستی".

نەقیب ئاری خاوەنی 5 خوشک و 5 برا بوو، ئاران محەممەد کە ئامۆزای نەقیب ئارییە، زۆر پەسنی ئامۆزاکەی دا و گوتی "ئامۆزاکەم زۆر باش بوو لەگەڵ خزم و کەسوکاری، لە نێو خوشک و براکانیدا نموونەی باشی بوو، بە راستی رووداوەکە تووشی شۆکی کردین، چونکە کەسێکی زۆر بێ کێشە بوو".

هاوڕێیەکی ئاری عەبدوڵڵا کە لە بنکەی پۆلیسی راپەڕین بە یەکەوەن، دەڵێت ئەو رووداوە پۆلیسەکانی بنکەکەی تووشی شۆک کردووە، چونکە قەت نەیانزانیوە نەقیب ئاری کێشەی هەبووبێت.

غەفور ئەحمەد کە لە پرسەی هاوڕێکەیدا دانیشتبوو، گوتی "من زۆر لە کاک ئاری نزیک بووم، زۆر متمانەی بە من بوو، ئەگەر کێشەیەکی هەبووایە بۆ منی باس دەکرد، ئەو هیچ کێشەیەکی نەبوو، لە رووی تەندروستیشەوە کێشەی نەبوو، تەنیا سورێنچکی کەمێک ئازاری هەبوو، نۆرەمان بۆ گرتبوو لە نۆرینگەیەکی سلێمانی، بەنیازبووین بۆ بەیانی بیبەین بۆ سلێمانی، بەڵام مەرگ رێگەی نەدا".

ئەو زۆر پەسنی بەرپرسەکەی دا و گوتی "کەسێکی زۆر راستگۆ بوو، لە دۆستایەتی و هاوڕێیەتیدا زۆر بێ فرت و فێڵ بوو، کێشەی چەندان کەسی ئەو شارەی چارەسەر کردووە، کەسێکی زۆر لەسەرخۆ و ئارام بوو".

رائید مستەفا حەمەد، بەڕێوەبەری راگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی راپەڕین بە (رووداو)ی گوت "رۆژی 2015/3/9 تەرمی ئەفسەرێکی سەر بە بەڕێوەبەرایەتیمان بە ناوی نەقیب ئاری عەبدوڵڵا، لەدایکبووی 1985 کە ئەفسەری بنکەی پۆلیسی راپەڕین سەر بە بەشی پۆلیسی پشدەر بوو، هێنرایە بەشی پزیشکی دادوەری لە نەخۆشخانەی قەڵادزێ شوێنەواری یەک فیشەک بە لای تەنیشتی سەرییەوە بوو".

ناوبراو گوتیشی "بەپێی زانیارییە سەرەتاییەکان ئەو ئەفسەرە لە ماڵەکەی خۆیدا بەهۆی بەکارهێنانی دەمانچەکەی خۆی گیانی لەدەستداوە، بەمەبەستی زانینی هۆکاری راستەقینەی مردنەکەی و چۆنیەتی رووداوەکە، تەرمەکەی رەوانەی پەیمانگای پزیشکی سلێمانی کراوە، دۆسیەش بۆ رووداوەکە کراوەتەوە".



**موقەدەمی ماف ژیلەمۆ عەبدولقادر***

## تەنیا سکاڵا فریات دەکەوێت

ئافرەتێک کە راپۆرتێکی پزیشکی بەدەستەوە بوو، سەردانی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنانی کرد و گوتی "مێردەکەم لێیداوم و لە ماڵەوەش دەریکردووم". بەڵام کاتێک سەیری راپۆرتەکەی کرا نزیکەی چوار مانگ بەسەر رووداوەکەدا تێپەڕیبوو، بۆیە پێی راگەیەنرا کە مافی تۆمارکردنی سکاڵای نییە، چونکە زیاتر لە سێ مانگ بەسەر دەرچوونی راپۆرتە پزیشکییەکەی تێپەڕیوە و بەپێی یاساش دوای ئەو ماوەیە مافی سکاڵاکردنی نامێنێ.

ژنەکە دەستی بەهاوار کرد و گوتی "کوا مافی ئافرەت! ئەی ئێوە بەرگری لە مافی ئافرەت ناکەن؟ من راپۆرتی پزیشکیم هەیە کە مێردەکەم لێیداوم". لە ژنەکەمان پرسی بۆچی سەرەتا سکاڵات تۆمار نەکرد و دوای چوار مانگ ئینجا بیرت لەوە کردەوە. ئەو گوتی کە راپۆرتەکەم وەرگرتەوە پزیشکەکان رێنماییان کردم بێمە لاتان و سکاڵا تۆمار بکەم، بەڵام کەسوکارم هەر لە نەخۆشخانە پەشیمانیان کردمەوە و گوتیان ئارام بگرە با مێردەکەت بە یەکجاری لێت تووڕە نەبێت و تەڵاقت نەدات، چاوەڕێ بکە بەڵکو خۆی پەشیمان ببێتەوە و بێت بەدواتدا و داوای لێبووردنت لێ بکات، راستییەکەی منیش بە قسەی ئەوانم کرد، چونکە حەزم نەدەکرد ماڵم لێ تێکبچێت، بەڵام ئەو نەک هەر لێی نەپرسیمەوە، بەڵکو خەڵکیان بەدوامدا نارد تاوەکو بمباتەوە.

کاتێک ئەو ئافرەتە لە ئێمە بێ ئومێد بوو، پەنای بۆ دادگا برد، بەڵام لە دادگاش سکاڵاکەی لێوەرنەگیرا و پێیانگوت کە سێ مانگ بەسەر راپۆرتە پزیشکییەکەیدا تێپەڕیوە. بۆیە دووبارە گەڕایەوە لای ئێمە و گوتی "مەعقولە ئەو هەموو لێدانەم خواردووە و حەفتەیەک لە نێو جێگادا کەوتووم، ئێستاش سکاڵاکەم لێوەرناگیرێت".

بەپێی مادە 6 لە یاسای ئسولی محاکەماتی جەزایی، ئەو تاوانانەی بەرامبەر کەسەکان دەکرێن و مافی گشتییان تێدا نییە، پاش تێپەڕبوونی سێ مانگ، خاوەن ماف، مافی تۆمارکردنی سکاڵای نامێنێ، بەڵام دەتوانێت لە دادگای باری کەسی سکاڵا تۆمار بکات بۆ وەرگرتنەوەی مافە داراییەکانی.

بۆیە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئەم کێشەیە، ئەم جۆرە حاڵەتانە رۆژانە دووبارە دەبنەوە، لەبەر ئەوەی ئافرەت لە تێکچوونی شیرازەی خێزان دەترسێ، بە تایبەتی ترسی هەیە تەڵاق بدرێت، بۆیە زۆرجار بێدەنگی هەڵدەبژێرێ بەرامبەر ئەو توندوتیژیانەی لە دژی دەکرێن.

ئەو ژنە ئەگەر هەر لە سەرەتاوە سکاڵای تۆمار کردبا و پسوولەی ئاگادارکردنەوەی پۆلیس بۆ مێردەکەی بچووبایە، رەنگە ئەوکات رەوتی رووداوەکان بەشێوەیەکی دیکە بوونایە، لەوانەیە پیاوەکە لە ترسی دادگا و پۆلیس داوای لێبووردنی لەخێزانەکەی کردبا و ئافرەتەکەش لێیخۆش دەبوو و کێشەکەیان چارەسەر دەکرا، پێچەوانەکەشی هەر راستە، جاری وا هەیە داوا تومارکردن دەبێتە هۆی رق لێهەڵگرتن و جیابوونەوە، بەڵام دەبێ ئەوە بزانین باشترین رێگە بۆ پاراستنی مافەکانت سکاڵا تۆمارکردنە.

*بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان/ هەولێر

# لە ڕانیە قوتابییەکی ئامادەیی دەکوژرێ

عومەر چاوشین
ڕووداو- ڕانیە

لە دەشتێکی نزیک ڕانیە تەقە لە قوتابییەکی ئامادەیی دەکرێت و بریندار دەکرێت، دوای چوار ڕۆژ مانەوە لە نەخۆشخانە، گیان لەدەست دەدات.

ڕۆژی 2014/3/8 قوتابییەک بەناوی عەلی ئەحمەد ئیبراهیم، تەمەن 15 ساڵ، دانیشتووی گەڕەکی ئازادیی شارۆچکەی ڕانیە کە قوتابی پۆلی 11ی ئامادەیی بوو، لە دەرەوەی شارۆچکەکە تەقەی لێدەکرێت و بریندار دەکرێت. دواتر لەلایەن ئاسایشی ڕانیە دەگەیەنرێتە نەخۆشخانەی گشتیی ڕانیە، بەڵام بەهۆی سەختیی برینەکەی، بەڕێدەکرێت بۆ نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی و دوای چوار ڕۆژ لە نەخۆشخانە گیان دەسپێرێ.

ئەحمەد ئیبراهیم، باوکی قوتابییەکە لە دووەم ڕۆژی پرسەی کوڕەکەیدا قسەی بۆ (ڕووداو) کرد و گوتی "کوڕەکەم ئەو ڕۆژە چووەتە قوتابخانە، بەڵام ئێوارە ئەم هەواڵە ناخۆشەیان پێداین".

ئەحمەد ئیبراهیم ڕەتیکردەوە کوڕەکەی هیچ کێشەیەکی هەبووبێت، بۆیە بە دووری دەزانێت خۆی کوشتبێت و دەڵێت کوژراوە "کوڕەکەم لە قوتابخانە خراپ نەبوو، هیچ ناخۆشی و کێشەشمان لەگەڵ کەسدا نییە، بۆیە گومان ناکەین خۆی کوشتبێ". باوکی عەلی سەری سوڕماوە لە ڕووداوەکە و دەڵێت "هیچ بەڵگەیەکی لە دوای خۆی جێنەهێشتووە، هیچ شتێکیشی لەلای کەس باس نەکردووە، جگە لەوەش قەت باسی هاوسەرگیری نەکردووە و داوای ئۆتۆمبێلیشی نەکردووە، تاوەکو بڵێین لەبەر ئەو هۆکارانە خۆی کوشتووە، بۆیە دەڵێین کوژراوە". بەڵام باوکی عەلی نازانێت سکاڵا لەسەر کێ تۆمار بکات، چونکە هیچ بەڵگەیەکی لەبەردەست نییە کەسی پێ تۆمەتبار بکرێت.



## مەشروب و دەمانچە لە شوێنی ڕووداوەکە

وەک باوکی عەلی دەڵێت، لەو شوێنەی تەقە لە کوڕەکەی کراوە، چەند بوتڵە مەشرووبێک دانراوە، هەروەها لە تەنیشت جەستە خوێناوییەکەی عەلیش دەمانچەیەک دۆزراوەتەوە. بەڵام باوکی عەلی دەڵێت "کوڕەکەم مەشرووبخۆر نەبووە و حەزیشی لە هەڵگرتنی چەک نەبووە". گوتیشی "ئەوەی ئەو تاوانەی کردووە، ئەو دەمانچەیەی بۆیە داناوە، تاوەکو تاوانەکە ون بکات، بکوژ دوو گوللەی لە نێو گوێچکەی عەلی داوە. عەلی لە جوڵە و قسەکردن کەوتبوو، دوای چوار ڕۆژ لە نەخۆشخانە گیانی سپارد".

ڕائیدی پۆلیس مستەفا محەممەد باپیر، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی ڕاپەڕین لەبارەی ئەو ڕووداوە گوتی " ڕووداوەکە لە ناوچەی گردەدێمە ڕوویداوە کە ناوچەیەکی دەشتاییە، لە نەخۆشخانەی گشتی ڕانیە چارەسەری سەرەتایی بۆ بریندارەکە کرا، بەڵام بەهۆی سەختیی برینەکەی ڕەوانە کرا بۆ نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی. دواتر لە نەخۆشخانە گیانی لەدەستدا".

سەبارەت بەهۆکاری ڕووداوەکەش، گوتەبێژەکەی پۆلیس گوتی "ڕووداوەکە تازەیە و لێکۆڵینەوە لە قۆناغی سەرەتادایە، وتە لە کەس وەرنەگیراوە و قوربانییەکەش هۆشی نەبوو، تاوەکو وتەی وەربگیرێت، بۆیە تاوەکو ئێستا هۆکاری ڕووداوەکە نەزانراوە. بەڵام ئەو چەکەی لە تاوانەکەدا بەکارهاتووە دەستی بەسەردا گیراوە". گوتیشی "کەسوکاری کوڕەکە سکاڵایان تۆمار نەکردووە و کەسیش لەسەر ڕووداوەکە دەستگیر نەکراوە".

# سلێمانی لە کۆمپانیا ئێرانییەکان ڕازی نییە

**ژووری بازرگانی:**

**کۆمپانیا ئێرانییەکان تەنیا پارە پەیدا دەکەن و دەیبەنەوە**

**خاوەن کۆمپانیایەکی ئێرانی:**

**بەڵێندەرانی کورد پرۆژەمان پێ دەفرۆشنەوە**

پشتیوان جەمال
ڕووداو- سلێمانی

سەرەتای ئەم مانگە ئاسۆ فەرەیدوون، پارێزگاری سلێمانی سەردانی شاری سنەی کرد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و چەند یاداشتێکی لێکتێگەیشتنی لەگەڵ بەرپرسانی ئەو شارە واژۆکرد، بە ئامانجی پەرەپێدانی ئاڵوگۆڕی بازرگانی.

ساڵانە ئاستی ئاڵوگۆڕی بازرگانی کۆماری ئیسلامی ئێران لەگەڵ هەرێمی کوردستان لە پلەی دووەمدایە، بەڵام سەرۆکی ژووری بازرگانی و پیشەسازی سلێمانی گلەیی لەکاری کۆمپانیا ئێرانییەکان هەیە و دەڵێت "هەتا ئێستا پرۆژەی گەورەیان نەکردووە".

## "نیوەیان کار ناکەن"

سۆران ئەحمەد ئیسماعیل، بەڕێوەبەری تۆماری کۆمپانیاکان لەسلێمانی دەڵێ ژمارەی کۆمپانیا ئێرانییەکان لە پارێزگای سلێمانی 190 کۆمپانیان "بەڵام لەو ژمارەیە نزیکەی نیوەیان کار ناکەن". لەوەتەی یاسای وەبەرهێنان لە پەرلەمانی کوردستان دەرچووە، کۆمپانیاکانی بواری بەڵێندەرایەتی و وەبەرهێنان هەوڵدەدەن لە هەرێمی کوردستان پرۆژە وەربگرن، ئەوەی بە ڕوونی هەستی پێدەکرێ، ئەو دابەشبوونەیە لەنێوان کۆمپانیا ئێرانی و تورکییەکاندا، تورکەکان لە پارێزگای هەولێر و دهۆک و ئێرانییەکانیش زیاتر ڕوو لە سلێمانی دەکەن.

سیروان محەممەد، سەرۆکی ژووری بازرگانی و پیشەسازی سلێمانی، نیگەرانە لەوەی کۆمپانیا ئێرانییەکان زیاتر کاری بازرگانی و بەڵێندەرایەتی دەکەن "کارگەی گەورەیان دانەناوە تا کرێکاری کورد ئیشی تێدا بکات". گوتیشی "تەنیا ئامانجیان پەیداکردنی پارە و بردنەوەیەتی بۆ وڵاتی خۆیان".

بەگوتەی ئەو بەرپرسەی ژووری بازرگانی، بەهۆی زۆربوونی کۆمپانیا ئێرانییەکانەوە، گلەیی کۆمپانیا نێوخۆییەکانیش زۆر بوون و دەڵێ "خەریکە بواری بازرگانی لە کۆمپانیاکانی خۆمان زەوت دەکەن".

چەند ساڵێک لەمەوبەر بڕیاربوو شاری پیشەسازی عەربەت، لەسەر ڕووبەڕووی 4000 دۆنم و بە سەرمایەی دوو ملیار دۆلار لە نزیک شاری سلێمانی لەلایەن گرووپی کۆمپانیاکانی بەڕێز و کۆمپانیایەکی ئێرانی دروست بکرێ کە تەنیا پرۆژەی وەبەرهێنانە کۆمپانیا ئێرانییەکان بەشداریی تێدا بکەن.

سیروان محەممەد گوتی، هەزار دۆنم زەوی ئەو شارە دراوەتە کۆمپانیا ئێرانییەکان، بەڵام تاوەکو ئێستا نەهاتوون پرۆژەیەکی تێدا بکەنەوە.

شکار ڕەزا، بەرپرسی ڕاگەیاندنی گرووپی کۆمپانیاکانی بەڕێز دەڵێ لەو پرۆژەیەدا تەنیا کۆمپانیایەکی ئێرانی لەگەڵیان بەشدارەو بەهۆی قەیرانی دارایی و هەندێک مامەڵەی یاساییەوە کارکردن تێیدا ڕاگیراوە.

## "پرۆژەمان پێ دەفرۆشنەوە"

بەڵام کەمال محەممەدی، خاوەنی کۆمپانیا ئێرانییەکە، ڕەتیدەکاتەوە ئەوان بەشی کۆمپانیا نێوخۆییەکانی هەرێمی کوردستانیان خواردبێ "زۆرجار ئەوان کە پرۆژەیەک وەردەگرن لە ژێرەوە دەیفرۆشنەوە بە ئێمە".

زۆرترین نیگەرانی خەڵک لە سلێمانی لە 4 ساڵی ڕابردوودا، بەراوردکردنی حاڵی شارەکەیان بوو لەگەڵ هەولێر و دەیانگوت ئاواکاری و وەبەرهێنان لە شارەکەدا بووە بە قوربانی ململانێی سیاسی، بۆیە کۆمپانیا زەبەلاحەکانیش زیاتر بەو هۆیەوە ڕوویان لەو شارە نەدەکرد. فەرمان غەریب، بەڕێوەبەری گشتی وەبەرهێنانی سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، هیچ کۆمپانیایەکی ئێرانی "مۆڵەتی وەبەرهێنانیان نییە". سەبارەت بە شاری پیشەسازیی عەربەتیش گوتی "یەکێک لە جێبەجێکارانی پرۆژەکە کۆمپانیایەکی ئێرانییە، بەڵام بەهۆی قەیرانی داراییەوە پرۆژەکە جێبەجێ نەکراوە".

کەمال محەممەدی ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە زۆر کۆمپانیای گەورەی ئێران هەن دەیانەوێت لێرە وەبەرهێنان بکەن "بەڵام دەبێت لەگەڵا کۆمپانیایەکی کوردیدا کار بکەن و لەو هاوبەشکردنەشدا 51%ی بۆ کۆمپانیا کوردییەکە و 49%ی بۆ کۆمپانیا ئێرانییەکە بێت". بەڵام فەرمان غەریب، ئەو قسەیەی ڕەتکردەوە "ئەو قسەیە ڕاست نییە، هەموو کۆمپانیایەکی بیانی دەتوانن بەدوو شێواز وەبەرهێنان بکەن، یەکێکیان کردنەوەی لقێکی کۆمپانیاکەیان، یاخود دروستکردنی کۆمپانیایەکی نوێ".

## "ناویان نییە و کاردەکەن"

جیاواز لەو گلەییانەی لێیان دەکرێت، بەڵێندەران دەڵێن کۆمپانیا ئێرانییەکان لە بواری بەڵێندەرایەتیدا لە سلێمانی کار دەکەن، بەڵام لای ئەوان ناویان تۆمار نەکردووە".

ناجی عیززەدین، سەرۆکی لقی سلێمانی یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان گوتی "کۆمپانیا ئێرانییەکان پرۆژەی زۆریان هەبووە، بەڵام هەڵەکەیان ئەوەیە، لای بەڵێندەران ناویان تۆمار نەکردووە". گوتیشی "ڕۆژانە سەردانمان دەکەن و کێشەیان هەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی دۆسیەیان لای ئێمە نییە، ناتوانین هاوکارییان بکەین".



(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

# گورگ تەنگی بەمەڕدارەکانی ناحیەیەک هەڵچنیوە

عومەر چاوشین
ڕووداو- بنگرد



بەهۆی زیادبوونی ئاژەڵی کێوی بە تایبەتیش گورگ، مەڕدارانی ناحیەی بنگرد دەڵێن ئاژەڵەکانیان مەترسی ڕەوە گورگیان لەسەرە، پۆلیسی دارستانیش دەڵێت چاوپۆشی لە ئاژەڵدارەکان دەکەن لە کاتی کوشتنی گورگدا.

## ناوێرن چەک هەڵبگرن

گۆران هەمزە، بە خۆی و سێ سەگەوە پاسەوانی لە 400 سەر مەڕ و بزن دەکات، ئەو زوو زوو ئەو ئاژەڵانەی دەنگ دەدا کە لە مێگەلەکە دادەبڕان، چونکە ترسی هەبوو گورگ لە نزیک مێگەلەکەی بۆ نێچیرێک خۆی مەڵاسدابێ.

گۆران گوتی "بۆ پاسەوانی لە ئاژەڵەکانمان سێ سەگی زۆر باشمان هەن، بەڵام پێویستمان بە چەکە، چونکە جاری وا هەیە ڕەوە گورگ پەلاماری ئاژەڵەکانمان دەدات و لەو کاتەدا سەگەکان دەرەقەت نایەن و پێویستمان بە چەکە، بەڵام لە ترسی پۆلیس ناتوانین چەک هەڵبگرین و داوای مۆڵەتی چەک هەڵگرتنمان لێدەکەن".

ئەو شوانە باسی زۆربوونی گورگی کرد و گوتی "بەهۆی قەدەغەکردنی ڕاوی ئاژەڵی کێوی، ساڵ بە ساڵ ژمارەی گورگەکان زۆرتر دەبێت، تەنیا لە وەرزی زستانی ئەمساڵدا گورگ سێ جار پەلاماری ئاژەڵەکانمی داوە".

ئەو شوانە داواکارە حکومەت مۆڵەتی هەڵگرتنی چەکیان بداتێ بۆ ئەوەی مەترسی گورگەکان لەسەر ئاژەڵەکانیان دووربخەنەوە.

ئاوات محەممەد بابەکر، شوانێکی دیکەی ناحیەی بنگردە، خاوەنی 400 سەر ئاژەڵن، وەک خۆی دەڵێت 10 سەگی باشیان هەیە بۆ پاسەوانی ئاژەڵەکانیان، بەڵام هێشتا گورگ زەفەریان پێدەبات، چونکە زۆرجار سەگەکان ئاگایان لە ئاژەڵەکان نابێت یان دووردەکەونەوە لە ئاژەڵەکان.

ئاوات گوتی "ئەمساڵ ئەسپێک و بەرخێکمان خوراوە، ساڵی ڕابردوو 40 سەر ئاژەڵمان خورا، خەڵکی دیکەش وەکو ئێمە زیانی پێگەیشتووە".

## "گۆشتەکەیان مەخۆن"

لە سنووری ناحیەی بنگرد نزیکەی 50 مەڕدار هەن، بە هەموویان نزیکەی 10 هەزار ئاژەڵیان هەیە.

پزیشکێکی ڤێترنەری باسی مەترسییەکانی ئاژەڵی کێوی دەکات لەسەر مەڕدارەکان و دەڵێت دەبێ مەڕدارەکان خۆیان بپارێزن لە خواردنی گۆشتی ئاژەڵی پەلامار دراو.

موحسین عەبدوڵلا کە پزیشکی ڤێترنەرییە بە (ڕووداو)ی گوت "گورگ هەموویان گۆشتخۆرن، بەڵام ئەوان زۆرتر لە شێوەی ڕەوە پەلاماری ئاژەڵ بە تایبەتی مەڕ دەدەن، سیفەتی گورگ وایە، حەز لە کوشتنی زۆرترین مەڕ دەکات، دواتر دەگەڕێتەوە سەری و گۆشتەکەی دەخوات".

ئەم پزیشکە هۆشداری دایە ئاژەڵداران لە خواردنی گۆشتی ئاژەڵی پەلامار دراو و گوتی "زۆرجار ئاژەڵە پەلامارداروەکە نامرێت و خاوەنەکەی سەری دەبڕێت و گۆشتەکەی دەخوات، بەڵام دەبێ ئاگادار بن، چونکە ڕەنگە گورگەکە نەخۆشی هاری هەبێت، بۆیە پێویستە گۆشتەکە زۆرباش بکوڵێنن".

## چاوپۆشی لە گورگ کوژەکان دەکەن

وەهاب ئەحمەد، ئەفسەری بنکەی پۆلیسی دارستانی ناحیەی بنگرد نەیشاردەوە کە لە سنوورەکەیان دڕندەی کێوی وەک گورگ و چەقەڵ و ڕێوی لە چاو ساڵان زۆرتر بووە، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ قەدەغەکردنی ڕاوی ئاژەڵی کێوی، بەڵام ئەو ئاژەڵە کێویانە بوونەتە مەترسی لەسەر ژیانی هاووڵاتیان.

ناوبراو ئاماژەی بەوەدا ئەوان هیچ ئیجرائاتێک بەرامبەر ئەو کەسانە ناکەن کە ئاژەڵی دڕندەی وەکو گورگ لە کاتی هێرشکردنە سەر خۆیان و ئاژەڵەکانیان دەکوژن "چونکە ئەوانە لە ترسی گیانی خۆیان و پاراستنی ئاژەڵەکانیان، ئەو گورگانە دەکوژن".

سەبارەت بە دیاردەی ڕاوکردنی ئاژەڵ لە ناوچەکەیان وەهاب ئەحمەد گوتی بەو پێیەی ناوچەکەیان عەشایرییە و ژمارەیەک ئاغای لێیە و ئاغاش حەزیان لە ڕاوە، بۆیە ڕاوکردن لە ناوچەکەیان زۆرە، بەڵام گوتی چاوپۆشی لە کەس ناکەن و لە ساڵی ڕابردوودا 50 کەسیان لە کاتی ڕاوکردن دەستگیرکردووە و دۆسیەیان بۆ کردوونەتەوە لە دادگا.

بەڵام ناوبراو نەیشاردە کە قەیرانی دارایی کاریگەری لەسەر ئیشی ئەوانیش هەبووە و دەڵێت "ئێستا بەهۆی بێ بەنزینی کەمتر دەرچوونمان هەیە بۆ دەستگیرکردنی ڕاوچییەکان".



# تورکیا چۆن بەشداریی ئۆپەراسیۆنی مووسڵ دەکات؟



**بێستوون عوسمان**
**ڕووداو- هەولێر**

بەرپرسێکی باڵای سەربازیی تورکیا ئاشکرای کرد کە لە 20 ڕۆژی داهاتوودا 2 فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان لە جۆری MQ-9 Reaper دەگەنە بنکەی سەربازیی ئینجیرلیک. ئەم فڕۆکانە کە هەڵگری سیستەمی مووشەک هاوێژن، بەشدار دەبن لە ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی شاری مووسڵ.

لەگەڵ نزیکبوونەوەی ئەو وادەیەی بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵ دیاری کراوە، ئامادەکارییەکان بۆ ئەو ئۆپەراسیۆنە چڕبوونەتەوە. تورکیا لەسەر زاری وەزیری بەرگریی وڵاتەکەی ئاشکرای کرد کە بەشدار دەبێت لە ئۆپەراسیۆنەکەدا.

لە سەرەتای هێرشەکانی ڕێکخراوی داعش بۆ سەر مووسڵ و باشووری کوردستان لە هاوینی 2014دا، ئەنقەرە بەشدارییەکی سنوورداری هەڵبژارد بۆ بەشداریکردن لە بەرەنگاربوونەوەی ئەو ڕێکخراوە. بەڵام لە سەرەتای 2015ەوە کۆمەڵێک هەنگاوی کرداری لەلایەن تورکیاوە دەستیان پێکرد. ئەم هەنگاوانە ئەوە دەخەنەڕوو کە تورکیا لە ماوەی داهاتوودا چالاکانەتر بەشدار دەبێت لە پرۆسەی لەناوبردنی داعش.

تاوەکو ئێستا تورکیا چەند جارێک تۆمەتبار کراوە بەوەی ئاسانکاری دەکات بۆ پەڕینەوەی چەکدارانی داعش بۆ سووریا و عێراق. سەرەتا حکومەتی تورکیا خۆی بەدوور گرت لە پەیوەستبوونی بە هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی دژ بە داعش، یەکێک لە بیانووەکانیشی ئەوە بوو کە ژمارەیەک کارمەند و دیپلۆماتکاری کونسوڵخانەکەی لە مووسڵ دیل بوون لەلای داعش.

بەدەر لەو هەماهەنگییە سەربازییەی لە نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان هەبوو بۆ مەشقپێکردنی پێشمەرگە، مانگی شوباتی 2015 نزیکبوونەوەیەکی نوێ لە نێوان ئەنقەرە و هێزە سوننەکان دەستی پێکردووە. ئەنجامی ئەم نزیکبوونەوەیە بەشداریی کارای تورکیای لێدەکەوێتەوە لە ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵ.

ئەم قۆناغە نوێیە، سەرەتا بە سەردانی ئوسامە نوجەیفی، جێگری سەرۆک کۆماری عێراق (سوننە مەزهەب) بۆ تورکیا دەستی پێکرد. ڕۆژی 2015/2/26 نوجێفی سەردانی ئەنقەرەی کرد. ئەم سەردانەی نوجێفی دوای ئەوە هات کە داود ئۆغڵو ڕۆژی 2015/2/21 لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا بە حەیدەر عەبادی ڕاگەیاندبوو "تورکیا پشتگیری ناکات لە سوپایەکی مەزهەبی (کە مەبەست لێی حەشدی شەعبی بووە) بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی ناوچە سوننەکانی بندەستی داعش".

سەردانەکەی نوجێفی دوو فڕۆکەی بارهەڵگر هاوکاریی سەربازی بەدوای خۆیدا هێنا بۆ بەغدا. ڕۆژی 2015/3/3 ڕۆژێک پێش سەردانی وەزیری بەرگریی تورکیا بۆ عێراق و باشووری کوردستان، یەکەم کاروانی هاوکاری سەربازیی ئەنقەرە گەیشتە بەغدا. عیسمەت یەڵماز وەزیری بەرگری، لە هەردوو پایتەخت، بەغدا و هەولێر دڵنیایی دا کە وڵاتەکەی بەشدارێکی کارا دەبێت لە ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵدا.

یەڵماز لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ (تۆڕی میدیایی ڕووداو) ئاشکرای کرد کە بەشداریی وڵاتەکەی لە چوارچێوەی هاوکاری لۆجیستی و پڕچەککردن و مەشقپێکردندا دەبێت. ئەوەشی خستەڕوو کە بەشداری ڕاستەوخۆ لە شەڕەکەدا ناکەن.

لەگەڵ سەردانەکانی لۆید ئۆستن، فەرماندەی هێزی ناوەندی ئەمریکا و جۆن ئالن، نوێنەری سەرۆکی ئەو وڵاتە لە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژ بە داعش بۆ ئەنقەرە، وردەکارییەکانی ئەو هاوکارییە لۆجستییەش یەکلابوونەوە.

هەرچەندە دوای ئەو کۆبوونەوانە لێدوانی فەرمی نەدران، بەڵام ئەو زانیارییانەی درزەیان کرد، ئەوە پشتڕاست دەکەنەوە کە تورکیا ڕەزامەندی دەربڕیوە بۆ بەکارهێنانی بنکەی سەربازی ئینجیرلیک بە مەبەستی لێدانی داعش. ئەنجامی ئەم ڕەزامەندی دەربڕینە، لە چەند هەفتەی داهاتوودا بە گەیشتنی فڕۆکە هێرشبەرەکانی ئەمریکا بۆ ئەو بنکەیە دەردەکەون.

بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست (تۆڕی میدیایی ڕووداو) کەوتوون، لە 20 ڕۆژی داهاتوودا دوو فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان لە جۆری MQ-9 Reaper دەگەنە بنکەی ئینجیرلیک. ئەم فڕۆکەیە لەلایەکەوە وێنە و ڤیدیۆ دەگوازێتەوە بۆ ناوەند. لەلایەکی دیکەشەوە توانای هەڵگرتن و هاویشتنی مووشەک و بۆمبی هەیە.

فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانی MQ-9 Reaper کە لەسەر زەوییەوە کۆنترۆڵ دەکرێت، لە کاتی هەڵگرتنی مووشەکدا بۆ ماوەی 14 کاژێر و کاتێکیش کە مووشەکی هەڵنەگرتبێت بۆ ماوەی 20 کاژێر دەتوانێت لە ئاسماندا بمێنێتەوە.

فڕۆکەکە لە یەککاتدا 4 مووشەکی Hellfire لە جۆری AGM-114 هەڵدەگرێت لەگەڵ 2 بۆمبی لێزەری لە جۆری GBU-12 Paveway II ، هاوکات لە توانایدا هەیە لە دووریی هەزار و 852 کیلۆمەترەوە ئامانج بپێکێت.

خێرایی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانی MQ-9 Reaper دەگاتە 482 کیلۆمەتر لە کاژێرێکدا. دەشتوانێت هەتا 50 هەزار فیت بەرزببێتەوە.

سوود وەرگرتن لە فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانی MQ-9 Reaper و بەکارهێنانی بنکەی سەربازی ئینجیرلیک، لەلایەکەوە خەرجی و کاتی هێرشە ئاسمانییەکان کەم دەکاتەوە، لە هەمانکاتیشدا ڕێژەی سەرکەوتن لە پێکانی ئامانجەکان بەرزدەکاتەوە.

## وەزیری دەرەوەی بەریتانیا:

# بەغدا دەبێ بیسەلمێنێ کە لەلایەن ئێرانەوە ئاراستە ناکرێت




**گاری کێنت**
**ڕووداو- لەندەن**

هەفتەی ڕابردوو، پرسە سەرەکییەکانی پەیوەست بە کورد لە دانیشتنێکی باڵای پرسیار و وەڵامدا لە نێوان لیژنەی کاروباری دەرەوەی پەرلەمان و وەزیری دەرەوەی بەریتانیا، فیلیپ هامۆند، تیشکیان خرایەسەر. بڕیارە هامۆند لە ماوەی دوو هەفتەی داهاتوودا سەردانی بەغدا و هەولێر بکات.

پەرلەمانتاری بەئەزموون و هەروەها نێردراوی پێشووی مافەکانی مرۆڤ بۆ عێراق، ئان کلۆید، سەبارەت بە دەرکەوتنی میلیشیا شیعە هاوپەیمانەکانی ئێران وەک یەکێک لە سەرەکیترین هێزەکانی عێراق پرسیاری لە هامۆند کرد.

وەزیری دەرەوەی بەریتانیا لەگەڵ پشتڕاستکردنەوەی ئەوەدا، ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە هێزەکانی ئێرانیش بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە ئۆپەراسیۆنەکانی دەوروبەری تکریت بەشدارن. هامۆند هەروەها جەختی لەسەر سیاسەتی لەمێژینەی بەریتانیا لەمەڕ عێراق کردەوە و گوتی "عێراق تەنیا بەوە دەبێت بە دەوڵەتێکی سەرکەوتوو کە لە حوکمڕانی خۆیدا کورد، شیعە و سوننە لە ئامێز بگرێت"، بەڵام وەکو دیارە، بەغدا ڕێگەی داوە بە خۆی کە تەنیا پشت بە هێزەکانی ئێران ببەستێ، ئەمەش وا دەردەخات کە هاتنەدی ئەم جۆرە لە حوکمڕانی سەخت بێت.

وەزیری دەرەوەی بەریتانیا گوتی دەبێت بەغدا پارە بە هێزە سوننەکان بدات، بۆ ئەوەی لەگەڵ میلیشیا شیعەکاندا هاوسەنگ ببنەوە و پاشان تێکەڵ بە هێزە ئەمنییەکانی عێراق بکرێن.

هامۆند جەختی کردەوە لەسەرئەوەی "بەغدا دەبێت بیسەلمێنێ کە لەلایەن ئێرانەوە و بەهۆی میلیشیا شیعەکانەوە بە ئاراستەیەکی دیاریکراوەوە پابەند نەکراوە، ئەگەرنا ناتوانێت متمانەی سوننەکان مسۆگەر بکات کە دەبێت لە پرۆسەی لەناوبردنی داعشدا بەشدار بن".

فیلیپ هامۆند لەگەڵ پەرلەمانتاری کوردی ناو پەرلەمانی بەریتانیا، نازم زەهاوی هاوڕا بوو، کە ئۆپەراسیۆنی تکریت "تاقیکردنەوەیەکە بۆ ئەوەی بزانین ئاخۆ ئەکتەرەکانی وەکو ئێران و میلیشیا شیعەکان بە نیازن بە چ شێوازێک دوای دەرکردنی داعش لە تکریت ئاشتی لەو شارەدا سەقامگیر بکەن". هامۆند هەروەها هۆشداریشی دا کە لە هەناوی هەر سەرکەوتنێکدا، مەترسی شکستیش خۆی حەشارداوە.

کلۆید لە بەشێکی دیکەی دانیشتنەکەدا مەسەلەی بەشدارنەکردنی کوردی لە "کۆنفرانسی نێودەوڵەتی دژی داعش" باسکرد و گوتی "پێدەچێت ئەمە کوردی زۆر ناڕەحەت و بێزار کردبێت". ئەو هەروەها پرسیاری لە سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا کرد ئایا حکومەتی بەریتانیا پێیوانییە دەبێت بەغدا هانبدات بۆ ئەوەی بەشدارییەکی زیاتر بە کورد بکات. هامۆند لە وەڵامی پرسیاری یەکەمدا گوتی "بێگومان ئێمە نەمانتوانی کورد وەکو خۆیان بانگهێشت بکەین، چونکە ئەمە کۆنفرانسی دەوڵەتان بوو، بەڵام ئێمە هانی عێراقمان دا کە لەناو شاندەکەی خۆیاندا کوردیش بەشدار بکەن. ئێمە بەردەوام دەبین لەسەرئەوەی بەغدا هانبدەین بۆئەوەی شێوازێک لە کارکردن بگرێتەبەر کە هەموو لایەنەکان لە خۆبگرێت."

سەبارەت بە مەسەلەی پەیوەندییەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەغدا، کە کلۆید بە پەیوەندییەکی "لەرزۆک" ناوی برد، هامۆند ڕایگەیاند هۆکاری ئەمە لە بنەڕەتدا بۆ نەوت دەگەڕێتەوە.

بە گوتەی وەزیری دەرەوەی بەریتانیا، ڕێککەوتنی ساڵی پار لەسەر 100 دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک کراوە، بەڵام کاتێک ئەم نرخە دادەبەزێت بۆ نیوە "ئیتر لەوێوە تووشی کێشە دەبێت. ناشکرێت هەموو لایەنەکان لەسەر ئەوەی بیری لێدەکەنەوە رازی بکرێن".

هامۆند لە کاتی شیکردنەوەی ئەسڵی کێشەکەدا گوتی "ئەگەر کورد ئەو بڕە نەوتە بۆ بەغدا بنێرن کە پێشتر گوتوویانە دەینێرن، ئەوە بودجەی خۆیشیان زۆر بەرزدەبێتەوە. چونکە ئەو بڕە نەوتەی ئەوان دەتوانن بیفرۆشن، نرخەکەی نیوە بووەتەوە. بەغداش ئەگەر ئەو بڕە نەوتەی پێنەگات کە هەرێمی کوردستان بەڵێنی پێدابوو، ئەوە ناتوانێ نەوتی پێویست هەناردە بکات بۆ پڕکردنەوەی بودجە".

بەڵام ئەمە کێشەکە بەشێوەیەکی هەڵە دیاری دەکات و مەسەلەکان ئاڵۆز دەکات. کاتێک مالیکی بە شێوەی یەکلایەنە بودجەی هەرێمی کوردستانی بڕی، نرخی یەک بەرمیل نەوت لەسەرووی 100 دۆلاری ئەمریکی بوو. ڕێککەوتنی مانگی دیسەمبەری نێوان هەولێر و بەغدا بە مانای بەرزبوونەوەی داهاتی گشتیی هەرێم نایەت. بەڵکو تەنیا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە هەولێر نەوتی خۆی بفرۆشێت و کۆی داهاتەکەی ڕەوانەی بەغدا بکات، لە بەرامبەردا بەغداش بودجە ڕەوانە بکات و مووچەی پێشمەرگەش بدات. ئەم ڕێککەوتنە کاتییە زیاتر کردەیی بووەوە کاتێک نرخی نەوت دابەزی و زەرووڕەتی فرۆشتنی نەوتی کەرکووک لە ڕێگەی بۆڕییە نەوتییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیاوە هاتە ئاراوە.

هەر زوو زەنگی خەتەر لێدرا کە گوایە بەرهەمهێنانی نەوتی کوردستان کەمترە لەوەی دەبووایە هەبێت، ئەمەش تەنیا لەسەر بنەمای تێکڕای هەناردەی چەند مانگێک نەک یەک ساڵی تەواو. ئامانج لەمەش لادانی سەرنجەکان بوو لەسەر ئەوەی بەغدا نەیتوانیوە هەموو بەشە بودجەی کوردستان بنێرێت. وەکو ئەوەی ئێمە زانیومانە لەوەتەی حەیدەر عەبادی بووە بە سەرۆک وەزیران، کوردستان تەنیا 10%ی بەشە بودجەی خۆی وەرگرتووە.

ئەمە بەشێوەیەکی بەرچاو ئابووریی کوردستانی لاواز کردووە کە وادەکات کوردستان بۆ ڕێگای نوێ بگەڕێت بۆ ئەوەی سەرچاوەی دارایی نوێ بدۆزێتەوە بۆ دابینکردنی مووچەی فەرمانبەران و پێشمەرگە. هەروەها پرۆژە وەستاوەکانی خۆی پێ زیندوو بکاتەوە و چالاکییە ئابوورییەکانی خۆی زیاد بکات. ئینجا هەموو کەس دەبێت پەی بەوە بردبێت کە پێویستە چەکی قورس بە کورد بدرێت. ڕاستە، داعش پاشەکشێی پێکراوە، بەڵام کورد چەکی پێویستیان لەبەر دەست نییە بۆ ئەوەی بە درێژایی سنوورە هەزار کلیۆمەترییەکەیان لەگەڵ داعش بە چەکی قورس بەرپەرچی هێرشەکانی داعش بدەنەوە.

ڕەنگە وەزیری دەرەوە بە نیاز بێت پێش بینینی سەرکردەکانی هەولێر و بەغدا هێمنی خۆی بپارێزێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، هێندەمان نەماوە هەڵسەنگاندێکی وردتری پرسە سەرەکییەکان ببیستین، کاتێک کە حکومەتی بەریتانیا دەبێ وەڵامی ڕاپۆرتی کانوونی دووەمی لیژنەی کاروباری دەرەوەی پەرلەمان بداتەوە. پێناسەکردنی دروستی کێشەکان ڕۆڵێکی بنەڕەتی هەیە لە چارەسەرکردنیان.

# سلێمانی... نەخۆشیی دەروونی لەنێو ژناندا بڵاوترە

**پشتیوان جەمال و سەروەر سالار**
**ڕووداو- سلێمانی**

لەشاری سلێمانی زیاتر لە نیوەی ئەو کەسانەی بەهۆی نەخۆشیی دەروونییەوە لە نەخۆشخانە دەروونییەکان خەوێنراون، لە ڕەگەزی مێیینەن. پزیشکانی دەروونی دەڵێن هۆکاری جەستەیی و کۆمەڵایەتی لە پشت ئەو جیاوازییەوەیە و داواش دەکەن چیدی خەڵکی بە شەرمەوە لە نەخۆشییە دەروونییەکان نەڕوانن.

بەپێی ئاماری هەردوو نەخۆشخانەی دەروونیی تایبەت بەژنان و پیاوان لەشاری سلێمانی کە دراوەتە (ڕووداو)، ئێستا زیاتر لە 85 ژن و پیاو (58% ژن و 42% پیاو) بەهۆی نەخۆشی دەروونیی درێژخایەنەوە خەوێنراون و چارەسەری پزیشکی وەردەگرن. جگە لەوانە ڕۆژانە خەڵکی بەهۆی ناسازگاریی دەروونییەوە سەردانی یەکە ڕاوێژکارییە دەروونییەکان و کلینیکە تایبەتەکان دەکەن، کە وەک تێبینی دەکرێت ژمارەیەکی زیاتریان لە ڕەگەزی مێیینەن.




## نەخۆشی دەروونیی کورتخایەن و درێژخایەن

لە شاری سلێمانی ئەوانەی نیشانەی نەخۆشی دەروونییان لێ دەردەکەوێت، سەرەتا سەردانی سەنتەری نەخۆشییە دەروونییەکان دەکەن کە یەکەیەکی ڕاوێژکاریی دەروونییە و هەموو کەس دەتوانێت بۆ دڵنیابوونەوە لەباری دەروونیی خۆی سەری لێبدات.

"سەنتەرەکەمان بۆ حاڵەتی کتوپڕ و سەرەتایی نەخۆشی دەروونییە و دوای ئەوەی نەخۆشەکان سەردانمان دەکەن، ڕاوێژکاری دەروونی و پزیشک دەیانبینن و ڕێوشوێنی چارەسەریان بۆ دیاری دەکەن" د.جەمال عومەر بەڕێوەبەری سەنتەرەکە لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) وای گوت.

ناوبراو ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە هەندێک لەو نەخۆشانە بە چارەسەری سەرەتایی باش دەبن و هەندێکی دیکەشیان ئەگەر دوای زیاتر لەدوو هەفتە باش نەبوون یاخود وایان لێهات کە ببێتە نەخۆشیی درێژخایەن و کۆنترۆڵی خۆیان پێ نەکرێت، ئەوا لەڕێگەی لیژنەیەکەوە لە سەنتەرەکەوە ڕەوانەی نەخۆشخانە تایبەتمەندە دەروونییەکان دەکرێن، تاوەکو چاودێری و بەدواداچوونی بەردەوام بۆ حاڵەتە دەروونییەکانیان بکرێت کە لەوانەیە پێویست بە خەواندن لەو نەخۆشخانانە بکات، یاخود چارەسەری درێژخایەنیان پێبدرێت و بنێردرێنە ماڵەوە و بەشێوەی خولی لەلایەن پزیشکی پسپۆڕی دەروونییەوە چاودێری و بەدواداچوون بۆ لایەنی دەروونییان بکرێت.

## ژنان زیاتر تووش دەبن

ماوەی چەند ساڵێکە لەشاری سلێمانی جگە لە سەنتەرێکی ڕاوێژکاریی دەروونیی حکومی، دوو نەخۆشخانە بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشیی درێژخایەنی دەروونی بۆ ژنان و پیاوان کراونەتەوە: نەخۆشخانەی سۆز بۆ ژنان و شەهید سەلاحیش بۆ پیاوان.

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو)، لەکۆی 85 نەخۆشی دەروونیی درێژخایەن کە لەو دوو نەخۆشخانەیە خەوێنراون، 50 کەسیان لە ڕەگەزی مێن و 35ی دیکەیان نێرینەن.

سەبارەت بەجۆری نەخۆشییە دەروونییەکان د.زامدار حەمەڕەسوڵ، پزیشکی پسپۆڕی دەروونی و بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی دەروونیی شەهید سەلاح بە (ڕووداو)ی گوت جۆرەکان (شیزۆفرینیا و مەزاجی دوو جەمسەری)یە کە بە نەخۆشییە سەختە درێژخایەنە دەروونییەکان هەژمار دەکرێن.

ئەوەی کە نەخۆشییە دەروونییەکان زیاتر تووشی ژنان دەبێت، هەر لەو دوو نەخۆشخانە پسپۆڕییەدا ڕەنگی نەداوەتەوە، بەڵکو لە یەکە ڕاوێژکارییە دەروونییەکان و کلینیکە تایبەتەکانی پزیشکانی دەروونیش تێبینی ئەوە دەکرێت کە ژمارەیەکی زۆرتری تووشبووانی نەخۆشییە دەروونییەکان لەنێو کەسانی پێگەیشتوودا، لە ڕەگەزی مێیینەن.

د.ڕێبوار حەمەغەریب کە هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرایە لە نەخۆشییە دەروونییەکان، دەڵێت باری جێندەری و نەخۆشییە دەروونییەکان پەیوەندییەکی بەرچاویان هەیە "بەر لە تەمەنی پێگەیشتن، نێرینە زۆرتر تووشی نەخۆشیی دەروونی دەبن، کەچی دوای پێگەیشتن هاوکێشەکە پێچەوانە دەبێتەوە و ئافرەتان زۆرتر تووش دەبن".

وەک ئەو پزیشکە باسی دەکات، ئەو گۆڕانە هۆرمۆنیانەی لە ژناندا ڕوودەدەن (سووڕی مانگانە، منداڵبوون و دواتر چوونە تەمەنی نائومێدی) ڕێگاخۆشکەرن بۆ شێوانی میزاج و دروستبوونی حاڵەتی دەروونی.

جگە لە فاکتەرە جەستەییەکان، دۆخی ژیانی کۆمەڵایەتی ژنانیش ڕۆڵی هەیە لە تووشبوون بە نەخۆشیی دەروونی "ئەو ژنانەی پاڵپشتی کۆمەڵایەتییان بەهێز نییە یان لە خێزاندا پەراوێز دەخرێن، یان دەبنە تاکە سەرپەرشتیاری خێزان و قورساییەکی زۆریان دەکەوێتە سەر، گوشار بۆ سەر لایەنی دەروونی و ڕۆحییان دروستدەبێت و ئەگەری تووشبوونیان بە نەخۆشیی دەروونی زۆرتر دەبێت". د.ڕێبوار وا دەڵێت.

توێژینەوەیەکیش کە ساڵی پار سەبارەت بە بەربڵاویی خەمۆکی لەنێو کەسە بەتەمەنەکانی دانیشتووی هەرێمی کوردستان ئەنجامدراوە و (ڕووداو) بەدواداچوونی بۆ کردووە، دەریخستووە کە ژنان لە پیاوان خەمۆکترن (77%ی ژنانی بەتەمەن بەرامبەر 55%ی پیاوانی بەتەمەن).

توێژینەکە لە دەرەوەی نەخۆشخانەکان و ڕاستەوخۆ زانیاری لە کەسانی بەتەمەن لەنێو ماڵان و لە شوێنی کارەکانیان وەرگرتووە.

توێژەرێکی کۆمەڵایەتی ئاماژە بۆ سروشتی کۆمەڵایەتیی ژنان دەکات وەک لایەنێکی ڕێگاخۆشکەر بۆ تووشبوون بە نەخۆشییە دەروونییەکان "ژنان هەستیارترن و ئاسانتر بە کارتێکەرە دەرەکییەکان کاریان لێدەکرێ و دەروونیان نائارام دەبێ". بژار شەهاب توێژەری کۆمەڵایەتی وای بە (ڕووداو) گوت.

## "شێت" لە فەرهەنگی پزیشکیدا نییە

زۆرجار لەکۆمەڵگەی کوردیدا بە تووشبووانی نەخۆشییە دەروونییەکان دەگوترێت "شێت"، بەڵام د.جەمال عومەر، پزیشکی پسپۆڕی دەروونی ئەو وشەیە ڕەتدەکاتەوە و دەڵێت "وشەی شێت لەنێو قاموسی پزیشکیدا نەماوە و قەدەغەیە".

ئەو پزیشکە پسپۆڕە جۆری نەخۆشییەکەی لەنێو تەمەنەکانیشدا شیکردەوە کە (بیرکۆڵی، خەمۆکی، ترس و ئۆتیزم) زیاتر لە منداڵدا هەن، هەروەها لە هەرزەکاریدا زیاتر یاخی دەبن، هەندێکیش هەن نەخۆشیی (کەسایەتی)یان هەیە واتە کەسێک لە منداڵییەوە لاسارە و گوێ ناگرێت، شیزۆفرینیاش لە تەمەنی (16 تاوەکو 40) ساڵییە، بیرچوونەوە لەپیریدا دەستپێدەکات.

د.جەمال عومەر ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە زیادی و کەمیی ئەو نەخۆشییە بەپێی چەند هۆکارێک دەگۆڕێت، لەوانەش ئێستا بەراورد بەساڵانی هەشتاکان هۆشیاری لەنێو خەڵک و ژمارەی کارمەند و پزیشکانی دەروونی زیادیان کردووە، جگە لەوەش جاران نەخۆش و کەسوکاریشیان لەڕوویان نەدەهات بڵێن ئەو کەسە نەخۆشیی دەروونی هەیە، بەڵام ئێستا ئاشکرای دەکەن.



ئیکرام حوسێن

# پێشمەرگە بە دەردی هەڵەبجە مەبەن

پەیوەندیی نێوان درێژیی زەڕافە و خێرایی پڵنگ چەندە، هەر ئەوەندەش پەیوەندی هەیە لە نێوان وەزارەتی شەهیدان و چارەسەرکردنی بریندارانی کیمیاباران.

لە ئێران زیاتر لە پەنجا هەزار بریندارى کیمیایی هەن یەک کەس سەرپەرشتییان دەکات، بەڵام بریندارەکانی هەڵەبجە هێدی هێدی بە هیوای تەواوبوونی نەخۆشخانەکەیانەوە سەردەنێنەوە. نەخۆشخانەیەک کە ئەگەر هەر هیوا بێت، لەوانەیە باشتر بێت لەوەی تەواوبکرێ. چونکە هەندێک جار هیوا دڵنیایی زیاتر دەبەخشێ لەچاو واقیعێکی خراپ. تۆ بڵێی نەخۆشخانەی چارەسەرکردنی بریندارانی کیمیایی لە هەڵەبجە ئەگەر خوای کرد و ڕۆژێک لە ڕۆژان لە دوای 27 ساڵ تەواو ببێ، سییەکان و دڵی تێدا بچێننەوە؟ یان هەر وەک نەخۆشخانە جوانەکەی شار لە سلێمانی دوای ئەو هەموو ساڵە لە چاوەڕوانی، ئەگەر کرێکارێک لەسەر دیوارێکی بکەوێتە خوارەوە یان کارمەندێکی بووریتەوە دەبێ بە پەلە ڕەوانەی تەوارییەکەی بکەن، وەک دەڵێن لە شارەوە بۆ لادێ!

دەڵێن خراپترین شتی کورد کورتیی یادەوەرییەتی. مەبەستم ئەوەیە ئێستا پێشمەرگە چ پاڵەوانێکی گەورەیە و چۆن ژیان و ئازادیمان دەپارێزێ، چۆن کەرامەت و تەنانەت شەوی سوور و سەروەت و سامانی بێ سەروبنی خەڵک و بەرپرسان دەپارێزێ، بەڵام تۆ بڵێی بریندارانی پێشمەرگەش بە دەردی بریندارانی کیمیابارانی هەڵەبجە نەچن؟

تۆ بڵێی وای لێ نەیەتەوە ئەگەر کەسوکاری پێشمەرگەیەک بڕۆنە لای بەرپرسێک، پێیان نەڵێ: ناخۆشتان کردووە، قابیلە کەس بریندار نەبووە کوڕەکەی ئێوە نەبێت؟"

دەترسێم کە شەڕ کۆتایی هات، پۆل پۆل بریندارانی پێشمەرگەش بئاخننە نێو پاسی گەورەی ئێرانییەوە و بیانبەن بۆ تاران بۆ چارەسەری و لەوێ دوو دوو یان سێ سێ بیانکەنە ژووری پزیشکێکەوە و ئەویش ڕەچەتەیەکی کۆپیکراو بە هەریەکەیان بدات و دەرمانێکیشیان بۆ بنووسێ کە پێویستی بە چاودێری هەبێت بۆ بەکارهێنان، چاودێریکەرەکەی بریندارانی پێشمەرگەش وەزارەتی شەهیدان بێت!

کەس نازانێ هەناسەیەک، تەنیا هەناسەیەکی بریندارێکی کیمیایی چەندە قووڵە و چەندەش ئازاربەخشە و چەندەش خەمهێنەرە. قەیدی نییە با بڵێین ئەوکات شارەزا و ڕاوێژکار و خەڵکی پرۆفێشناڵتان نەبوو بۆ چارەسەری قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە و ناوچەکانی دیکە، بەڵام خۆ ئێستا ئەو جۆرە خەڵکانە هێندە زۆرن، خەریکن لە شاشەی تیڤییەکانەوە دێنە دەرەوە بۆمان.

نزیکەی سێ ساڵ لەمەوبەر، بەدوای کاروباری چارەسەری بریندارێکی کیمیابارانەوە بووم. بە وەزیری تەندروستیم گوت قوربان ئێوە ناتوانن ڤیزایەکی بۆ وەربگرن؟ گوتی ناوەڵا خۆتان فریای بکەون. بە نووسراوی دوو وەزیرەوە چوومە لای پزیشکێک، ئەدرەسێکی دامێ تا ئێستاش کە ئێستایە هەر نەمدۆزییەوە!

شوورەییە بۆ بەرپرسان کە ئێستا میدیاکان هەر ڕۆژە و بە پێشاندانی پێشمەرگەیەکی بریندار جەرگمان بە ئاو دەکەن. ئەوانە پاڵەوانی نەتەوەیەکن، شایانی چارەسەرکردنێکی شاهانەن. نازانم چەندی تر ئەم شەڕە بەردەوام بێت، وەزارەتی تەندروستی بیر لە میکانیزمێک دەکاتەوە بۆ چارەسەرکردنی بریندارانی جەنگ، پێش ئەوەی پەیامنێرەکان لە میدیاکانەوە داوای چارەسەرییان بۆ بکەن.

# پێنج هۆکاری نا-خۆراکیی قەڵەوبوون

**ڕووداو- مێڵسکۆم**

کاتێک بە سادەیی باسی هۆکاری زیادبوون و دابەزینی کێش دەکرێت، خێرا دەگوترێ "پەیوەندی بە باڵانسی وەرگرتنی وزەی خۆراک و سووتاندنییەوە هەیە". ئەم لێکدانەوەیە تاڕادەیەک ڕاستە، بەڵام لەچواردەوری خۆمان خەڵکانێک دەبینین کە زۆر دەخۆن یان کەم دەجووڵێن و کەچی کێشیان تاڕادەیەک ئاساییە. پێچەوانەی ئەمەش ڕاستە: خەڵکانێک هەن دەجووڵێن و کەمتریش دەخۆن، بەڵام کێشیان هەر زیاد دەکات. کەواتە دەبێت ئەو هۆکارانەش دیاری بکەین کە خۆراک نین، بەڵام ڕۆڵیان هەیە لە زیادبوونی کێشدا و ئەو کەسانەی هۆکارێک یان زیاتر لەوانەیان تێدایە، هەوڵێکی زۆرتر بدەن بۆ دابەزاندنی کێشیان.

## 1 - ماددە پارێزەرەکان:

خۆراکە لە قوتوونراوەکان بۆ ئەوەی تێکنەچن، ماددەی دەستکردی پارێزەریان تێدەکرێت. پزیشکانی ئەمریکی بۆیان دەرکەوتووە ئەو ماددانە ڕێگا خۆشدەکەن بۆ قەڵەوی و تووشبوون بە شەکرە. توێژەران پێیانوایە ئەو ماددە پارێزەرانە کار لە باڵانسی بەکتریاکانی نێو ڕیخۆڵەکان دەکەن. ئەویش کاتێک ئەو ماددە کیمیاویانە ئەو ماددە لینجە تەنک و لاواز دەکەن کە ناوپۆشی دیواری ڕیخۆڵە دادەپۆشێ و بەوەش بەکتریاکان ئاسانتر دەگەنە خانەکانی ڕیخۆڵە و کار لە باڵانسی خۆراکی جەستە دەکەن.

## 2 - شیفتی کارکردن:

ئەو کەسانەی شیفتی شەوان کاردەکەن، تێکڕای سووتاندنی وزەیان لە 24 کاژێردا کەمترە لەوانەی بەڕۆژ کار دەکەن، بەوەش ئەگەر هەر وەکو کەسێکی ئاسایی نان بخۆن، ئەگەری قەڵەوبوونیان زیاترە. بۆیە دەبێت تێکڕای کالۆری وەرگرتنی کەسێک کە لە شەودا کاردەکات، کەمتر بێت لە کەسێک کە بە ڕۆژ کاردەکات. هۆکاری ئەمەش تێکچوونی کاتژمێری بایۆلۆژیی جەستەیە و کار لە باڵانسی خۆراکیی دەکات.

## 3 - فشاری دەروونی:

توێژەران دەڵێن ئەو کەسانەی کێشیان زۆرە و خەڵکی زوو زوو بەڕوویاندا دەدەنەوە کە ئێوە قەڵەون، لە ئەنجامی ئەو ڕەخنە ڕووخێنەرانەوە دەکەونە ژێر فشاری دەروونی و ئەوەش وایان لێدەکات زیاتر قەڵەو ببن.

فشاری دەروونی باڵانسی هۆرمۆن دەشێوێنێ و بارێکی نائاسایی لە جەستەدا پێکدێت کە ڕێگا خۆشکەر دەبێت بۆ قەڵەوبوون. وەرزش و یۆگا لەو ڕێگایانەن کە فشاری دەروونی دەڕەوێننەوە.

## 4 - ژینگەی پیس:

ئەو هەموو ماددە کیمیاویەی لە ژینگەدا هەن، هەر لە پیسبوونی هەوا هەتا ئەو ماددە کیمیاویانەی بەسەر کومبار و قەنەفە و پلاستیک و کەرەستە ئەلیکترۆنییەکانەوەن، کار لە فرمانی جگەر و ڕێکخستنی خۆراکیی جەستە دەکەن. ئەو ماددە کیمیاویانە بۆیە بەسەر ئەو کەرەستانەدا دەکرێن، هەتا ئەگەری سووتانیان کەم بکەنەوە لەکاتی ئاگر کەوتنەوەدا، ئەگەرچی لەو ڕووەوە بەسوودن، بەڵام لەڕوویەکی دیکەوە ئەوانە بێگانەن بە جەستە و کاتێک بەر پێستمان دەکەون و هەڵدەمژرێن، یان دەچنە هەوا و هەڵیاندەمژین، کاریگەری نەرێنییان دەبێت لەسەر جەستەمان.

## 5 - بۆ ماوەیی:

شێوەی جەستەمان لە دایک و باوکمانەوە وەردەگرین، تەنانەت توێژینەوە نوێیەکان دەڵێن جۆری بەکتریاکانی نێو ڕیخۆڵەشمان لەوان وەردەگرین. ئێستا دەرکەوتووە جۆری بەکتریاکانی نێو ڕیخۆڵە پەیوەندییەکی بەهێزی هەیە بە کۆنترۆڵکردنی کێشی جەستەوە.



# پێشانگایەکی لەشی ڕاستەقینەی مرۆڤ لە ئەڵمانیا



**ئالا شاڵی**
**ڕووداو- بەرلین**

لە گۆڕەپانی ئەلێکساندەر لە بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیا، پێشانگایەکی تایبەت بە جەستەی کەسانی جەستەبەخش کرایەوە کە ئێستا 2500 کەس لەوانە چاوەڕێن پاش مردنیان، جەستەیان لەو پێشانگایەدا نمایش بکرێ.

نزیکەی 200 نموونەی ئەندامەکانی لەش لەم پێشانگەیەدا دانراون، 20 نموونەیان هەموو لاشەی مرۆڤ پێشان دەدەن کە بڕیاریان دابوو دوای مردنیان، بۆ خزمەتی زانست جەستەیان نمایش بکرێ.

هەرچەندە زۆربەی خەڵکی بەرلین دڵگران بوون بە کردنەوەی ئەم پێشانگایە، بەڵام دکتۆر گوینتە ڤۆن هاگن کە دکتۆرای لە توێکاری کاری پلاستیناسۆندا هەیە، پێشانگاکەی کردەوە.

یان لێبەر، پیاوێکی ئەڵمانە دەڵێت "ئەم پێشانگایە کارێکی دروستە. ڕەنگە بەلای هەندێ کەسەوە دژی مۆراڵی مرۆڤ بێت، بەڵام ڕەنگە زۆر کەسیش هەبن بیانەوێت بزانن شێوەی ناوەوەی لەشی مرۆڤ چۆنە. بۆ نموونە منداڵ چۆن دروستدەبێت، ماسولکەکان چۆنن، دڵی مرۆڤ و گورچیلە چۆن کاردەکەن. زۆر شتم لێرە بینی، باوەڕم نەدەکرد دڵم ئەوەندە بچووک بێت، یاخود گورچیلە ئەوەندە ئەرکی قورس بێت".

دکتۆر گوینتە ڤۆن هاگ دەیەوێت لە ڕێگەی ئەم پێشانگایەوە بە مرۆڤ بڵێ، ئەگەر لەشێکی تەندروستت هەبێت، بەختەوەر دەبیت. ئەو بڕیاری داوە دوای مردنی، لاشەی خۆیشی نمایش بکرێت.

خوێندکارێکی زانکۆ کە لە جەستەکان ورد دەبووەوە، گوتی "لەبەر ئەوەی زانستی بایۆلۆجی دەخوێنم، زۆر سەرنجڕاکێشە کە ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ دەبینم. لە نزیکەوە دەبینم چۆن گورچیلە کار دەکات، گرنگی خواردنی تەندروست هەمووی لێرە دەبینم، پێت دەڵێت ئەگەر ئاگات لە خۆت نەبێت وات لێدێ".

لە پێشانگاکەدا گرنگیی وەرزش بۆ مرۆڤ بە وردی خراوەتەڕوو. سییەکانی جگەرەکێش و کەسێک کە جگەرە ناکێشێ. دڵ لە کاتی جەڵتە لێدان یاخود دڵێکی نەخۆش.

وەرزشوانێک کە لە پێشەنگاکە سەیری جەستەی کەسێکی وەرزشوانی دەکرد، گوتی "من کەسێکی وەرزشوانم، ئێستا لێرە زۆر بە باشی ئەرکی ماسولکەکانم بۆ ڕوون دەبێتەوە. ئەم مرۆڤە چونکە وەرزشی زۆر کردووە، تەماشای ماسولەکەکانی ڕانی بکە، تەماشا بکە چۆن دەتوانی ڕێکیی لەشت ڕابگری، ئەوە تواناى مرۆڤە ئەگەر بەکاری بهێنێ".

ئەم پێشانگایە وەک هاوکێشەی جوڵەی نێوان زانستی شیکاری و هونەر دەبینرێت. تاوەکو ئێستا 1500 کەس جەستەی خۆیان بەم پێشانگەیە بەخشیوە، هەروەها 2500 کەسیش نێوی خۆیان تۆمارکردووە تاوەکو پاش مردنیان بهێنرێنە ئێرە.

دکتۆر گوینتە ڤۆن هاگن، بە پێشانگای جیهانی لەشی مرۆڤ لە جیهانی مۆزەخانەدا شۆڕشی کرد. چونکە تاوەکو ئێستا هیچ پێشانگەیەک ئەوەندەی ئەم پێشانگەیە ڕوانگەی میوانەکانی لەسەر لاشەی خۆیان نەگۆڕیوە و سەرنجی بۆ سەر لەشی مرۆڤ ڕانەکێشاوە.

مێژووی پێشانگای جیهانیی لەشی مرۆڤ دەگەڕێتەوە بۆ 20 ساڵ لەمەوبەر، تاوەکو ئێستا زیاد لە 40 ملیۆن میوان لە سەرانسەری جیهانەوە سەردانی پێشانگاکەیان کردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تاوەکو ئێستا سەرنجی میوانەکان بۆ جیهانی لەشی مرۆڤ و چۆنیەتی کارکردنی ئەو ئەندامانە، مایەی سەرسوڕمانە.

## شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس دەبنە فرمێسک



**ڕێکەوت سەلام / ڕووداو- هەولێر**

شێوەکار گەیلان عەبدوللا لە نوێترین پرۆژەی هونەریدا بە وێنە ئازارەکانی شنگال و کۆبانێ لە دەرەوە نمایش دەکات. گەیلان بە (ڕووداو)ی گوت "هەمیشە ئازاردەچێژین، ناونیشانی کارێکی نوێی منە کە لە فەرەنسا و کوردستان بە ئەنجامم گەیاندووە و کارەکەش بەردەوامی دەبێت و کونسێپتی کارەکەم لە فرمێسکی منداڵە ئاوارە و دەربەدەرەکانی شەنگال و کۆبانێ سەرچاوە دەگرێ". گەیلان باس لە ناوەڕۆکی کارەکە دەکات و دەڵێت "کارەکەم پێکهاتووە لە زنجیرە کارێکی بەدی ئارت فۆتۆگرافی کە لەگەڵ زۆرترین خەڵک لە نەتەوەی جیاواز ئەنجامم داوە". گەیلان شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسی کردۆتە هەوێنی کارەکانی، لە شوێنی هاتنە خوارەوەی فرمێسکەکان لەسەر دەموچاوەکان شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسی بەکارهێناوە.

ڕووداو هەمەجۆر

ژمارە (351) دووشەممە 2015/3/16

# کچە فارسێک گۆرانی بۆ پێشمەرگە دەڵێت



**ڕووداو – هەولێر**

کچێکی فارس کە ئاوازدانەر هەڵکەوت زاهیر کاری بۆ دەکات و دەیەوێت بیکاتە گۆرانیبێژ، گۆرانییەک بۆ پێشمەرگە تۆمار دەکات.

نەدا کە یەکێکە لە قوتابیەکانی هەڵکەوت زاهیر، دەمێکە ناوی وەکو گۆرانیبێژ لە میدیاکاندا بڵاوبووەتەوە، بەڵام تاوەکو ئێستا هیچ بەرهەمێکی نییە.

نەدا بە (ڕووداو)ی گوت "بەرهەمێکی نوێم ئامادەیە بۆ پێشمەرگە لەژێر ناوی چرای شەهید کە لە تێکستی د.ئاراس عەبدولکەریمە و هەڵکەوت زاهیر ئاوازی بۆ داناوە".

هەڵکەوت زاهیر سەبارەت بە بەرهەمەکەی نەدا گوتی "ئەو کارانەم بۆ خزمەتکردنی پێشمەرگەیە، ئەوە شەرەفێکی گەورەیە کە هونەرمەندانی فارس و عەرەب و ئینگلیز گۆرانی بۆ پێشمەرگە بڵێن".

# ئیتلاعات هونەرمەندێکی کورد سڕ دەکات



**ڕێکەوت سەلام**
**ڕووداو- هەولێر**

ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری مەهاباد لێکۆڵینەوە لەگەڵ هونەرمەندێکی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکات و بۆ ماوەی 4 مانگ گەشتکردنی لێ قەدەغە دەکات.

ئاریاس کە ئێستا بە بڕیاری ئیتلاعاتی شارەکەی کار و چالاکییەکانی ڕاگیراوە، بە (ڕووداو)ی گوت "دوای ئەوەی گۆرانی (دڵ پڕ)م بڵاوکردەوە و پێشوازییەکی گەرمی لێکرا کە بەرهەمێکی نیشتیمانیە، کاتێک گەڕامەوە شاری مەهاباد، ئیدارەی ئیتلاعات بانگی کردم و لێپێچینەوەیان لەگەڵ کردم". گوتیشی "ئیتلاعات بڕیاری داوە بۆ ماوەی 4 مانگ ڕێگە بە گەشتکردنم نەدرێت بۆ دەرەوەی وڵات".

ئاریاس دەڵێت باکی بەو سزا و لێپێچینەوانە نییە "بەلامەوە گرنگ نییە لێکۆڵینەوەم لەگەڵدا کراوە و سزا دراوم، چونکە من خزمەتی گەلێک دەکەم کە زوڵمی لێکراوە". گوتیشی "لە داهاتووشدا بەرهەمێک بە ناوی کوردستان بڵاودەکەمەوە".

# کۆمسای بازاڕی نییە




**ڕووداو- هەولێر**

ژنە گۆرانیبێژی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کۆمسای، دووەم ئەلبوومی خۆی بەناوی (زرمە) بڵاوکردەوە، بەڵام دەڵێت ئەلبوومەکەی پێشوازی باشی لێنەکراوە.

کۆمسای گوتی "دڵنیام خەڵک وەکو جاران ئەلبوومەکەم ناکڕێت، بەڵام ئێمەی هونەرمەند نابێت هیچ کاتێک بوەستین و دەبێت بەردەوام بین، چونکە ئەوەی ئێمەش دەیکەین شەڕێکە لەدژی داعش و قەت نابێت چۆک دابدەین".

کۆمسای تێچووی ئەلبوومەکەی ئاشکرا کرد و گوتی "20 هەزار دۆلاری تێچووە، تەواوی خەرجی ئەلبوومەکەش لە ئەستۆی خۆم بووە و هیچ سپۆنسەرێکم نەبوو".

ئەو گۆرانیبێژە ڕەخنەی لەو هونەرمەندانە هەیە کە بۆ کلیپکردن دەچنە بەرەکانی شەڕ و پێیوایە ئەوە تەنیا بۆ ڕێکلامکردنە. ئەو دەڵێت "پێمباشە چیدی ڕێگە بە هونەرمەندان نەدرێ بچنە بەرەکانی شەڕ بۆ کلیپی گۆرانی".

# نازدار بۆ نەورۆز مەرجی هەیە



**ناسر عەلی**
**ڕووداو- دهۆک**

هونەرمەند نازدار جزیری کە هەموو ساڵێک بەشداری لە ئاهەنگەکانی نەورۆز لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات دەکات، دەڵێت ئەمساڵیش بەشداری دەکات، بەڵام مەرجی هەیە.

هونەرمەندان بۆ بەشداری لە ئاهەنگەکانی نەورۆز بەسەر دوو بەرەدا دابەش بوون و بەشێکیان پێیانوایە لە کاتێکدا پێشمەرگە لە شەڕدایە و شەهید دەبن، نابێت هیچ ئاهەنگێک ساز بکەن، بەڵام بەشێکیان دەڵێن دەبێ ئاهەنگ بکەن و داهاتی ئاهەنگەکانیان بدەن بە ئاوارە و کەسوکاری شەهیدانی شەڕی داعش.

نازدار جزیری لە بەرەی ئەو هونەرمەندانەیە کە بە نیاز نین بەشداری ئاهەنگی نەورۆز بکەن، بەڵام بە (ڕووداو)ی گوت "ئەگەر ئاهەنگێک لەبەرەکانی شەڕ بۆ پێشمەرگە ساز بکرێت، ئامادەم بەبێ بەرامبەر بەشداری تێدا بکەم".

# مێژوو دەیەوێ مێژوو بنووسێتەوە



**ڕێکەوت سەلام**
**ڕووداو- هەولێر**

کچە ئەکتەری بواری دراما و سینەما مێژوو جاهید دەیەوێت لە ڕێگای سینەما و شانۆوە مێژوویەک بۆخۆی بنووسێتەوە و نوێترین کاریشی بۆ (ڕووداو) ئاشکرا دەکات.

مێژوو گوتی "ئێستا ئامادەکاری بۆ بەرهەمهێنانی کورتە فیلمێکی سینەمایی دەکەم، جگە لەوەش خەریکی وێنەگرتنی 30 فۆتۆمۆدێلم کە کارەکە بۆ پێشمەرگەکانی کورستانە.

سەبارەت بە ناو و ناوەڕۆکی کورتە فیلمەکە، مێژوو گوتی "فیلمەکە باس لە خۆشەویستیی نێوان دوو کچ و دوو کوڕ دەکات، منیش وەکو ئەکتەری سەرەکی بەشداریم تێدا کردووە".

مێژوو کە تازە دەستیکردووە بە کاری هونەری، دەڵێت "دەمەوێ کچێکی ڕچەشکێن بم و مێژوویەک بۆ خۆم لە بواری سینەمادا بنووسمەوە".

# بەختی ڕووداو

**ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی** ayarfalak@hotmail.com



**کاوڕ**

لە بێزاری و ماندووبووندا بڕیاری خێرا مەدە، چاوەڕوان بە هەتا دڵنیا دەبیت دۆخەکە بەرەو کام ئاراستە دەڕوات، پاشان هەنگاو بەرەو سەرکەوتن هەڵێنە. کاتێکی لەبارە بۆ تەواوکردنی کارە ناتەواوەکانی ڕابردوو.

**گا**

هاتنی ڤینۆس بۆ کەلوەکەت لەم هەفتەیەدا هەواڵی خۆش لەگەڵ خۆی دەهێنێت، بەڵام بەو مەرجەی لەهەموو کاتەکاندا هێمنی خۆت بپارێزی. لەپێناوی دڵنیابوونەوە و ئاسوودەبوون هەندێک پارە خەرج دەکەیت.

**جمک**

کەشی کارکردنی نوێ پێویستی بە جدیەت هەیە، چونکە بەرپرسیارێتیت بەرەو گەورەبوون دەچێت. هەست بەخۆشحاڵیەکی زیاتر دەکەن و خۆتان بۆ ئەنجامدانی چەند کارێکی نوێ ئامادە دەکەن.

**قرژاڵ**

کارەکانت هەموو کاتەکانتی داگیر کردووە، پێویستە گرنگی بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بدەی. بڕێک پارە بەڕێوەیە بەدەستتان بگات یان بۆتان دەگەڕێتەوە، بەڵام پێویستیەکان زۆر بوون و دەبێت چەند خەرجییەکی زیاتر بکەن.

**شێر**

ئەگەر بەنیازی ئەنجامدانی هەر کارێکی نوێت، خێراتر لە وادەی دیاریکراو دەستبەکار بە. بەهۆی گۆڕانکارییەکان لە شوێنی کارەکەت هەست بەدڵنیایی ناکەیت، زۆر بە هێمنانە مامەڵە لەگەڵ گرفتەکان بکە.

**گوڵەگەنم**

دەتوانی خۆت سەرقاڵی کارێک بکەیت کە ئەنجامێکی خێراتر بدات بەدەستەوە. بەزمانێکی شیرین و شێوازێکی نوێ مامەڵەی چواردەورەکەت بکە بەتایبەت خۆشەویستانت. مەهێڵە ڕاڕایی بەسەرتدا زاڵ بێت.

**تەرازوو**

هەلێکی گونجاو دەستەبەر دەبێت بۆ ئەنجامدانی کارێکی تەواونەکراو. لەئەنجامدانی کارە نوێیەکان مەترسە، دەتوانی بیرۆکەکانت بکەیت بە پرۆژە و زیاتر دوای نەخەیت. گرنگی بەلایەنە کۆمەڵایەتییەکان بدەن و فەرامۆشیان مەکەن.

**دووپشک**

دەتوانن زۆربەی کارەکان بگەیەننە ئەنجامی کۆتایی بێ ئەوەی یارمەتی لەکەس وەربگرن. سەرنجی خەڵکان ڕادەکێشن و بەئاسانی لەگەڵیان دەگونجێن. یەکێک لە هەنگاوەکانی کارکردنت بەرەو ئەنجامی باش دەڕوات.

**کەوان**

فرسەتێکی باشە بۆ ئەوەی توانای خۆت تاقی بکەیتەوە بەتایبەت بۆ ئەنجامدانی ئەوکارانەی بەرنامەت بۆ داناون بەبێ ئەوەی پشت بە هیچ کەسێک ببەستی. هێز و توانایەکی جەستەیی باشتان هەیە بۆ ڕاپەڕاندن.

**کارژۆڵە**

ئەو گرفتانەی لەکارکردن بۆت دروست بووە کۆتایی دێت. بەهۆی زۆریی پەیوەندییەکانتەوە ڕووبەڕووی سۆزداری دەبیتەوە. لەهەنگاوەکانت مەترسە بەختەوەری ڕووی لە تۆیە.

**سەتڵ**

کاتێکی باش دەبێت بۆ بەرنامەدانان . بەرهەمی ماندووبوونی ڕابردوو دەچنیتەوە. فرسەتێکی کارکردنی گرنگ لەبەردەمتە بۆ ئێستا و داهاتووش سوودی لێوەردەگری. کاتێکی زۆر باشە بۆ گۆڕانکاری لە ماڵدا.

**نەهەنگ**

هەمیشە سەرزەنشتی ئەوانە دەکەیت کە کارەکانیان باش بەڕێوە نابەن، هەوڵ بدە سارد نەبیتەوە. دڵنیاییت بۆ دەگەڕێتەوە و گومانەکانت نامێنێ. خۆشەویستی ڕێگەی ڕاستی خۆی دەبینێتەوە و ئاسوودەییەکی زۆرت پێدەبەخشێ.

# جومعە بۆ نەورۆز دەچێتە دوبەی



**ناسر عەلی**
**ڕووداو- دهۆک**


هونەرمەندی دەڤەری بادینان ئیسماعیل جومعە بڕیاری داوە نەورۆزی ئەمساڵ لە دوبەی بکات و داهاتی ئاهەنگەکانیشی بۆ ئاوەدانکردنەوەی کۆبانێ تەرخان بکات.

ئیسماعیل جومعە بە (ڕووداو)ی گوت، بەهۆی ڕەوشی ئەمڕۆی کوردستان بە نیازی بەشداریکردن نەبووە لە هیچ ئاهەنگێکدا، بەڵام دوای ئەوەی مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەیاننامەیەکی دەرکرد و داوای هاوکاری کرد بۆ ئاوەدانکردنەوەی کۆبانی، ڕەوەندی کوردی لە ئیمارات پەیوەندییان پێوەکردووە و داوایان لێکردووە بەشداری لە ئاهەنگی نەورۆزدا بکات.

ئیسماعیل جومعە گوتی "داوەتنامەکەی ڕەوەندی کوردیم لە ئیمارات قبوڵ کرد و بڕیارە لە 2015/3/19 ئاهەنگێک لە دوبەی ساز بکەم".

جومعە گوتیشی "داهاتی ئەو کۆنسێرتە تەرخان دەکرێ بۆ ئاوەدانکردنەوەی کۆبانێ".

# فرانکشتاین لە بەغدا.. نمایشی وڵاتێک بە تەڕ و وشکییەوە




(فرانکشتاین لە بەغدا)، یەکێکە لەو ڕۆمانانەی گوزارشت لە دونیای دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام و ئەو کوشتن و تەقینەوە و تاوانکارییانە دەکات کە ئەم دۆخە هەڵگرێتی.
ئەحمەد سەعداوی (نووسەری ڕۆمانەکە)، لە چاوپێکەوتنێکدا دەڵێ: "لەم ڕۆمانەدا سوودم لە چیرۆکی ترسئامێزی ناو ئەدەبیاتی میللی و تەکنیکەکانی ڕۆمانی پۆلیسی و کۆمیدیای ڕەش وەرگرتووە".

**سەنگەر زراری**

## بابەتی ڕۆمانەکە:

هادی کۆنەفرۆش (کەسایەتی سەرەکی ڕۆمانەکە)، پارچەی ئەو تەرمانە کۆدەکاتەوە کە لە شەقامەکان جێدەمێنن و لە دوای پاککردنەوەی شەقامەکانیش هەڵناگیرێنەوە. هادی پارچەی ئەو تەرمانە بە یەکەوە دەلکێنێ و بوونەوەرێکی لێ دروست دەکات کە هەر پارچەی هی کەسێکە. دوا شت کە هادی پێویستێتی بۆ تەواوکردنی لاشەی بوونەوەرەکەی، لووتێتی. لە ڕێگای چوونەوەی بۆماڵەوە، تەقینەوەیەک ڕوودەدات. هەرچەندە هادی خۆشی بەهۆی کاریگەریی تەقینەوەکە کەوتووە و ماوەیەک هۆشی نامێنێ، بەڵام کە بە ئاگادێتەوە و هەڵدەستێتەوە، زوو لە گۆڕەپانی تەقینەوەکە چاو دەگێڕێ بۆ لووتێک و دەیبینێتەوە. بەمەش لاشەی بوونەوەرەکەی تەواو دەبێت، بەڵام کە لە ماڵەوە لووتەکەی پێوە دەلکێنێ و جێی دەهێڵێ، دواتر دەگەڕێتەوە لای، بوونەوەرەکە نەماوە، لێرەوە چیرۆکە سەیرەکانی ئەم بوونەوەرە دەستپێدەکات. ئەو بوونەوەرە، تۆڵە لەو کەسانە دەکاتەوە کە بوونەتە هۆی پارچە پارچەبوونی ئەو ئەندامانە و بوونەتە قوربانی. چەندین کردەوەی کوشتن ڕوودەدەن و کەس نازانێ بکەرەکەی کێیە؟! لێرەوە دەزگایەک لەلایەن حکومەتەوە بۆ دۆزینەوەی ئەم بوونەوەرە سەیرە دروستدەکرێ و تا کۆتایی بەدوایدا دەگەڕێ.

چەندین کەس و بابەتی دیکە دێنە ناو ڕۆمانەکە، بەڵام بابەتی بوونەوەرە سەیرەکە کە بە (بێناو) ناو دەبرێ، بابەتی سەرەکیی ڕۆمانەکەیە.

فرانکشتاین لە نێوان (ئەحمەد سەعداوی) و (ماری شیللی)دا:

وەک دیارە ناوی ڕۆمانەکە کە (فرانکشتاین لە بەغدا)یە، لە ڕۆمانێکی دیکە وەرگیراوە، ئەویش ڕۆمانی (فرانکشتاین)ی ماری شیللی (1797-1851)ە کە ڕۆماننووسێکی ئینگلیزییە.

ڕۆمانی (فرانکشتاین)ی (ماری شیللی) بۆ یەکەمجار لە ساڵی (1817) بڵاوبووەتەوە، ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە لە سەدەی هەژدەهەم ڕوودەدەن. پاڵەوانی ڕۆمانەکە ناوی (ڤیکتۆر فرانکشتاین)ـە و پسپۆڕی زانستی سروشتییە، هەوڵدەدات دەرمانی ژیان بدۆزێتەوە و گیان بە بەر مەخولقێکدا بکات کە خۆی لە پارچە لاشەی مرۆڤ و ئاژەڵ دروستیکردووە. ئەم پارچە لاشانە لە قەسابخانە و گۆڕستان و تاقیگەکان دەهێنێ و بە یەکەوەیان دەنووسێنێ. ئەم پارچانە دوای پێکەوەلکانیان بوونەوەرێکی ترسناک و بکوژی لێ دەردەچێت، خەڵک دەکوژێ، تەنانەت خۆشەویستترین و نزیکترین کەسی زاناکەش دەکوژێت، لەوانەش خێزانەکەی و براکەی و هەندێ هاوڕێی خۆشەویستی.

دەبینین کە ڕۆمانەکەی ماری شیللی (فرانکشتاین) لە ناو ڕۆمانەکەی ئەحمەد سەعداوی (فرانکشتاین لە بەغدا) بە جۆرێک لە جۆرەکان و وەکو باکگراوندێک، یان وەکو دەقێکی هاوتەریب، بوون و ئامادەیی هەیە. دوای بڵاوبوونەوەی (فرانکشتاین لە بەغدا)، ژمارەیەک نووسین لەسەر ڕۆمانەکە بڵاوبوونەوە و تۆمەتی ئەوەیان دایە پاڵ ڕۆمانەکە کە بیرۆکەکەی لە ڕۆمانی دیکە، یان لە فیلمی دیکە و فیلمی هۆلیوود دزراوە، بەڵام بە ناونیشانی ڕۆمانەکە (فرانکشتاین لە بەغدا) و وەرگرتنی پەرەگرافێک لە ڕۆمانی (فرانکشتاین)ی ماری شیللی لە سەرەتای ڕۆمانەکە، ئەحمەد سەعداوی بە ئاسانی ئەو تۆمەتانە دەڕەوێنێتەوە و زۆر بە ئاشکرا و بەبێ شاردنەوە دەڵێ کە بۆ نووسینی ڕۆمانەکەی، سوودی لە ڕۆمانی فرانکشتاین ی ماری شیللی وەرگرتووە، ئەمەش کارێکە کە لە ڕەخنەی نوێی ئەدەبیدا پێیدەگوترێ (دەقئاوێزان)، نەک وەک ئەوەی پێشتر پێی دەگوترا دزیی ئەدەبی.

***

(فرانکشتاین لە بەغدا) ڕۆمانێکە کە دەیەوێ وردتر لەو وێنە بەرفراوانەی ئێمە دەیبینین و وردتر لەو ڕەوشەی ڕاگەیاندنەکان باسی دەکەن، بارودۆخی خەڵکی عێراقمان بۆ باس بکات. ئەم ڕۆمانە باسی سیاسییە ناودار و کەسایەتییە دەوڵەمەند و بە دەسەڵاتەکانمان بۆ ناکات، بەڵکو زۆربەی کاراکتەرەکانی ڕۆمانەکە (وەکو ئەحمەد سەعداوی خۆشی دەیڵێت) کەسانی پەراوێزخراوی ناو کۆمەڵگان. هادی کۆنەفرۆش، دایکی دانیال (کە پیرەژنێکی مەسیحییە)، دایکی سەلیم، فەرەجی دەلال، عەزیز میسری (چایچییە)، باوکی ئەنمار (هوتێلێکی هەرزانبەهای هەیە)، محەممەد سوادی (ڕۆژنامەنووس)...

لەم ڕۆمانەدا زنجیرەیەک تاوانکاری لە عێراقی دوای 2003 ئەنجام دەدرێن. ئەم تاوانکاریانە بکەرەکەیان نادیارە و دەرهاوێشتەی ئەو ناهەمواری و بێ متمانەییەیە کە کۆمەڵگای عێراقی تێیدا دەژی و دەشێ تا کاتێکی نادیار ئەم تاوانکارییانە بەردەوام بن.

(بێناو) بوونەوەرێکە کۆی جەستەی لە پارچەی قوربانییەکان پێکهاتووە. ئەو قوربانییانە کەسانی سەر بە یەک چین یان ئاین یان ئایدیۆلۆژیا و یەک تەمەن و یەک ڕەنگ نین، بەڵکو کەسانی جیاوازن لە هەموو ئاین و ڕەنگ و ئایدیۆلۆژیایەک، ئەمە دەرخەری ئەوەیە کە پێکهاتە و کەسە جیاوازەکانی وڵات، هەموو بەیەکەوە و بێ جیاوازی دەکرێنە ئامانج و دەبنە قوربانی.

بوونەوەرەکە دەیەوێ تۆڵەی ئەو پارچانەی خۆی بکاتەوە کە لێی پێکهاتووە، دەیەوێ دادپەروەری بگێڕێتەوە. لە شوێنێکدا خۆشی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئەو سیمبولی دادپەروەرییە و هاتووە بۆ ئەوەی تۆڵەی هەموو قوربانییەکان بکاتەوە، بەڵام لەگەڵ تۆڵەکردنەوەی هەر پارچەیەکی لاشەکەی، ئەو پارچەیەی هەڵدەوەرێ کە تۆڵەی کراوەتەوە، دەبێ پارچەی دیکەی بۆ دابنێنەوە. وای لێدێ لە هەندێ شوێن پارچەکانی هەڵدەوەرێ کە پارچەی کەسێکی قوربانی دەستناکەوێ، بەمەش دەبێتە لاشەیەکی ناتەواو، بۆیە ناچارە چاوەڕێ نەکات تەقینەوەیەک ڕووبدا و پارچەی قوربانی دیکەی بۆ بێنن، بەڵکو خۆی دەست دەکات بەوەی کەسانی بێتاوان بکوژێ و پارچەکانیان بۆ خۆی بەکاربێنێ. لەم حاڵەتەشدا خۆی دەبێتەوە بە تاوانبار و لەوە دەردەچێت کە پارچەکانی تەنیا پارچەی کەسانی قوربانی بن. لێرەوە تاوانبار و بێتاوان لە یەک جەستەدا تێکەڵ بەیەک دەبن و لێکجیاکردنەوەیان ئاسان نابێ. ئەمەش دیسان دەرهاوێشتەی واقیعێکە کە کۆمەڵگای عێراقی تێیدا دەژی و تیایدا تاوانبار و بێتاوان تەنانەت تاڵە دەزوویەکیش لە یەکیان جیاناکاتەوە. بینین و جیاکردنەوەی ئەم تاوانانە زۆر زەحمەتە، (مەحموود سوادی) ی کە ڕۆڵی ڕۆژنامەنووسێکی ئاسایی دەبینێ و هەندێ حاڵەتیش لە ژیانی باس دەکرێ کە دەشێ پەیوەندی بە کاری ڕۆژنامەوانییەوە هەبێ لەم وڵاتە، بەڵام بە بۆچوونی من بە دیوێکی دیکەدا، ڕۆڵی ئەوەی هەیە کە دەیەوێ تاوانەکان یاداشت بکات و ناوی تاوانبارەکان ئاشکرا بکات. دەیەوێ بە جۆرێک لە جۆرەکان تاوانەکان بخاتە بەردەستی دەسەڵاتی دادپەروەری بۆ ئەوەی لێپێچینەوەیان لەگەڵ بکرێ و هەموو لایەک بە مافی خۆی بگات. تاوانەکان ون نەبن و مافەکان نەخورێن. بەڵام هەرگیز ناتوانێ ئەو کارە بکات. تەنانەت سەرنووسەری گۆڤارەکەی، کە مەحموود زۆر متمانەی پێی هەیە و بە ئاگایی و نائاگاییەوە دەیەوێ لاسایی بکاتەوە و ببێتە کۆپیی ئەو، ئەویش کەسێکی گەندەڵ و تاوانبار دەردەچێت. کەواتە ڕۆمانەکە بە تەواوی دەرخەری دۆخەکەیە. ئەوە دەردەخات کە دۆخەکە خراپە و هیچ کەسێک متمانەی بە خۆی نییە بگاتەوە ماڵەوە و بەر تەقینەوە و کوشتن نەکەوێ، یاخود ئەگەر تەقینەوەش نەبێ و نەکوژرێ، دەکەوێتە داوی ساختەکاری و گەندەڵییەوە.

بە دیوێکی دیکەشدا سەرەڕای ئەم ناهەمواری و ناخۆشییەی بارودۆخەکە، کەسی ئاسایی واز لە ژیانی خۆی ناهێنێ و ناکرێ دابنیشێ و چاوەڕێی مردن بکات. ڕۆمانەکە ئەم ژیانە ئاساییەی ڕۆژانەش دەخاتەڕوو، بۆ نموونە: هادی کەسێکی کۆنەفرۆشە و کەلوپەلی کۆنە دەکڕێ و چاکیاندەکاتەوە و دەیانفرۆشێ. دایکی دانیال، پیرەژنێکی مەسیحییە و سەرەڕای ئەو بارە ناهەموارە، هەفتانە سەردانی کڵێسا دەکات، ئەگەرچی چەندین ساڵ چاوەڕێی گەڕانەوەی کوڕەکەیەتی، بەڵام دواجار ئەویش واز لەو خەونەی دێنێ و دەچێتە لای کچەکانی لە دەرەوەی عێراق و دەست بە ژیانێکی نوێ و ئاسایی و بێ کێشە دەکات. فەرەجی دەلال، خەریکی کاری ڕۆژانەیەتی و واز لە فرتووفێڵەکانی ناهێنێ. عەزیزی میسری چایخانەکەی ڕۆژانە بە شێوەیەکی ئاسایی بەڕێوە دەبات. واتا هەرچەندە مەترسی زۆر لەسەر بارودۆخەکە هەیە، بەڵام هاوکات ژیانێکی ئاساییش بەردەوامی هەیە.

دوای ئەوەی (بێناو) بە شێوەیەکی نادیار چەندین تاوانی کوشتن ئەنجام دەدات و ناتوانن دەستگیری بکەن، تاوانە ترسناکەکان بە هەر شێوەیەک بێ، دەکەونە ئەستۆی هادی کۆنەفرۆش و هادی کە کەسێکی بێ زیانە بۆ کۆمەڵگا، دەستگیر دەکرێت و وەکو موژدەیەک لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە بڵاودەکرێتەوە کە تاوانبارە گەورەکە دەستگیر کراوە. ئەم ڕووداوە ئەوەمان پێدەڵێ کە لە وڵاتێکی لەم جۆرە و لە بارودۆخێکی لەم شێوەیەدا، تەنیا تاوانبارەکان دەستگیر ناکرێن، بەڵکو ئەگەری تاوانباربوونی بێتاوانترین کەسیش هەیە و هیچ کەسێک نابێ لە خۆی دڵنیابێ.

***

ڕۆمانی "فرانکشتاین لە بەغدا" لە نێوان (156) ڕۆمانی (18) وڵاتی عەرەبیدا، پلەی یەکەمی خەڵاتی جیهانی بۆ ڕۆمانی عەرەبی بۆ ساڵی (2014) بەدەستهێنا. ئەم خەڵاتە بە خەڵاتی (بووکەر) ناسراوە و هەموو ساڵێک دەدرێتە باشترین ڕۆمانی عەرەبی.

سەعد ئەلبازعی، سەرۆکی لێژنەی هەڵسەنگاندن لە بارەی ڕۆمانەکەوە گوتی: "ئاستی داهێنان لە بونیادی گێڕانەوەی کەسایەتی (بێناو) دا بە دیارترین هۆکاری خەڵاتکردنی ئەم ڕۆمانە دادەنرێ".

***

## لەبارەی وەرگێڕانی ڕۆمانەکە:

لە پێشەکی وەرگێڕانی ئەم ڕۆمانەدا بۆ زمانی کوردی، (موکەڕەم ڕەشید تاڵەبانی) دەنووسێت: "زۆر کەس هەن پێش ئەوەی بخوێننەوە دەست بە ڕەخنەگرتن دەکەن، بێ ئەوەی سەریان لە زمان و هونەری وەرگێڕان و زمانی نووسەر و زمانی وەرگێڕ دەربچێت، هێڵێکی ڕاست و چەپ بەسەر ئەو شاکارەدا دەهێنن کە نووسەری شاکارەکە و وەرگێڕی شاکارەکە، کاتێکی زۆریان لە نووسین، یان وەرگێڕانیدا بەسەر بردووە". ئەم پەڕەگرافەی کاک موکەڕەم، من ناگرێتەوە، چونکە من لە لایەک ڕۆمانەکەم خوێندووەتەوە و لە لایەکی دیکەش کەم تا زۆر سەرم لە هونەری نووسین و وەرگێڕان دەردەچێ، هێڵی ڕاست و چەپیش بەسەر هیچ شاکار و نووسین و وەرگێڕانێکدا ناهێنم، بەڵام هاوکات ئەمە نابێتە پاساو بۆ ئەوەی ڕەخنە لە وەرگێڕانەکە نەگرین. ئەوەی دەشینووسم لە خۆشەویستیمە بۆ ڕۆمانەکە و وەرگێڕانەکە و لە دڵسۆزیمە بۆ زمانی کوردی. لە لایەکی دیکەوە وەرگرتنی ڕەزامەندیی نووسەر بۆ وەرگێڕانی کتێبەکەی، مانای ئەوە نییە وەرگێڕانەکە بێ کەموکووڕییە.

دەزانم کاک موکەڕەم عەرەبییەکی زۆر باش دەزانێ و سەروکاری زۆریشی لەگەڵ زمان و ئەدەب و کولتووری عەرەبیدا هەیە، هەروەها خۆشی کوردە و زمانی کوردی دەزانێ، بەڵام لە وەرگێڕانەکەدا لەچاو کوردی، زمانی عەرەبی زیاتر بەسەریدا زاڵە، ئەمەش لە وەرگێڕانی ئەم ڕۆمانەدا ڕەنگیداوەتەوە (وەرگێڕانەکانی دیکەی کاک موکەڕەمم نەخوێندووەتەوە تا بزانم چۆنن)، بەو مانایەی دەتوانم بڵێم، کاتێ ڕۆمانەکە دەخوێنینەوە، ڕۆمانێکی کوردییە بە تامی عەرەبی، ئەگەرچی هەموو خوێنەرێکی ڕۆمانەکە هەست بەوە دەکات، بەڵام چەند نموونەیەکی کورت دەهێنمەوە، بۆ ئەو کەسانەی ئەم بابەتە دەبینن و ڕۆمانەکەیان نەخوێندووەتەوە، دەمەوێ ئەوەش بڵێم کە چەند ڕستەیەکم لە بەشە جیاوازەکانی ڕۆمانەکە بە شێوەیەکی هەڕەمەکی هەڵبژاردووە و نموونەی لەم جۆرە لە ڕۆمانەکەدا زۆرن.

"حازم عەبوود.. لەم کاتە و... لە هەموو کاتێک نەفرەتت لێ بێت...ل60".

"ئەو (پیاوە) کەسی دیکە نەبوو (باوکی زەیدوون) سەرتاش بوو...ل103".

"پێشکەشکاری بەرنامەی هەڤپەیڤینەکە گەڕایەوە لای میوانەکەی پاش ئەوەی برگەیەک لە لێدوانی وتەبێژ بە ناوی حکومەتەوەی پەخش کردەوە...ل151".

"سەرۆکایەتی کردنی باندەکە بۆ (کۆربان) بەجێ ما پاش ئەوەی برا تاوانکارەکەی کوژرا...ل211".

"کە لەسەرخۆم خەریک بووم چام دەخواردەوە...ل361".


ئەم ڕستانە جگە لەوەی بە عەرەبی داڕێژراون، هەڵەی ڕێنووسی زۆریشیان تێدایە (ڕستەکانم بە خاڵ و فاریزەوە وەکو خۆی نووسیوەتەوە)، واتا لایەنێکی دیکەی وەرگێڕانەکە گرنگینەدانە بە ڕێنووس و خاڵبەندی، کە ئەمەیان نازانم هەڵەی وەرگێڕەکەیە، یان کەسێکی دیکە پێیدا چۆتەوە و بەسەریدا تێپەڕیوە؟! ئەوەی زمانی عەرەبی بزانێ و بە عەرەبی بخوێنێتەوە، دەزانێ کە ئەم ڕستانە زۆر عەرەبیانەن.

ناونیشانی ڕۆمانەکە بە عەرەبی بەو شێوەیە "فرانکشتاین فی بغداد" و بە کوردی دەبێتە "فرانکشتاین لە بەغدا"، واتا هەم لە کوردییەکە و هەم لە عەرەبییەکەی (گرێ) یە نەک ڕستە، کەچی وەرگێڕ کردوویەتییە (فرانکشتاین لە بەغدایە) و بەمەش دەبێتە ڕستەیەکی (خەبەری)، نەک گرێ و ئەم (یە) ی کۆتایی زیادەیە.

لە زۆر شوێن کە باسی شاشەی تەلەفزیۆن دەکرێ، ئەو نووسیویەتی (پەردەی تەلەفزیۆن) کە ئەمە لە کوردی بەکار نایەت و پەردە لێرەدا بە مانای شاشە نایەت، دەبوو هەر بنووسێت (شاشەی تەلەفزیۆن).

ژێدەر:
1- فرانکشتاین لە بەغدایە، ئەحمەد سەعداوی، وەرگێڕانی: موکەڕەم ڕەشید تاڵەبانی- ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، ژمارە (203)، چاپی یەکەم (2014).
2- روایه "فرانکشتاین فی بغداد" التنا× والذ× الغائب، فاچل پامر. جریده ال×باح الجدید.
www.newsabah.com
3- احمد سعداوی.. یلملم اشلاء فرانکشتاین فی بغداد، اجری الحوار: عبدالجبار العتابی، موقع الایلاف.
www.elaph.com
4- ما بین الروایه والسیناریو.. (فرانکشتاین فی بغداد)، علوان السلمان.
www.beladitoday.com

# ئەو دەمەی کچێک دەبێتە نیشتیمان



**فەرهاد چۆمانی**

ئەگەر شیعر نووسینەوەی پەیبردن، بەرجەستەکردنی رامان و دونیابینیی خود بێت، ئەوا لای شێرکۆ بێکەس ئەو دەلاقە خودییە لە خودی شاعیر واڵاتر و وەک یادەوەرییەکی دەستەجەمعی، وەک هەڵگری کۆژانی نەتەوەی ئێمە، دەیان دیمەن و گۆشەنیگا و رەهەندی جودامان نیشان دەدا. بەمانایەکی دی: بوونی شێرکۆ بێکەس، ئەزموونی نووسین و داهێنانەکانی، لە کێماسی و خووی "میللەتی بێ یادەوەری و فەرامۆشکار"ی کەمکردووەتەوە.

ئەو شێرکۆیەی بەدرێژایی ئەزموونی شیعریی خۆی لەگەڵ هەر ژانگرتنێکی نیشتیماندا تلاوتل بووە. بەدەم هەر کارەسات و لێقەومانێکەوە، نیشتیمانی لاواندۆتەوە. زمانی بەرد و دار و کانی و زنار و کێو و ئەشکەوت و شەهید بووە. لە "تریفەی هەڵبەست"ـەوە تا "کەژاوەی گریان"، پاشان "سرووده بەردینەکان" و "گۆرستانی چراکان" و بەرهەمەکانی دواتردا، نیشتیمان بۆ شێرکۆ زامدارێک بووە کە بەنێو چاخ و ساڵەکاندا بەسەر کۆڵییەوە هێناویەتی و لەگوێی هەر کانی و زنارێکدا قومێک ئاوی شیعر و لاواندنەوەی داوەتێ.

## بەڵام شێرکۆ نیشتیمانی بەکوێ گەیاند؟

رەنگە نووسینی قەسیدەی "ئێستا کچێک نیشتمانمە" هەڵوەستەیەکمان لەبەردەم ئەو پرسیارەدا پێبکات، بەتایبەتی ئەگەر هەلومەرج و دۆخی ئەو کاتەی تێیدا قەسیدەکە بڵاوبووەوە لەبەرچاو بگرین. سلێمانی لەسەرپێ بوو، شار خرۆشابوو، هەموو شتێک بەر شەپۆلی نارەزایەتیی 17ی شوبات دەکەوت، هەڵبەت ئەو قەسیدەیەش بەر ئەو شەپۆلی خرۆشانە کەوت و لەباتی ئەوەی خوێندنەوەی رەخنەی ئەدەبی بۆ بکرێت، وا خوێندنەوەی بۆ کرا کە شێرکۆ لە نیشتمان تووڕەیە و ئەم "تووڕەبوون"ـەش وەک بەشێک لە گوژم و تین و تاوی ئەو نارەزایەتییە خوێندنەوەی بۆ کرا. بەپێچەوانەوە لە دەرەوەی دونیابینی قووڵ و شاعیرانە و فەرواتایی گەیشت، یان راستتر بڵێم گەیەندرایە خوێنەران و وەک هەڵوێست و رادان دانرا، کە بێگومان هیچ کات "راوبۆچوون" ناگاتە دامێنی "دونیابینی" شاعیرانە.

شێرکۆ تکاکارانە لە نیشتمان تووڕە دەبێت، وشەی "وەرزبوون" رۆڵی سێنتەر دەگێڕێ و زرینگانەوەی ئەو بازنانەیە کە شاعیر بە درێژایی 19 ساڵ تێیدا دەخولێتەوە و نیشتمان ناتوانێ کراسێکی ژنانە لەبەر بکات، ناتوانێ باخچەکانی ئاوبدات، دیارە نیشتمان بەمانای خاک و ئەو جوگرافیایە نا کە قەوارەی نەتەوەیەک پێکدەهێنێ، نیشتمان وەک خوو، وەک سیستم، وەک یاسا و چەتوڵەکانی نایەڵەن مرۆڤ لەخۆی بچێت:

من کامەرانم
یەکەم درۆی نووساو و بەرجەستە بە
خۆمەوە
ناوەکەمە!
هەر وەک ئەوەی
دڕدۆنگ ناوی دڵنیابێ و
قاقریش ناوی دارستان!

ئێمە لەکێ تووڕە دەبین، تووڕەبوونێک کە شیعری بۆ بنووسین؟، یان خەیاڵ و پەنجەکانمانی بۆ بجوڵێنین؟ دەکرێ تووڕەبوون پەرچەکردارێکی سایکۆلۆژی بێت و هەڵقوڵاوی لێکدانەوە و تێگەیشتنی خودی بێت، یاخود بە گشتی بەرەنجامی بەرکەوتنی رووداوەکانی دەرەوە بێت بە هەستەوەرەکانمان، بەڵام دەکرێ قەسیدەکەی بێکەس هەرچەندە پڕ هاوار و تووڕەییش بێت، هێشتا لەپشت ئەو دەنگەوە زایەڵەی خەمی نیشتمان و بەتەنگەوەهاتن ببیستین، شێرکۆ لەم قەسیدەیەدا نیشتیمان دەخاتە بەردەم ئاوێنەکانی خۆی، نیشتیمان لەبەردەم خۆی دادەنێ و دەڵێ ئەوەی ئێستا لەرووی وێنەدانەوەی ئاوێنەی شیعری مندا دەبینی ئەمەیە:

ئەم دەست بەو دەستی نەزانی و
پەنجە دزرا
ئەم قاچ بەو قاچی نەزانی و
رێگە دزرا
ئەم چاو بەو چاوی نەزانی و
سەرنج دزرا
ئەم باڵ بەو باڵی نەزانی و
فڕین دزرا
سارومارە، سارومارە
ئەم دیرۆکی دەسەڵاتی سەرزەمینە و
بۆنی دەمی درۆکانی ئەم رۆژگارە

ئرەهەندێکی فێمینیستانە، کە دیارە بڕبڕەی پشتی قەسیدەکەیشە، بریتییە لە رووتکردنەوەی نیشتمان، بریتییە لە پێناسەکردن و نیشاندانی ئەو ئاستەنگانەی کە لەم نیشتمانەدا رێگەی نەداوە عەشق باڵەکانی بکاتەوە و لەسەر شەقام و لە رەفتار و ئاکاری تاکەکانیدا رەنگبداتەوە. بێکەس دێت و دەمامکەکانی نیشتمان هەڵدەماڵێ، پەچە و چارشێو و رووبەندەکانی هەڵدەداتەوە، بۆ ئەوە نا نیشتمان هەراج بکات، بۆ ئەوەش نا وەک هەڵچوونێکی (ئۆپۆزیسیۆنانە) و (ئایدیۆلۆژیانە) نیشتمان لە رەهەندە جوانەکانی، لەنیازی دووبارە رەنگپێدان و پۆشتەکردنەوەی فەرامۆشی بکات، رەهەندێکی فێمینیستانە و جواناسانەیە، چونکە دەیەوێ کراسێکی ژنانە بکاتە بەری نیشتمان، نیشتمانێک کە ژن تێیدا سەرابە، نیشتیمانێک کە نۆزدە ساڵە پێی شەرمە کراسی ژنانە بکاتە بەری:

شەوباش
من ناوم کراسی ژنانەیە
ئەوەی نیشتیمان پێی شەرمە بیکاتە بەری
خۆی منم
ئەم مێژووی نێرە
ئەم نیشتمانی سمێڵە
تەنها جارێک منی نەکردە بەر هەتاوێ
بەر جۆگە ئاوێ، بەر شووشە گوڵاوێ
....
ئەوانەی منیان کردەبەر
بەژنی درێژی غەریبی و
بەژنی تەنیایی و ئازار بوون

هێندەی تووڕەبوونە لە "باوک" فەلسەفەی پشت "ئێستا کچێک نیشتمانمە" هێندە تووڕەبوون نییە لە نیشتمان. تووڕەبوون لە "باوک" و هەڵگەڕانەوە لێی لە زۆر شاکاری دیکەی ئەدەبی و بگرە لە ئەفسانەکانیشدا رەنگدانەوەی هەبووە، "باوک" وەک باو، وەک نەریت و خووی سواو، وەک ئەو تانوپۆیەی لەم نیشتمانەدا ئەدگاری ژیانی پێدەناسرێتەوە. ئەم رستە شیعری و پڕ خوازانە لە هەمان ئەو گەرووەوە دێنە دەرێ کە هەڵەبجە و قوربانیانی ئەنفالی لاواندۆتەوە:

پاسارییەک بە باوکی وت
سەری من سەری تۆ نییە
من فڕینێکی جیاوازم
سەری من پڕ جریوە و سەری تۆ پڕ
خۆڵەمێشە
تۆ سەرت داوەتە دەستی بای رابردووی
باپیرەم و
کونەبۆری ئەشکەوتەکان
ئەوەندە کۆن و بەسەرچوون
هێندە کۆن هێند نسرمن
بۆنی گۆگردی مردن و بیرچوونەوەتان
گرتووە
من لەسەرما
رووباری ئاوێنە هەیە
من لە دڵما رەنگ هەڵئەکا و
رەنگ هاژەی دێ و
تۆ فڕینت گرمۆڵەی ناو هێلانەیە
...
شاعیرێکیش لە نیوەشەوا چراندی
من باوکم نیم هەتا لەرێی شاخ و داخ و
دوکەڵ و بۆنی باروت و شەهیدەوە
ئەم نیشتمانەم ناسیبێ

وەسیەت چییە؟ هەر بەراستی پێمانوایە وەسیەتی شێرکۆ ئەوەبێت کە نووسیویەتی: "من نامەوێت لە هیچ کام لە گرد و گردۆڵەکەکاندا بنێژرێم کە دیارن و ناویان ئەبرێ، یەکەم لەبەرئەوەی پڕبونەتەوە و دووەم لەبەرئەوەی من حەز بە قەرەباڵغی زۆر ناکەم، من ئەمەوێ ئەگەر سەرۆکی شارەوانی و ئەنجومەنی شارەوانی شارەکەم رێگەم پێبدا و ئەوەم پێ رەوا ببینن کە لە پارکی ئازادیدا و بە تەنیشت مۆنۆمێنتەکەی شەهیدانی (1963)ی سلێمانییەوە بمنێژن، ئەوێ خۆشترە و تەنگەنەفەس نابم..."؟ ئەگەر وا تێبگەین ئەمە وەسیەتی شێرکۆیە لەهەڵەداین، چونکە وەسیەتی گەورە، گەورە گەورە هێندەی نیشتمان پان و بەرین ئەوەیە کە دوای ئەوەی "رۆزانا" دەبێتە نیشتیمانی، دەڵێ:

هەتاکو نیگا نەگۆڕین
تەماشاکانیش ناگۆڕێن
تا گەواڵەی ناو ئەم سەرە وەکو خۆی بێ
بارانی تازە نابینین

لەباتی ئەوەی قەسیدەی "ئێستا کچێک نیشتمانمە بکرێتە بەشێک لە نارەزایەتی، دەبوو قەسیدەکە بکرێتە تیۆرەی "گۆڕانکاری" ژیاری و فەلسەفەی ژیان، دەبوو رەشنووری نوێبوونەوەی خەفەخانی و کردنەوەی ئەڵقە و پاوانەکانی دەست و پێی ژن و عەشق و ئازادییەکان بێت.

"کامەران" و "رۆزانا" تەنیا فیگوری نێو قەسیدەکەی شێرکۆ بێکەس نین، ئەوان فیگوری هەموومانن، کە عەشق دەبێتە چرای دۆزینەوەی نیشتمان، کاتێک کچێک دەبێتە نیشتیمان، مرۆڤ لەوە دەردەچێت بوویەکی پاسیڤ و ئامادەیەکی ون بێت و دەستکاری هیچ شتێک نەکات. عەشقێکی سادە و رواڵەتیش نییە کە لەوەدا کورت بووبێتەوە لە رێگەی شیعرەوە بەباڵایدا هەڵبدات، من کە ئەو قەسیدەیە دەخوێنمەوە، بەر لە هەر شتێک هێزی ئەڤین دەبینم کە چۆن دەتوانێ نەک تاک، بەڵکو روانگە و دونیابینی و جیهانی نەوەیەک بگۆڕێت:

ئەم مێژووە رووت رووت دەکەینەوە
لە نووکەوە بە قسەکانیا ئەچینەوە
ئێمە سەرلەنوێ لە شاخ ئەپرسینەوە
کێ ئەڵێ تۆ قارەمانی؟
بە بەفر ئەڵێین کێ ئەڵێ تۆ پاکی؟
بە سروودەکانیش ئەڵێین کێ ئەڵێ ئێوە
پیرۆزن؟

دەکرا ئەم قەسیدەیە بنەما بێت بۆ شۆڕشێکی کولتووری و گۆڕین. پرسیارە گرنگەکە ئەوەیە، ئایا ئەمە کرا؟ لە کاتێکدا لە وڵاتان شۆڕشی کولتووری و گۆڕانکاری فەرهەنگی و ژیاری بنەمای پێشکەوتن و تەکان و نوێبوونەوەی هەناوی کۆمەڵگان و ئاکاری تاکەکانی هەموار دەکاتەوە، لای ئێمە بۆچی دەقێک ناتوانێ وابکات کە وەک سۆهراب دەڵێ: "چاوەکانمان بشۆین و بەجۆرێکی دی دونیا ببینین؟".

# نقومبووی هەناسەیەکی چەند هەزار ساڵە



**مستەفا جان**

کاتێک هەواڵی مردنی یەشار کەمالم بیست، خەیاڵم رۆیشتەوە بۆ دوو رۆژ پێش سەری ساڵی 2006 لە هاڤانا.

گابرێل گارسیا مارکیز، لەگەڵ ژمارەیەک ژنی جوان و پیاوی قات لەبەری شان و باڵ قەوی لە کلووبی شەوانەی "پشیلە یەک چاوەکە" لە قاتی خوارەوەی هۆتێلی ناسیۆناڵ لەسەر قەنەفەیەک دانیشتبوو، سەردەمانێک کوڕانی مافیا، سیخوڕ، ئەستێرەی سینەمایی، سیاسی، نووسەر و خەڵکانی دیکەی ناودار لەوێ کۆدەبوونەوە.

هاوڕێکەم لارش ئاسکلوند هانیدام کە بچمە پێشەوە بۆ لای مارکیز و سوپاسی بکەم بۆ ئەو چێژ و خۆشییەی بە خوێندنەوەی نووسینەکانی پێی بەخشیوین. ئەویش سەری بۆ راوەشاندم و پرسیاری لێکردم، خەڵکی کوێی؟

– سوێد. بەڵام لە ئەسڵدا کوردی تورکیام.

ـــ ئەها.. خەڵکی وڵاتەکەی یەشار کەمالی.

بە دەنگێکی بەرز ئەوەی گوت و پێکەکەی بەرزکردەوە.

هەرچەندە من باسی ئەوەم نەکرد کە جار بە جارێک یەشار کەمال دەبینم، مارکیز درێژەی بە قسەکانی دا:

ـــ هاوپیشەیەکی خوێنشیرین و بە ئیلهامی منە. ئەگەر بینیت سڵاوی منی پێبگەیەنە.

پێنج مانگ دواتر، من و چەند کەسێک پێکەوە لەگەڵ یەشار کەمالی خەفەتبار لە رێستورانتێکی چینی لە فرید هێمسپلام لە ستۆکهۆڵم دانیشتبووین. یەشار کەمال هاتبوو بۆ لای هاوڕێی خۆشەویستی خۆی محەممەد ئۆزوون کە دووچاری نەخۆشییەکی کوشندە بووبوو، ویستم بیبزوێنم، باسی بەسەرهاتەکەی مارکیزم بۆ گێڕایەوە.

ـــ (بەپێکەنینەوە) بەڕاست؟ مارکیز گوتی "هاوپیشە بەئیلهامەکەم!" رەنگە ئەوە دانپێدانانی مارکیزی خۆشەویست بێت بەوەی کە من پێش لاتین ئەمریکاییەکان، ریالیزمی جادوییم بەکارهێناوە.

بە پێچەوانەی هاوپیشە کۆلۆمبیەکەی، یەشار کەمال کە بە تورکی دەینووسی، خەڵاتی نۆبڵی لە ئەدەبیاتدا وەرنەگرت. خەڵاتێک کە ئەو زۆر کەم باسی لێوە دەکرد، سەرەڕای ئەوەی چەندین جار بۆ ئەو خەڵاتە پاڵێورا.

لەم پەیوەندییەدا، دوای تەواوبوونی سیمینارێک کە کونسوڵخانەی سوێد لە ساڵی 2004 بۆ یەشار کەمالی سازکردبوو، لە بارێکدا لە ئیستەنبوڵ دانیشتبووین، یەشار گوتی "کاتێک مرۆڤ چیرۆکەکانی بە شیری دایکییەوە خواردبێت، ئیدی ناچێت بخولێتەوە و بیر لە خەڵات بکاتەوە".

یەشار کەمال وەکو وێنەیەک وێنای دەکرد کە چۆن دایک و باوکە کوردەکەی، ساڵی 1915 لە گوڵی وانەوە هەڵهاتوون تا خۆیان لە دەستی رووسەکان دەرباز بکەن. باسی گەورەبوونی خۆی دەکات وەکو تەنیا ماڵێکی کورد لەناو دێیەکی هەژاری تورکماندا، لە دەشتاییەکانی نێوان شاخی تۆرۆس و دەریای سپی ناوەڕست کە بووە هۆکارێک بۆئەوەی باشتر دەسەڵاتی بەسەر زمانی تورکیدا بشکێت تا زمانی خۆی.

هێشتا ئەو تەمەنی پێنج ساڵان دەبێت، باوکی بە بەرچاوییەوە لەلایەن براکەی خۆییەوە کە هەڵیانگرتبووەوە، لە مزگەوتێکدا دەکوژرێت. ئیدی بەرەو خامۆشی دەچێت، بەڵام جارێکی دیکە دەنگی بڵند دەکاتەوە. پێش ئەوەی فێری نووسین بێت، لە حیکایەتبێژەکانەوە فێر دەبێت. ئەوان وایان لێکرد کە لەم گوندەوە بڕوات بۆ ئەو گوند تاوەکو کەم تا زۆر مێژووە راستەقینەکان کۆبکاتەوە و جارێکی دیکە لە فۆرمی دراماتیکیدا بیانگێڕێتەوە. ئەو چیرۆکانەی کە دەتوانرا بە رۆژان درێژەیان هەبێت. هاوکات کاری لەسەر ئەوە دەکرد کە کتێب دوای کتێب لە کتێبخانەکەی ئەدەنە بخوێنێتەوە و لەگەڵ هۆمیرۆس، سێرڤانتس، ستێندال و چیخۆف و زۆری دیکە ئاشنا بێت.

ـــ ئەدەبیاتی رۆژئاوا، بە جیهانێکی نوێیان ئاشنا کردم. پاشتر ئەو نووسەرانە فێریان کردم کە ئەدەبیاتەکەی من دەبێت لە مێژووی خێزان و گەلەکەمەوە هەڵێنجرابێت کە خاوەنی گەوهەری دابونەریت و گۆرانیی فۆلکلۆری و ئەفسانەیە.

هەر بەیەکەم رۆمانی بەناوی "مەمەدی لاواز، ئینجە مەمەند" کە لە ساڵی 1955 بڵاویکردەوە، یەشار کەمال بووە کەسێکی ناسراوی ناو ئەدەبیاتی تورکی. ئیلهامی ئەو رۆمانەی کە باسی مەمەدی لاواز و یاخی و بێ باوک دەکات، لە پیاوەکانی سەر بە خزمەکانی دایکییەوە بۆ هاتووە کە هەموویان شۆڕشگێڕی بێ ماف بوون، کەسیان بەهۆی پیربوونیانەوە نەمردوون.

سەرەڕای ئەوەی یەشار کەمال، ئەسپی بەرهەمەکانی لە سەدەی نۆزدەدا تاودا، بەڵام لە مێژووی هەزاران ساڵەدا هەناسەی دەدا و ئۆکسجینی هەڵدەمژی. لەوێدا هەموو کارەکتەرەکان گێڕانەوەی نهێنیی خۆیان هەیە و پێناسی مێژووە رەسەنەکان بەناو یەکدا دێن و دەچن. لە دەشتی چکورۆڤا، ئەو خانووە کۆنانە ماونەتەوە کە دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمی چەرخی بەردین و سیلیسی کۆن، پەرستگا، نووسینی سەر بەرد و گوندی ئەشکەوتی شوێنەواریان ماوە.

بۆ کەسێکی بێ باوەڕی وەکو یەشار کەمال، مرۆڤ هەمیشە لە ناوەندا بووە. بەڵام مرۆڤ بەبێ سروشت وەکو رەگێکی بێ گیان وایە. لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە ئاخۆ بۆچی هەموو رۆمانەکانی بە پێناسەیەکی درێژ و شاعیرانەی سروشت دەستپێدەکات، دەڵێت:

– من کەسێکی بێ باوەڕم، هەندێک جار لە عەزابێکی ئیفلیجدا دەژیم. سروشت نە باشە و نە خراپ، رەنگە ئەرگومێنتی من بە دژی مردن، لە گەورەیی و جوانیی سروشتدا خۆی ببینێتەوە.

بە منداڵی، یەشار کەمال دەیتوانی بە سەعات و بە رۆژ، لە باڵگرتنی پەپوولەیەک وردبێتەوە، فڕینی باڵندەکان، زەردەزیرە وەحشییەکان کە سەرەوخوار و سەرەوژوور لەژێر ئەو هەورە پرشنگدارەی باڵی بەسەر دەشتەکەدا کێشابوو، دەهاتن و دەچوون، شێوەی پەڵە هەورەکان، سێبەری تیشکەکانی سەر چیای تۆرۆس، درک و داڵ، گوڵی دار قەیسی و قۆخەکان، کرانەوەی گوڵی چوالەی کێویلە بەرەنگی پەمەیی و ئەرخەوانییەوە. ئەو بۆنی رازیانەی کێوی دەکرد و چاوی دەنوقاند و گوێی بۆ با و دەنگی رووبارەکان و قرتەقرتی سوێسکە گەردن بە خاڵەکان هەڵدەخست.

یەشار کەمالی جوتیار، شۆفێری تراکتۆر، پەمووکۆکەرەوە، پاسەوانی شەو، نامەنووس، مامۆستای یەدەک، یاخی و سۆسیالیست بوو. ماوەی چەندین ساڵ یەکێک بوو لەو کەسە دەگمەنانەی کە بوو بە ویژدانی تورکیا. دەستەمۆ نەبوو، هەروەک هاوڕێکەی، ئۆرهان پاموک وابوو.

یەشار کەمال قێزی لە باسکردنی سیاسەت دەهاتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەیدەتوانی خۆی لە سیاسەت بەدوور بگرێت. بەتایبەتی لەپرسی ئازادیی رادەربڕین و چەوساندنەوەی سیستماتیکی کورددا.

– من نووسەرم، راڤەکاری سیاسی نیم. ئەرکی من ئەوەیە بەجوانترین شێوە بنووسم، بەڵام من چ رێگایەکم لەبەردەمدایە کاتێک مرۆڤە تینووەکانی ئازادی لەسەر شەقامەکان راودەنرێن و تەنانەت بە سەدان ساڵ بەندکردن حوکم دەدرێن، ئەشکەنجە دەدرێن و دەکوژرێن؟

کارێکی نائەخلاقی بوو بۆ یەشار کەمال کە بێلایەن بێت. خۆی لە ژوورەوە قەتیس بکات و خەریکی نووسینی ئەدەبیات بێت، لە کاتێکدا کە جیهانی دەوروبەری دەسووتا. بەتایبەتی لە وڵاتێکدا کە دیموکراسی لاواز بێت و هەموو کەس نەتوانێ بنووسێ و بخوێنێتەوە، ئیدی ئەوە ئەرکی رووناکبیرە کە ئەخلاق بخاتە پێش ستاتیکاوە، تیشک بخاتە سەر بەها و نرخە مەدەنیەکانی کۆمەڵگە و خۆهەڵقورتاندن لە رێکخستنی کۆمەڵگە.

ماوەی چەندین ساڵ، میدیای تورکی کەمپینێکی رەشکردن و رق و کینەیان لە دژی یەشار کەمال رێکخست. چەندین جار بە بیانووی پاڵپشتی لە تیرۆریزم و پروپاگەندەی جوداخوازی، دادگایی و زیندانیش کرا.

روخساری خەفەتباری یەشار کەمالم لەبەرچاوە کاتێک لە کۆبوونەوەیەکی نووسەراندا لە کتێبفرۆشییەکدا، ژنێکی گەنج لێی پرسی: هەست بەچی دەکەی کە زیاتر وەکو خەباتکارێکی مافی مرۆڤ ناسراوی تا نووسەرێک:

– من لە مرۆڤێک زیاتر نیم لەناو مرۆڤەکانی دیکەدا. رەنگە مرۆڤبوون زیاتر ئەوەبێت کە هەست بە بەرپرسیارێتی بکەی لەوەی کە لە جیهاندا روودەدات و لەگەڵ رابردوو و ئێستادا لە زۆرانبازیدا بیت. بەتایبەتی لەم سەردەمی هیستریای بازاڕی ئازاد و پلۆرالیزمدا.

هەموو ئەوجارانەی کە من یەشار کەمالم دەبینی، باسی سوێدی دەکرد "وڵاتی دووەمم"

ـــ ناوی ئەو شەقامەی دەهێنا کە لە ئاوارەیی لە کۆتایی ساڵانی حەفتاکاندا لێی ژیابوو، ئۆرشتاڤێگن 29.

باسی سەرما، تاریکی، شەقامە چۆڵ و هۆڵەکان و تەنهایی سوێدی دەکرد. نەزانینی زمان دەبێتە هۆی ئەوەی کە مرۆڤ لە باقی کۆمەڵگە دابڕێ، وەکو قوربانییەکی بێ هیوا خۆی دەبینێتەوە. ئەوەی کە لە کۆتاییدا مرۆڤ رزگار دەکات، توانایی ئەو مرۆڤەیە کە پەیوەندی ببەستێ بەڵام ...

– من هیچ کاتێک هێندەی ئەو چەند ساڵەی لە تاراوگە بووم، پڕ بەرهەم نەبووم، چەند کتێبێکم نووسی. ئەو ئارامی و بێدەنگیەی لەوێ بینیم نە پێشتر و نە دواتریش رووبەرووی نەبوومەتەوە. لەگەڵ ئەوەی کە من بیری ماڵەکەی خۆمم دەکرد، بەڵام هەمیشە دڵخۆش بووم لە سوێد.

دوو ساڵ دوای ئەوە، کاتێک بە رێکەوت لە گەلەرییەک لە ئیستەنبوڵ بۆ ماوەیەکی کورت یەشار کەمالم بینی، لێم پرسی ئاخۆ دەزانێت کە لە ساڵانی حەفتاکاندا تۆ یەکەم نووسەری بیانی بووی کتێبەکانت لە کتێبخانەکانی سوێددا داوا کراوە.

دەنگی قاقای پێکەنینەکەی لە نێو دیوارەکاندا دەنگیدایەوە:

ـــ هەرچۆنێک بێت، نەبووە هۆی بەخشینی خەڵاتی نۆبڵ.

**وەرگێڕانی لە سوێدییەوە: کاوە ئەمین**



گۆران محەممەد

# قەرزار

باسی ژمارەیەک دەکەن، بە شلیار و شتە. شلیار بۆ ئێمە و مانانە کە ملیارمان بە ئاسانی بەزاردا نایەت. ئەو شلیار و شتە گوایە قەرزە و حکومەت کردوویەتی. ئاخر حکومەت کە بینی فەرمانبەر قەرزار، دوکاندار قەرزار، بەڵێندەر قەرزار و تەواوی خەڵکی کوردستان هەر قەرزارن، گوتی قابیلە من چیم لەم خەڵکە زیاترە با منیش قەرزار بم.

لە خانەی گەڕاندا لە ویکیپیدیا نووسیم: قەرزەکانی سعودیە. وتی برۆ دوێنێ وەرەوە. نووسیم قەرزەکانی ئیمارات، وتی ئەرێ برا تۆ رادەبوێری یان بێ ئیشی؟ ئاخر ئەو وڵاتانەی نەوتیان هەس، قەرز دەدەن، قەرزار نابن.

خۆ پارە هەر سەفتەی دۆلار نییە، عەقڵیشە. ئەها دوبەی کە ئێمە پێمانوایە تەنیا بە نەوت دەژی، یەک دڵۆپ نەوتی نەماوە و هەمووی بە سەوزی فرۆشتووە! ئێمەش هێشتا عەیب نەبێ دەرماننەهێناوە و قەرزارین.


کەس لەبەر خاتری چاوی کاڵ پارە بە قەرز نادات، ئەوەی پارەی بە حکومەتی کوردستان بە قەرز داوە یان دەدات، باش دەزانێ قازانجی ئەو قەرزە، چەند جارێک پتری قازانجی مانەوەیەتی لە بانکدا، جا ئێمە چۆن و کەی و بەچەند دەیدەینەوە؟ ئەوە باسێکی دیکەیە.

حکومەتی ناوەندی دەڵێ کوردستان، نەوتمان قەرزارە. حکومەتی کوردستان دەڵێ بەغدا پارەمان قەرزارە. کۆمپانیاکانی نەوت دەڵێن هەردوو حکومەتی ناتەبا قەرزارمانن. جووت حکومەت دەڵێن کۆمپانیاکان قەرزارمانن. هەموانیش قەرزاری خوا و ئەمێریکان. من تێناگەم کە ئەم هەموو قەرزارە هەبن، ئیتر بۆ هەندێ وەزارەتی بێ بەرهەمی وەک کشتوکاڵ و کارەبا و پلاندانان و ئەوقاف پەروەردە و گەشتوگوزار قەپات ناکەن و وەزارەتی قەرزداران ناکەنەوە؟

ئەمە جۆک نییە راستییە، کە سەرلەبەری میللەتێک بە خەڵک و حکومەتەوە قەرزار بن، کە چایخانەی قەرداران هەبێ، وەزارەتی قەرزارانیشی گەرەکە قوربان.

قەرزاریش هەیە زیرەکە، لەوانەیە حکومەت لەو جۆرەیان بێ، لە قەرزارێکیان پرسی کابرا تۆ کە هیچ داهاتت نییە قەرزەکانت چۆن دەدەیەوە؟ وتی یەکەم شت قەرزە کۆنەکان نادەمەوە، بۆ قەرزە تازەکانیش ئاسانە، چاوەڕێ دەکەم تا کۆن دەبن.

موحەلیلی ئابووری قەناتێکی بێ ئیش دەیگوت شتێکی باشە حکومەت قەرز بکات، ئاخر ئەو کاتە قەرزدەرەکان دەیپارێزن. راست دەکات، دەڵێن کابرایەک سێ چوار ملیۆن دۆلار پارەی خەڵکی خواردبوو، ئیتر قەرزار بەردەرگایان گرتبوو، یەکیان کە دوو سێ دەفتەری بە قەرز دابوو دەیگوت بۆ کوێ دەچی هەر دەتکوژم. کابرایەکیش لەولایەوە کە سێ سەت هەزار دۆلاری لای بوو، گوتی کاکە چ دەکوژی؟ ها ئەوە سێ دەفتەرەکەت و لە کابرا گەڕێ بەڵکو پارەکەم دەداتەوە. کەواتە ئەوەی حکومەتی هەرێم کردوویەتی، بیرکردنەوەیەکی ستراتیژییە.



رێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# گرەوکردن لەسەر فەشەلی بارزانی

بە پێچەوانەی ئەزموونی هەرێمی کوردستان، شیعە لە 12 ساڵی رابردوودا سەلماندیان کە توانای بەڕێوەبردنی وڵاتێکی فرە ئێتنیک، فرە مەزهەب و ئاینیان نییە و پێ بەپێ بەرەو ئەوە رۆیشتن کە لاسایی سەلەفەکانی خۆیان، بەعسی و قەومییەکانی عێراق (بە چەپەکانیشەوە) بکەنەوە. ئەوان لە رابردووی نزیکی وڵاتی بەناو عێراقدا، تا کەوتنە سەر پێ مەراییان بۆ هەموو لایەک دەکرد و دوایی کەوتنە سەرکوتکردن و پاکتاوی مەزهەبی و رەگەزی و لە پێناوی مانەوەی خۆیاندا لەسەر دەسەڵات تەڕ و وشکیان پێکەوە سووتاند. لە راستیدا هەرگیز نەک هەر لە عێراق، بگرە لە تێکڕای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست (ئێران و تورکیای لێ دەربچێت) شتێک نە بەناوی دەوڵەت هەبووە و نە توانرا لە ماوەی 100 ساڵی رابردوودا چەمکی حکومەت و دەوڵەت لێک جیابکرێنەوە. بۆیە باسکردن لە هەرەسی (دەوڵەت) لە وڵاتی بەناو عێراقدا شتێکی زیادەیە، چونکە دەوڵەت نەبووە تا هەرەس بهێنێت، حکومەتەکان هاتوون و رۆیشتوون.

ئێستا کە شیعەش لە دروستکردنی دەوڵەتدا فەشەلیان هێناوە، هەق نییە باجی ئەو فەشەلە کورد یان هیچ کەسێکی دیکە بیدات، بۆیە بە وردبوونەوە لە تابلۆی سیاسیی ئێستا، قسەکردن لەسەر دیالۆگ و بیرکردنەوە لەوەی کە شیعە لە داهاتوودا دەتوانن چۆن لەگەڵ کورد (تا پێش هاتنی داعش) بژین، خەیاڵ و وەهمە. ئەو وەهمەی کە بەشێکی بەرچاوی بزووتنەوەی کوردی لە رابردوودا تێیکەوتبوو و هێشتاش لەسەری بەردەوامە.

بوونی کەسایەتییەکی بەهێزی وەکو تاڵەبانی لە بەغدا لە دەیەی رابردوودا، رێگر بوو لەوەی کە رووی راستەقینەی شیعەکان دەربکەوێ. مەترسیی هەژموونی شیعە بەسەر هەموو کایەکاندا لە کۆتایی 2008دا دەرکەوت، بەڵام ئەرکانی حکومەتی عێراق، هاوکارییەکی کەموێنەی شیعە و ئێران بوون تا هەم ئێران بۆ دوای دەرچوونی ئەمریکا جێ پێی خۆی بەتەواوەتی قایم بکات و هەمیش وردە وردە کورد و سوننە لە هاوکێشە سیاسییەکاندا پەراوێز بخرێن. ئەوە راستییەکی تاڵە کە کورد لە دەیەی رابردوودا لە بەغدا بووبێت بە فاکتەرێک بۆ بەهێزبوونی شیعە و ئێران لە ناوچەکەدا. ئەگەر وا نەبووایە دەکرا ئەمڕۆ سوننە بەبێ بوونی داعش خاوەنی کیانی خۆیان بن و کوردیش لە کوردستان پتر لە فیدراڵییان هەبێ و شیعەش نەتوانن وا ملهوڕانە مامەڵە بکەن. ئیدارەدانی قەیران لە بەغدا لەسەر دەستی کورد، خافڵاندن و خۆخاپاندن و وێناکردنی حکومەتی بەغدا بە حکومەتێکی نیشتیمانی، یەکێکە لە گەورەترین هەڵە ستراتیژییەکان کە بەشێکی بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان تێیکەوتووە.

تەسفیەی حیساباتی رابردوو لەسەر حیسابی قەدەری میللەتێک ناکرێ، بارزانی لە پێش هەرەسی رژێمی بەعسەوە مەسەلەی دەوڵەتی کوردیی لە (خەونی شاعیرانەوە) کردووە بە شتێک کە ئێستا بەشێکی گرنگ لە ناوەندە سیاسییەکانی دنیا بێ سڵەمینەوە باسی دەکەن و ئیتر نەک خەون نییە، بگرە راستییەکی موسەللەمە لای گەورە و بچووک. دەوڵەتێک کە لەسەر بنەمای سنوورە جوگرافییە مێژووییەکەی دادەمەزرێ نەک پێکهاتە ئیتنیکی، مەزهەبی و ئاینیەکەی و پەیامی بارزانی بۆ ئەو هۆزە عارەبانەی کە دەکەونە ناو سنووری کوردستانی باشوور، سەبارەت بە کرانەوەی دەرگای وەزارەتی پێشمەرگە بە روویاندا بۆ ئەوەی ببنە پێشمەرگەی کوردستان، دەلالەتی ئەوەیە کە دەوڵەتی کوردستان مامەڵەیەکی یەکسان لەگەڵ هەمووان‌دا دەکات.

ئەمڕۆ ئاراستەیەکی سیاسی لە کوردستاندا ئەگەر بیەوێ وەک رابردوو لە گۆشەیەکەوە ناو و شکۆی رابردووی خۆی لە گەمەیەکی سیاسیدا کە تەنیا و تەنیا لە پێناوی شکستهێنان بە پرۆژەی دەوڵەتی کوردستاندا بێت (کە ئەمە پرۆژەی بارزانی نییە، پرۆژەی هەموو سەرکردەکانی کوردە لە شێخ عوبەیدوڵای نەهرییەوە تا ئەمڕۆ)، ئۆباڵێکی مێژوویی زۆر قورسی دەکەێتە ئەستۆ.

پرۆژەی ئێران و دەستوپێوەندەکانی لە تێوەگلاندنی کورد لەشەڕی داعش بۆ بەخشینی سیمایەکی نیشتمانی بە شەڕ لەگەڵ سوننە، فەشەلی هێناوە و کەم کەم هەموو خاکی کوردستان لە داعش پاک دەکرێتەوە و سنوورە بە خوێن نەخشێنراوەکان تۆختر و تۆختر دەبنەوە. بۆیە حیساباتی هەرزانبەهای ئەمڕۆ بە سبەی قیمەتیان نابێ.



عارف قوربانی

# کوردستان و هاوکێشە هەرێمایەتیەکان

سەرباری ئەوەی هەر چوار وڵاتی ئێران و تورکیا و سووریا و عێراق خاڵی هاوبەشیان زۆرە، لەوانە هەر چواریان دەوڵەتی ئیسلامین، هەر چواریان هەریەکە و بەشێکی بەرفراوانی خاکی کوردستانی داگیرکردووە. بەرژەوەندیەکانیان لەوەدا یەکە کە کورد نەتوانێ سەر بەرزبکاتەوە.

چونکە باوەڕیان وابووە ئەگەر لە پارچەیەکی کوردستان بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد پەرەبستێنێ، دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی بیری کوردایەتی لە پارچەکانی تر، بۆیە بەدرێژایی ئەو نزیک سەد ساڵەی رابردووی دوای سایکس بیکۆ، زۆرترین رێککەوتن و هاوکاری لەنێوان داگیرکەرانی کوردستان هەبووە بۆ لێدان لە کوردی پارچە جیاجیاکانی کوردستان.

نموونە لە مێژوودا زۆرە کە سەرباری هەموو کێشەکانی خۆیان بەڵام بەرامبەر بە کورد یەک هەڵوێست بوون، دیارترین نموونە ئەوەیە کە دوای جەنگێکی هەشت ساڵەی نێوان عێراق و ئێران، دوای ناکۆکیەکی زۆری عێراق و سووریا، پاش پەیوەندییەکی ساردی چەندین ساڵەی تورکیا لەگەڵ هەریەک لە ئێران و سووریا، کاتێ راپەڕینی ساڵی 1991 کرا و یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ئەنجامدرا و یەکەم ئەزموونی حوکمڕانی کوردی پێکهات، بینیمان لە ئاستی وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی دراوسێ کە وڵاتانی داگیرکەری کوردستانن، وەرزانە کۆبوونەوەی تایبەت بە باشووری کوردستانیان هەبوو تا رێگە لە بەرەوپێشەوەچوونی بگرن. بینیشمان کە شەڕی خۆبەخۆی کورد هەڵگیرسا، وەک دابەشکردنی رۆڵ لە نێوان خۆیان چۆن هەرجارە و هاوکاری لایەکیان دەکرد بۆ ئەوەی باشتر بەریەک بکەوین.

ئەم چوار دەوڵەتە وێڕای بوونی بەرژەوەندی هاوبەشی زۆر و لەدیدی ئەوانەوە بوونی دوژمنی هاوبەش، بەڵام یەکێک لە شانسەکانی کورد ئەوە بووە کە دووانیان سوننی بوون و دووانیان شیعی، ئەمەش خاڵێکی بەهێز بووە بۆ بەردەوامیی ناکۆکی نێوان ئەم دەوڵەتانە و کوردیش توانیویەتی سوود لە ناکۆکیەکانیان وەربگرێت بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆی. هەر ئەوەش یارمەتیدەرێکی بەهێز بووە بۆ مانەوەی کورد لەنێوان بەرداشی ئەو چوار داگیرکەرەدا.

بۆ نموونە کورد لە هەرێمی کوردستان لە سەرەتای دەستپێکردنی شۆڕشەوە سوودی لە پشتیوانیی ئێران وەرگرتووە دژ بە حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق. هەروەها سوودی زۆری لە هاوکاریی سووریا وەرگرتووە بۆ دژایەتیکردنی عێراق، لە کاتێکدا هەردوو دەوڵەتی سووریا و عێراق عەرەب بوون و رژێمی بەعس لەهەردوولا حوکمڕان بوو، بەڵام ناکۆکیی مەزهەبی کە سووریا شیعە و عێراق سوننی بوو، یارمەتیدەر بوون بۆئەوەی کورد لە عێراق سوود لەو ناکۆکیانە وەرگرێت بە مەبەستی بەهێزکردنی پێگەی خۆی لەم بەشەی کوردستان.

لە رۆژهەڵاتی کوردستانیش بزووتنەوەی کوردی توانیویەتی سوود لە ناکۆکیی نێوان عێراق و ئێران وەرگرێت و پشتیوانی حکومەتی عێراق دەستەبەر بکات. دەبینیت لە سەروبەندی قووڵبوونەوەی ناکۆکیی نێوان ئەم دوو دەوڵەتە، حکومەتی عێراق پشتیوانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردی کردووە لە رۆژهەڵاتی کوردستان و وەک کارتێک بەکاری بردووە دژ بە ئێران.

هەرچەندە لە هەر دۆخێکدا کێشەکانی نێوان خۆیان بەرەو چارەسەر چووبێت، یان کورد لە پارچەیەک گەشەی کردبێت، ئەوان هەوڵیانداوە ناکۆکیەکانی خۆیان وەلا بنێن بۆ لێدانی بزووتنەوەی کوردی، کە شۆڕشی ئەیلول و پشتتێکردنی ئێران زەقترین نموونەیە. بەڵام لەگەڵ ئەوانەشدا ناکۆکیە ستراتیژییەکانی نێوان خۆیان، بەشی ئەوە دەرفەتی هێشتۆتەوە تا کوردیش وەک یاریکەرێک لە ناوچەکە سوودی لێوەرگرێت.

بە درێژایی تەمەنی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) لەلایەن سووریا و ئێرانەوە هاوکاری کراوە، چونکە تورکیا وڵاتێکی سوننی بووە. بەڵام عێراق یارمەتی کوردی باکووری نەداوە دژی تورکیا. واتا هەردوو دەوڵەتی سوننەی ناوچەکە عێراق و تورکیا چوونەتە پشت کوردانی سووریا و ئێران و لە بەرامبەریشدا ئێران و سووریا لە پشتی کوردی عێراق و تورکیا بوون دژ بەو دوو دەوڵەتە.

گەرچی ئەوان هەر چواریان بەیەک ئەندازە دوژمن و داگیرکەری کوردستان بوون، بەڵام حەتمیەتی مێژوو ئەوەی سەپاندووە کە کوردیش لە پارچەکانی کوردستان سەرباری دابەشبوونی بۆ چوار پارچە، پێویست بووە ببێتە بەشێک لەو ململانێ و هاوکێشە هەرێمایەتیە، چونکە ئەوە سەرچاوەی وزە و بەردەوامیی شۆڕشەکانی بووە. هەر ئەوەش شەرعیەتی داوەتێ هاوپەیمانێتی لەگەڵ وڵاتێکی داگیرکەری پارچەیەکی کوردستان بکات و نەشبێتە خیانەتکردن، بەڵکو بەسوود وەرگرتن لەوەی (دوژمنی دوژمنم دۆستمە) زۆرترین هەماهەنگی و پەیوەندی لە نێوانیان هەبووە.

تا رووخانی سەدام دابەشکاریەکە بەو جۆرە بووە. بەڵام لە دوای رووخانی سەدامەوە هاوکێشە هەرێمایەتیەکە گۆڕاوە و پێویستە کوردیش سەنگەربەندیەکانی خۆی لەو هاوکێشەیە بگۆڕێت. چونکە وەک ماتماتیک وایە، ناکرێت چیتر حیزبی دیموکرات و کۆمەڵە چاوەڕوانی ئەوەبن بەغدا هاوکارییان بکات لە دژی تاران، بەڵکو پێویستە ئەوە لەبەرچاو بگرن کە ئیتر بەغدا بەچاوی نەیار لەوان دەڕوانێت چونکە دوژمنی تارانن و ئێستا تاران و بەغدا یەک ستراتیژیان هەیە. ئەمە بۆ هەرێمی کوردستانیش راستە کە چیتر ناکرێت چاوەڕوانی پشتیوانیی تاران یان دیمەشق بێت بۆ لاوازکردنی بەغدا، بەپێچەوانەوە ئیتر تاران و دیمەشق پشتیوانی بەغدا دەکەن لە لاوازکردنی کورد لە هەرێمی کوردستان.

ئەگەر تەماشای سەرەتای ئەم هاوکێشەیە بکەین تا رووخانی سەدام، تورکیا زۆرترین هەماهەنگی و پشتیوانی عێراقی کردووە دژی کورد لەم بەشەی کوردستان، بەڵام لە دوای رووخانی سەدامەوە هاوکێشەکە دەگۆڕێت و تورکیا دەکەوێتە سەنگەرێکی ترەوە کە کورد دەتوانێ سوودی لێوەرگرێت.

دەمەوێ ئەوە بڵێم کە ئێستا هاوکێشە هەرێمایەتیەکە گۆڕاوە، جاران ئەگەر دوو دەوڵەتی سوننە و دوو دەوڵەتی شیعی بوون، ئێستا سێ دەوڵەتیان شیعەن و یەک دەوڵەتی سوننەیە. کورد لە رۆژهەڵات و باشوور و رۆژئاوا لەمەودوا نەیاری یەک دەسەڵاتن کە شیعەیە، واتا ناکرێ لەهیچ کام لەو پارچانە چاوەڕوانی پشتیوانی و دۆستایەتی هیچ کام لەو سێ دەوڵەتە بین. ئەم سێ دەوڵەتە دەبنە گەورەترین پشتیوانی پەکەکە بۆ دژایەتیکردنی تورکیا.

کوردی ئەم سێ پارچەیەش هیچ دەرووەیەکی تریان بۆ نەماوەتەوە جگە لە سوودوەرگرتن لە تورکیا وەک تاکە نەیاری ناوچەیی ئەم سێ دەوڵەتە. ئەمە حەقیقەتی ناکۆکیەکانی داهاتوو دەبن.

پرسیار ئەوەیە ئایا هەموو سیاسیەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان ئەم هاوکێشە تازەیە دەخوێننەوە؟ ئەگەر بە وردی لەم قۆناغە تازەیە بگەن، دەرفەتی گۆڕانکاری گەورەو پێشهاتی گەورەمان لەبەردەمە، خۆ ئەگەر وەکوو خۆی لەم هاوکێشەیەش تێنەگەن، ئەوە بەدڵنیاییەوە دەبێت چاوەڕوانی هەرەسی یەک لەدوای یەکی شۆڕشەکانمان بین.



هیوا حاجی

# کێشەی دراوسێیەتی لەگەڵ نەینەوا

بۆ هەرێمی کوردستان، پارێزگای نەینەوا لە چەند روویەکەوە گرنگیی زۆری هەیە: یەکەم بەشێکی گرنگی ئەو ناوچانەی پێیاندەگوترێ "ناوچەی کێشە لەسەر" (مادەی 140ی دەستوور) لە شنگال و زومار و تەلەعفەرەوە بگرە تا دەگاتە دەشتی نەینەوا و بەرەو گوێر و مەخموور، دەکەونە سنووری ئەم پارێزگایەوە. پاشان بەشێکی زۆری کورد (وەک عەشیرەتەکانی زێباری و هەرکی) لەگەڵ ئەو گرووپە ئاینی و نەتەوەییانەی بەشێکیان یان هەموویان خۆیان بە کورد دەزانن (لە نموونەی ئێزدی و شەبەک و کاکەیی) لە چوارچێوەی پارێزگاکەدان. لەوەش زیاتر، لە رووی جوگرافیەوە نەینەوا سنووری لەگەڵ هەردوو پارێزگای دهۆک و هەولێر هەیە. بۆیە نەینەوا جگە لە بایەخی زۆری بۆ سەقامگیریی ئاسایشی هەرێمی کوردستان، گرنگی بۆ ئابووری هەرێمیش هەیە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ئیعتیبارانەی سەرەوە، رەنگە ساویلکەیی بێت ئەگەر پێمانوابێ دەتوانین، یان پێمانوایە پێویست بێت، دیوارێک لە نێوان خۆمان و نەینەوا دروست بکەین.

کەواتە نەینەوا بۆ هەرێمی کوردستان گرنگە و لەوەوە پێویستە هەرێم قورساییەکی سیاسی گەورە بخاتە سەر ئەو پارێزگایە. ئەوەی لەوێ روودەدات، بە باش و خراپەوە، کاریگەری خۆی لەسەر هەرێمی کوردستان بەجێدێڵێت. هەر بۆ نموونە لەو کاتانەدا کە پارێزگاکە سەقامگیر بووە، شاری مووسڵ ناوەندێک بووە بۆ راکێشانی قوتابیانی کورد بۆ خوێندن لە زانکۆکەیدا و پزیشکەکانی کە هەندێجار سومعەی پیشەیی باشیان هەبووە، سەرچاوەیەکی تەندروستی باش بوونە بۆ خەڵکی هەرێمی کوردستان و لە هەندێ باریشدا پارێزگاکە کەناڵێکی بازرگانیش بووە بۆ هەرێمی کوردستان. بەدیوە ناڵەبارەکەشیدا، ئەگەر شارەکە ناسەقامگیر بووبێت ئەوا بووەتە سەرچاوەیەک بۆ ناردنی تیرۆریست و ئۆتۆمبیلی بۆمبڕێژکراو. لەوەش گەڕێ کە کورد و بەتایبەتیش ئێزدی و شەبەک و کاکەیی چەند لەژێر هەڕەشەدابوونە و باجی گیانیی زۆریان داوە لە ئەنجامی خراپیی رەوشی پارێزگاکە.

ئەوەی لە نەینەوا روودەدات بەرلەوەی کێشەیەکی ئەمنی و سەربازی بێت، کێشەیەکی سیاسییە. ئەگەر لەیەک دەربڕیندا کورتی بکەینەوە، دەتوانین بڵێین "نەینەوا پارێزگایەکی بێ خاوەنە". پارێزگای نەینەوا، وەک پارێزگایەکی گرنگی سوننی، ناچێتە ژێر هەژموونی نوخبەی شیعی لە بەغدا. نوری مالیکی هەوڵێکی زۆری دا تا لە رێگەی سوپاوە پارێزگاکە بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە، بەڵام سوپاکەی لە چەند رۆژێکی کەمدا هەرەسی هێنا. لەلایەکی دیکەوە، وەک دەگوترێ سوننە خۆشیان لە تەنگژەی بێ سەرکردایەتیدان (Crisis of Leadership). ئەم کێشەیە بۆ سوننەکان تەنانەت لەسەر ئاستی هەموو عێراقدا راستە. بەو مانایە سوننەکان نە لێدەگەڕێن شیعەکان کۆنترۆڵی نەینەوا بکەن، نە خۆشیان دەتوانن ببنە خاوەنی. لەلای سێیەمیشەوە، نە شیعە و نە سوننە لێدەگەڕێن هەرێمی کوردستان ببێتە خاوەنی نەینەوا. کەواتە لەنێوان سێ جەمسەری هێزدا (شیعە، سوننە و کورد) نەینەوا بێ خاوەن ماوەتەوە. ئەمە واقیعی پارێزگای نەینەوایە لە 2003وە تادەگاتە ئەمڕۆ. سەرهەڵدان و بەهێزبوونی گرووپە توندڕەوەکانی وەک ئەلقاعیدە و داعش تا رادەیەک بەرهەمی ئەو کێشە سیاسییەن کە لە عێراق و پارێزگاکەدا هەبووە.

لەوەوە ئەوەی گرنگە بۆ پارێزگای نەینەوا بکرێت، بریتییە لە دۆزینەوەی چارەسەرێکی سیاسی، لەلایەک بۆ پێگەی سوننە لە نەینەوا و لەلایەکی دیکەوە بۆ کێشەی سنووری هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا. بەبێ فەراهەمکردنی چارەسەرێکی نیمچە هەمیشەیی بۆ ئەم دوو مەسەلەیەی سەرەوە، ئەگەری سەرهەڵدانەوەی کێشەکانی نەینەوا بە رەنگی جیاواز بە بەهێزی دەمێنێتەوە. تەنانەت ئەگەر ئەمڕۆ لەڕووی سەربازییەوە داعش تێکبشکێنرێت، سبەی فۆرمێکی دیکەی داعش لەوێ دەبینینەوە.

لەڕووی سیاسیەوە زۆر گرنگە هەوڵبدرێ دەسەڵاتێکی سوننی میانەڕەو و کارا لە نەینەوا بهێنرێتەگۆڕێ. واتە دەسەڵاتێک کە حەتمەن سوننە بێت، بەڵام لە هەمان کاتدا لە نێوخۆیدا دیمۆکراتیک بێت و باوەڕی بە پەیوەندی باش هەبێت لەگەڵ هەرێمی کوردستان و بەغدا. پاشان پێویستە ئەو دەسەڵاتە دەسەڵاتێکی کارا بێت لە دابینکردنی سەقامگیری و خزمەتگوزاری و پەرەپێدانی پارێزگاکە. ئەوەی بەدواداچوون بۆ رەوشی نەینەوا بکات، تێدەگات کە چ پاشاگەردانیەکی ئەمنی لەو پارێزگایەدا هەبووە. رەوشی خزمەتگوزاری پەروەردەیی و تەندروستی و رێگاوبانی پارێزگاکە رەنگە نیو سەدە گەڕابێتەوە دواوە. واسیتە و بەرتیل و گەندەڵی لە لووتکەدا بووە. لێرەدا پێمباشە جەخت لەوە بکەمەوە کە ئەم دوو مەسەلەیە پێویستە بە هاوتەریبی لەگەڵ یەک بڕۆن. دەسەڵاتێک کە لەگەڵ هەرێم پەیوەندی باش بێت، بەڵام لە ناوخۆیدا کارا نەبێت (وەک حکومەتی نەینەوای پێش داعش) خێرێکی ئەوتۆی بۆ هەرێم نابێت. بە هەمان شێوە ئەگەر حکومەتێکی کاراش هەبێت لە نەینەوا، بەڵام باوەڕی بە پەیوەندی باش نەبێت لەگەڵ هەرێم، دیسان هەر مەترسیدار دەبێت.

چارەسەری دووەمی نەینەوا دیاریکردنی سنوورەکانیەتی لەگەڵ هەرێمی کوردستان. وەک پێشتر هێمای بۆ کرا، بەشێک لە ناوچەکانی پارێزگاکە لەچوارچێوەی مادەی 140ی دەستووردان. ئەم ناوچانەش بەتایبەتی بێ خاوەنترن لەوانی دیکە. هەر بۆ وێنە، لە رووی سەربازی و ئەمنییەوە، لەو ناوچانەدا کە سوپای عێراق و پێشمەرگە و پۆلیسی لێبووە، هەمیشە تێکەڵی و ناڕوونی زۆر هەبووە لە بەرپرسیارێتی و ئەرکەکانیان. یەکێک لە جیاوازییە بنەڕەتیەکانی نەینەوا و کەرکووک خۆی لەوەدا بینیوەتەوە کە لە کەرکووک هێزێکی دیاریکراو هەبووە بەرپرس بووە لە مەلەفی ئاسایشی پارێزگاکە. هەرچەندە هەموو کەرکووکییەکان بە پێشمەرگە رازی نەبوونە، بەڵام پێشمەرگە و هێزە ئەمنییە کوردیەکان هەرگیز رێگەیان نەداوە بێ سەروبەری و کوشتن و برینی ناو مووسڵ لەوێ دووبارە بێتەوە. لە نەینەوادا هەرگیز روون نەبووە کە کێ بەرپرسە.

بۆ بەرژەوەندیی هەرێمی کوردستان وا باشترە کە خۆی بەدوور نەگرێت لە گۆڕانکارییەکانی پارێزگاکە لە قۆناغی داهاتوودا.

کێ حوکم دەکات؟ چۆن حوکم دەکات؟ چەند کارایە؟ پەیوەندی لەگەڵ هەرێمی کوردستان چۆن دەبێت؟ ئەمانە هەموویان پرسیاری گرنگن بۆ خەڵکی نەینەوا و هەرێمی کوردستانیش.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# شەقامی بارزانی لە ئیسرائیل


خەریکە دەبێتە هەفتەیەک لە ئیسرائیلم، بەڵام لەجیاتی ئەوەی دڵخۆش بم، هەستدەکەم بە زللەیەکی بەهێز لەخەو هەڵسێنراوم. ئیسرائیلێک کە بە فڕۆکە تەنیا پێنج کاژێر لە باشووری کوردستانەوە دوورە و کوردە جوولەکەکان ڕۆڵی سەرەکییان لە دروستکردنیدا گێڕاوە، لەوە دەچێت قەت کەس نەیویستبێ وێنە ڕاستەقینەکەیمان پێشان بدات.

لە سەد ساڵی ڕابردوودا تاکە شوێن لە جیهاندا کە کوردبوون تێیدا ئیمتیاز بووبێت ئیسرائیل بووە. لەگەڵ ڕاوێژکاری یەکەمی پارێزگاری ئۆرشەلیم پیاسەیەکم بە کۆڵان و بازاڕە گەورە و جوانەکانی ئەو شارەدا کرد. هیچ کۆڵانێک و هیچ بازاڕێکی جوولەکان لەو شارەدا نییە کە یان کورد دروستی نەکردبێت یان مۆڵەتی دروستکردنی لە کاربەدەستێکی گەورەی کورد وەرنەگیرابێت. بەپێچەوانەی باشووری کوردستانەوە کە بۆ گۆڕینی گڵۆپی ماڵانیش وەستای تورک و لوبنانییان هەیە، لە سەد ساڵی ڕابردوودا کوردی ئیسرائیل بە بیناسازی کارامە و شەڕکەری چاک ناسراون.

چوومە ماڵێکی کورد کە کوڕەکەیان سەربازی ئیسرائیلی بووە و لە تانکەکەیدا تا دوا فیشەک شەڕی کردووە تا کوژراوە. خەڵکی گەڕەکەکە شانازییان بەو سەربازە کوردەوە دەکرد. دایکی پێیگوتم: "کوڕەکەم پێشمەرگەی وڵاتی خۆی بوو، کچەکەم کە زانی براکەی کوژراوە، یەکسەر چووە هەمان یەکەی سەربازی و هەمان کاری براکەی دەکات". بۆیە ئەو دایکە سەربڵند بوو کە کچەکەی سەری کوردانی لە ئیسرائیل بەرز ڕاگرتووە.

ئێمە وادەزانین پەیوەندیی زۆر بەهێز لەنێوان ئیسرائیل و کوردستاندا هەیە، بەڵام بەو ڕادەیە نییە کە تێیگەیشتووین. لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا بۆ پرسیار لەسەر هەڵبژاردن لەگەڵ کاربەدەستێکی گەورەی ئیسرائیل دانیشتم. لە قسەکانییەوە بۆم دەرکەوت کە زانیارییەکانی لەسەر واقیعی سیاسی و ئیداریی کوردستان زۆر کۆنن. ئەو کاربەدەستە نەیدەویست بۆ میدیا قسە بکات، بەڵام گەنگەشەی گەرمی لەگەڵ کردم لەسەر سەربەخۆیی کوردستان. ئەو دەیگوت ناتانیاهۆ بەئاشکرایی گوتوویەتی پشتیوانی لە سەربەخۆیی کوردستان دەکات، بەڵام وەک ئەو گوتی "کورد دەبێ خۆیان بوێرن ئەمە بکەن و نابێ چاوەڕێ بن کێ پشتیوانییان دەکات". ئەو کاربەدەستە چیرۆکی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی ئیسرائیلی گێڕایەوە و گوتی: "کاتێک ئێمە سەربەخۆییمان ڕاگەیاند، ڕەوشمان لەوەی تۆ لەبارەی کوردستانەوە باسی دەکەی زۆر خراپتر بوو. ناکۆکیی نێوخۆییمان هەبوو، سوپایەکی لاواز و بێ پشتیوانیی نێودەوڵەتیمان هەبوو، بەڵام دەوڵەتەکەمان کردە ئەمری واقیع. ئەگەر وەک ئێوە بەتەمای ئەمریکا باین ئێستاش بێ دەوڵەت دەبووین!"

لە دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیلدا سەرکردەیەکی وەکو بن گۆریۆن ڕۆڵی سەرەکیی گێڕاوە. یەکێک لە ئازاترین سەربازەکانی بن گۆریۆن کوردێک بووە بەناوی مۆشێ بارزانی کە ئێستا لەنێو ئۆرشەلیم شەقامێکی بەناو کراوە. ئیسرائیلییەکان خۆشەویستیی تایبەتیان بۆ مەلا مستەفا هەیە و دەیانگوت ئەو بن گۆریۆنی کورد بوو، دەیتوانی دەوڵەتی کوردستان دامەزرێنێت. بە تامەزرۆییشەوە دەیانپرسی: مەسعود بارزانی دەیەوێ ببێتە بن گۆریۆنی کورد؟



عەلی حەمەساڵح

# بۆ ڕێگا نادەین 5 ملیار دۆلاری دیکەش قەرز بکەن؟

ماوەی زیاتر لە سێ مانگە پرۆژە یاسایەک بۆ وەرگرتنی 5 ملیار دۆلار قەرز لە ڕێگای دوو بانکی جیهانیی ئەڵمانی و ئەمریکییەوە لە پەرلەمانە. ئەم قەرزە وەک بەرپرسانی باڵای حکومەتیش ئاماژەیان بۆ کردووە، بۆ مووچە نییە و بۆ پرۆژەیە، من و زۆرێک لە هاوڕێکانم ڕێگرین لە پەسەندکردنی ئەم یاسایە، چونکە:

بەپێی بەدواداچوونی من کە وردەکاریم لەم نووسینەدا ڕوونکردووەتەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان نزیکەی 17 ملیار دۆلار قەرزارە، بەڵام تاوەکو ئێستا ڕوون نییە ئەم قەرزە بۆچی کراوە، بێ پلانی بوو؟ چۆن دەدرێتەوە؟ کەی دەدرێتەوە؟

ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان بەنیازە 5 ملیار دۆلاری دیکەش قەرز بکات.

سروشتی قەرز وایە، ئیدارەیەکی سەرکەوتوو نەبێت و ژینگەیەکی لەبار نەبێت بۆ وەبەرهێنان، قەرز دەبێتە مایەی زیان.

ئایا حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێت ئەو قەرزانەی تائێستا کردوونی بداتەوە تاوەکو 5 ملیار دۆلاری دیکەش قەرز بکات؟ ئەگەر نەیتوانی بیداتەوە 5 ملیاری قەرز دەبێتە 10 ملیار و دەبێتە 20 ملیار و وای لێدێت قەرز بکەین بۆ دانەوەی ئەو قەرزە.

پرسیار ئەمەیە، لە دوای 2003وە بۆ ئێستا 74 ملیار دۆلار لە بەغداوە هات، داهاتی نەوت زیاتر بووە لە 15 ملیار و داهاتی ناوخۆش نزیکەی 15 ملیار، ئەگەر ئێمە بە زیاتر لە 104 ملیار دۆلار نەمانتوانیبێ ژێرخانێکی ئابووریی بەهێز دروستبکەین، بە 5 ملیار دۆلاری قەرز دەتوانین؟

ئەمە جگە لەوەی پاش چەندین گفتوگۆ لەگەڵ بەرپرسانی حکومەت، نەمانزانی ئەم قەرزە بۆ چییە؟ کوا لیستی ئەو پرۆژانەی کە قەرزی بۆ دەکرێت؟ سوودی ساڵانە چەندە دەچێتە سەر قەرزەکە؟ کەی دەیدەینەوە و چۆن دەیدەینەوە؟

من پێموایە ئەگەر بیر لەوە بکرێتەوە یاسای وەرگرتنی ئەم قەرزە بە زۆرینەی دەنگی پەرلەمانتاران تێپەڕێنرێت، جگە لە نەهامەتییەکی گەورە هیچ شتێک پێشکەش بە ئایندەی کوردستان ناکات.

ئێستا چی قەرزارین و لەکوێمان وەرگرتووە؟

بەپێی بەدواداچوونی من کە بۆ بەشی زۆری پشتم بە ڕاپۆرتی وەزارەتی دارایی بەستووە کە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی ئامادەکردووە، حکومەتی هەرێمی کوردستان نزیکەی 17 ملیار دۆلار قەرزارە، ڕەنگە هەندێک کەس بڵێن ئەمە ئاساییە و زۆر وڵاتی دنیا قەرزارن، بەڵام قەرزێک بۆ پرۆژەی وەبەرهێنان و بەرهەمهێنان نەبێت دەبێتە مایەی زیانی گەورە و ئەم زیانەش بەهۆی زیادبوونی سوودی سەر قەرزەکە زیاد دەکات.

ئێستا بڕی 16 تریلیۆن و 495 ملیار دینار قەرز کەوتووەتە ئەستۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە ئەمانەن:

یەکەم: پارەی بانکە ئەهلییە ناحکومییەکانی هەولێر لەلای لقی بانکی ناوەندیی هەولێر کە 5.648 تریلیۆن دینارە.

دووەم: پارەی بانکە ئەهلییەکان لای لقی بانکی ناوەندیی سلێمانی کە 2.447 تریلیۆن دینارە.

سێیەم: پارەی بانکە بازرگانییەکان (بەکارهێنراوە) 4.900 تریلیۆن دینارە.

چوارەم: حکومەتی هەرێمی کوردستان مووچەی دوو مانگی فەرمانبەران قەرزارە کە یەک تریلیۆن و 750 ملیار دینارە و خەریکە دەبێتە سێ مانگ.

چوارەم: پێشینەی خەرجنەکراوی پرۆژەکانی وەبەرهێنان و پەرەپێدانی پارێزگاکان کە 1.450 تریلیۆن دینارە.

پێنجەم: خەرجی شایستەی کڕینی کەلوپەل و چەند پێداویستییەکی دیکە کە 300 ملیار دینارە.

شەشەم: ئەمە جگە لەو قەرزانەی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان کە بەپێی زانیارییەکانی من نزیکەی سێ ملیار دۆلارە، لەگەڵ مافی کۆمپانیاکانی نەوت و ئەو بڕە نەوتەش کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەپارەی پێشوەخت فرۆشتوویەتی.

## چی بکەین؟

ئێستا دوو ڕێگا لەبەردەم حکومەتی هەرێمی کوردستاندایە، یان چاکسازی و داڕشتنی پلانێکی ورد بۆ داناوەی ئەم قەرزانە، یاخود ئایندەیەکی تاریک بۆ کوردستان و کەڵەکەبوونی قەرزێکی زۆر و دەوڵەمەندبوونێکی نائاسایی چەند کەس و بەرپرسێک لەسایەی ئەو گەندەڵییەی لەم وڵاتەدا تەشەنەی کردووە.

پێشنیاز بۆ دەربازبوون لەم قەرز و قەیرانە

یەکەم: پەلە بکرێت لە گۆڕینی کارپێکەری وێستگەکانی کارەبا لە گازوایلەوە بۆ غازی سروشتی کە نزیکەی چوار ملیار دۆلاری تێدەچێت و سێ ملیار دۆلار بۆ ساڵێک دەگەڕێتەوە بۆ دەوڵەت. هیچ کەسێک قەناعەتی بەوە نییە حکومەتێک بتوانێت بۆڕی نەوت ڕەوانەی تورکیا بکات، نەتوانێ بۆڕی غاز لەناو وڵاتەکەی ڕابکێشێ. لێرەدا چەند کۆمپانیایەک کە ڕۆژانە نۆ ملیۆن لیتر گازوایل بەنرخی 1.200 دینار دابین دەکەن، ئەو قازانجە خەیاڵیە لەدەستدەدەن کە ساڵانە هەزاران ملیۆن دۆلارە و میللەتێکیش سوودمەند دەبێت.

دووەم: ڕێگادان بە کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت بە دانانی پاڵاوگەی نەوتی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان نەوتی خاویان بداتێ بە نرخێکی شیاو و ئەوانیش خۆیان لە بازاڕدا کێبڕکێ بکەن، بەمەش نزیکەی 700 ملیۆن دۆلار دەگەڕێتەوە خەزێنەی دەوڵەت.

سێیەم: چاکسازیی بنەڕەتی لەبواری گواستنەوە و پاڵاوتنی نەوت لە ناوخۆدا بکرێت، بۆ نموونە: چەند کۆمپانیایەک نەوتی خاو بە نرخێکی زۆر هەرزان دەکڕن لە حکومەت و بەبێ ئەوەی هیچ کارێک بکەن بە دوو ئەوەندە دەیدەنەوە کۆمپانیا بێ مۆڵەتەکان کە ئێستا ژمارەی کۆمپانیا بێ مۆڵەتەکان زیاترە لە 500 کۆمپانیا.

چوارەم: پێداچوونەوە بە گرێبەستەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا بکرێت.

پێنجەم: چاکسازی لە لیستی مووچەی فەرمانبەران و خانەنشیناندا بکرێت و گرفتی دوو مووچە و سێ مووچە و بندیوار چارەسەر بکرێت کە گەورەترین بارگرانییە لەسەر حکومەت.

شەشەم: چاکسازی لە خەرجییەکانی بەکاربردندا بکرێت، بۆ نموونە کڕین و بەکارهێنانی ئۆتۆمبێل و بەکرێگرتنی بینای ناپێویست بۆ دامودەزگاکانی حکومەت.

حەوتەم: داهاتی ناوخۆ سەرلەنوێ ڕێکبخرێتەوە و بە شەفافی ڕابگەیەنرێت ء سیاسەتی گەشەپێدانی داهاتی ناوخۆ پێڕەو بکرێت.

بەداخەوە ماوەی 9 مانگە حکومەتی لووتکە فراوان هیچ چاکسازییەکی ئەوتۆی نەکردووە کە شایەنی باس بێت. کاری نایاسایی، قۆرخکاری و گەندەڵی لەکاتی ئەم قەیران و شەڕەدا نەک کەمی نەکرد، بەڵکو زیادی کرد.

ئەگەر ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستبکات بەم چاکسازیانە، ئەوا دەتوانرێت بە پلانێکی ورد لەماوەی چەند ساڵێکی کەمدا ئەم قەرزانە بدرێتەوە، ئەگەرنا حکومەت دەکەوێتە ژێر قەرزێکی گەورە و ساڵ بە ساڵ زیاد دەکات و دواتریش چارەسەری ئێجگار قورس دەبێت.

بۆ زانیاریتان خەرجی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2014دا کە قەیرانی قووڵی دارایی هەبووە و پرۆژەکان وەستان و زۆر خەرجیش کەمکرایەوە، هێشتا 14 تریلیۆن و 695 ملیار دینار بووە، بەڵام داهاتی حکومەتی هەرێم هەشت تریلیۆن و 184 ملیار دینار بووە بەم شێوەیە:

تەمویلی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان 4.035 . تریلیۆن

تەمویلی حکومەتی ناوەند 2.280 تریلیۆن

داهاتی ناوخۆ 1.868 تریلیۆن

کۆی گشتی 8.184 تریلیۆن.



عەبدوڵڵا ڕێشاوی

# ئێران بۆ کوێ هاتووە؟

لەگەڵ سەرکەوتنی شۆڕشی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، بەپلانی ڕۆژئاوایی و هاندانی عەرەبی شەڕێکی هەشت ساڵە بەدەستی سەدام حوسێن لە عێراقەوە لە دەرگای ئێرانی دا.

بە گەڕانەوە بۆ مێژوو، تێدەگەین هەڵگیرساندنی ئەو جەنگە زۆر هۆکاری واقیعی و زەمینیی ئەوتۆی نەبوو بەقەدەر ئەوەی مەترسی بەهێزبوونی ئێران بوو وەک دەوڵەتێکی مەزهەبگەرای شۆڕشگێڕ کە کەڵکەڵەی هەناردەکردنی شۆڕش لە خەیاڵی ڕەهەبەرەکەیدا تەمومانی کردبوو.

پێدەچێت ئەوانەی عێراقیان بەگژ ئێراندا کرد، پلانی ئەوەیان هەبووبێت کە ئێران دەرفەتی ئەوتۆی بۆ دروست نەبێت ببێتە دەوڵەتێکی خاوەن هێز لە ناوچەکەدا و پێویستە هەر زوو لەم سەرەتایەوە دووچاری شەڕێکی ماندووکەر، بکرێ.

ئێران شەڕی هەشت ساڵەی بەڕێوەبرد و لە 8/8/1988 یش کە جەنگ کۆتایی هات، سەرەڕای زەرەر و زیانەکان، بەڵام ئێران بەوشێوەیە شەکەت و ماندوو نەبوو کە توانای تەحەدداکردنی ڕۆژئاوا و چاوتێبڕینی وڵاتانی دیکەی دراوسێی نەبێت و واز لە خەونی زلهێزبوون بهێنێ، بەڵکو چاوی پشیلەکە هێشتا هەر زیتەی دەهات.

بەپێچەوانەی ئێران، عێراق لەدوای جەنگەکە هیلاک و ماندوو دەرکەوت، داوای هەماهەنگی و هاوکاری لە دراوسێ بچووکەکانی دەکرد، هەر ئەمەش بوو وای لەسەدام کرد پەلاماری یەکێک لە هاوسێ بچووکەکانی خۆی بدات.

بێگومان ئەوە جێی پرسیار و تێڕامانە کە بۆچی دوو لایەنی شەڕەکە هەریەک بەم شێوەیە لە جەنگەکە هاتنە دەرەوە. لەکاتێکدا دۆستەکانی عێراقیش لەو جەنگەدا زۆر زیاتر بوون لە ئێران؟

ئێستا کە سەددام حوسێن نەماوە، ئێران جگە لەوەی بەهێزە، دەرفەتی زیاتر بەهێزبوونی باشتر لەبەردەستە، لانیکەم لەبەر هیچ نا، لەبەرئەوەی دراوسێیەکی کە مایەی هەڕەشە و سەرئێشە بوو لە کۆڵ بووەوە.

هاتنی ئەمریکا بۆ عێراق ئەوەی لێ دەخوێنرایەوە کە هەڕەشەیەکە بۆ سەر ئێران، بەڵام ئەمە نەک هەروا نەبوو، بەڵکو ئێران هاوکێشەکەی هەڵگێڕایەوە و ڕووخانی سەددام حوسێنی کردە دەستکەوت بۆخۆی و پێگەی خۆی لە عێراقدا بەهێزتر کرد.

ئێستا وا دەبینرێت کە ئێران بە ناوچەکەدا پەلدەهاوێ و نفوزی بەربڵاوی سیاسی و کەمێکیش سەربازیی سنووردار بە ناوچەکەدا بڵاودەکاتەوە.

ئێستا وا نابینرێت کە نەیارەکانی ئێران لە وڵاتانی ڕۆژئاوا و تاڕادەیەکیش وڵاتانی عەرەبی و سوننە کاردانەوەکانیان لەپای پەلهاویشتنی ئێران لە ناوچە جێ نفوزەکانی خۆی و ئەواندا لەئاستی پێویستدا بێت.

جیاوازیی نفوزی ئێرانی لە ئێستا و لە ڕابردوودا لەو خاڵەدا لێک جیادەبێتەوە کە جاران نفوزێکی بێدەنگی شاراوە بوو، بەڵام هاتنی داعش بۆ عێراق و کێشەکانی یەمەن و سووریا، ئێرانی ناچار کردووە بوون و نفوزی خۆی لەو ناوچانەدا ئاشکرا بکات.

ئاشکرابوونی نفوزی ئێران و هاتنیشی بەرەو ناوچەکانی دەرەوەی خۆی ئەگەرچی لەئێستادا وەک گێمێکی سەرکەوتن بۆ ئێران هەژمار دەکرێت، بەڵام پێناچێت لە دواتردا بەمشێوەیە دۆخەکە لە بەرژەوەندیی ئێران بەردەوام بێت و بمێنێتەوە.

لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا پەلهاوێشتنی یەکێتی سۆڤیەتی ئەوکات بۆ ناو ئەفغانستان بە شکستێکی گەورە بۆ ئەو زلهێزە تەواو بوو، چوونی ئەمریکا بۆ ڤێتنام و سۆماڵ و عێراقیش هیچیان بەو شێوەیە سەرکەوتوو نەبوون کە ئەمریکاییەکان پلانیان بۆ دانابوو.

هەموو ئەم دەستوەردانە سەربازیانە لە وڵاتانی دیکە کۆمەڵێک ئەزموونن بۆ وڵاتانی زلهێز کە خوازیاری دووبارە بوونەوەیان نین.

ئێستاش ئێران بەشێوەیەک لە شێوەکان لەبەردەم دووبارەبوونەوەی ئەزموونێکی هاوشێوەدایە، ئەگەر بێت و ئەم وڵاتە بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ چوونی بۆ ناو خاکی وڵاتانی دیکە و بەرفراوانکردنی قەڵەمڕەوی خۆی نەکات. هەرچەندە جیاوازییەک لەنێوان ئەزموونی پەلهاوێشتنەکانی ئێران و ئەو وڵاتانەی دیکە لەوێدایە کە ئێران لە ڕێگەی مەقاشەوە پەلدەهاوێت نەک بەدەستی خۆی، بەڵام ئەمەش هەر دیسان ئێران لەوە ناپارێزێت کە بەقاچ و قولەوە بکەوێتە ناو قوڕاوێکی هاوشێوە.

ئێستا خەریکە وڵاتانی دنیا هەموو کێشەکانی تیرۆر لە ناوچەکەدا بۆ ئێران بەجێدەهێڵن، کەس نازانێت وڵاتانی زلهێز چ بڕیارێکی ڕاستەقینەیان لەبارەی دواڕۆژی "دەوڵەتی ئیسلامی عێراق و شام"ەوە داوە، ئێستاش ئێران ڕاستەوخۆ لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم ڕێکخراوەدایە.

هەرچەندە پێناچێت وڵاتانی ڕۆژئاوا بیانەوێت باڵانسی هێز لەنێوان سوننە و شیعەی ناوچەکەدا تێکبچێت و چەند ساڵێشە هەر وایان کردووە، بەڵام ڕوونە ئێران بۆ ناو کێڵگەیەکی ئاڵتوون هاتووە کە پڕیەتی لە بۆمب و مین.



دانا نەوزەر

# براکانی یوسف

بە زەردەخەنەوە قسەی دەکرد. زەردەخەنەیەک کە زیاد لە یەک مانا و هۆکاری هەبوو. قسەی بۆ ژمارەیەک لە قاڵبووەکانی سیاسەتی عێراقی دەکرد کە ئەم هەتا چەند ساڵێک لەمەوبەر تەنیا لە شاشەی تی ڤیەوە دەیبینین. ئەگەرچی چاوی قسەکەرە گەنجەکە تازە بە تازە بە بینینی ڕاستەوخۆی ئەم دەموچاوانە ڕادەهات، بەڵام دەیزانی گوێی سیاسییە عێراقییەکان بەو قسانە ڕانەهاتووە کە ئەم دەیەوێت بیانکات.

دکتۆر یوسف محەمەد سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، هەر بەدەم زەردەخەنەوە بە نوخبەی سیاسیی عێراقی گوت کە عێراقیبوونی ئێمە بژارە و ئیختیار نەبووە بەڵکو زۆر و ئیجبار بووە.

قسەکانی دکتۆر یوسف بە خێرایی تیشک بەناو دەزگاکانی ڕاگەیاندن و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاوبوونەوە و هێندەی دیکە سەرنجی خەڵکیان بۆ ئەو کۆڕبەندە دوو ڕۆژەیە ڕاکێشا کە زانکۆی ئەمریکی لە سلێمانی سازی کردبوو. ئەمە سێیەم ساڵە کە کۆڕبەندی "دیداری سلێمانی" سازدەکرێت و بە هەموو پێوەرەکان ئەوەی ئەمساڵ باشترینیان بوو لەڕووی ڕێکخستن و گەرمترینیان بوو لەڕووی گفتوگۆ و بابەتەکانەوە.

دکتۆر یوسف بەخت یاوەری بوو کە ببێتە سەرەتا و دەستپێکی یاریە گەرمەکە، چونکە لە دوو ڕۆژی کۆڕبەندەکەدا ئەوەی لەلایەن "براکانی یوسف"ەوە گوترا و ڕوویدا هیچی کەمتر نەبوو لە "مانیفێستۆی عێراقینەبوون"ەکەی سەرۆکی پەرلەمان. محەممەدی حاجی مەحموود کە هێشتا کزەی جەرگی سووتاوی سارێژ نەبووە، لە ڕۆژی دووەمی کۆڕبەندەکەدا، هەمان گوتەکانی دکتۆر یوسفی بە ڕاشکاوانەتر و بە ستایلە سەرنجڕاکێشەکەی خۆی دووپات کردەوە. ئەگەر وەرگێڕێکیش نەبووبێت، سیاسییە عێراقییەکان باش لە جووڵەی دەستی کاکە حەمە تێگەیشتن کە گوتی "تەنیا لە فڕۆکەوە عێراقی یەکگرتوو دەبینرێت". وتەکانی کاکە حەمەش تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی تەنی.

یەکێکی دیکە لە قسەکەرانی کۆڕبەندەکە، دکتۆر ئاشتی هەورامی وەزیری سامانە سروشتییەکان بوو. ئەویش دیار بوو دەمێکە چاوەڕوانی فرسەتێکی ئاوهایە. ئەگەرچی لە کوردستان دکتۆر ئاشتی بە "ناشەفاف" بوون تۆمەتبار دەکرێت، بەڵام ئەوەی لەسەر سەکۆی گفتوگۆکان بینیمان، شتێکی دیکە بوو. دکتۆر ئاشتی ئامادەبوونی وەزیری نەوتی عێراقی لەسەر سەکۆکە کردە دەرفەت و وەزیرە عێراقییەکەی تووشی ئیحراجی کرد. زیاد لە جارێک پێیگوت کە گەلی کوردستان و نوخبەی سیاسی لە کوردستان چاوەڕوانی وەڵامە لە بەغدا. هەروەک ڕاستەوخۆ ڕووی تێکرد و پێیگوت "بودجەی خەڵک بۆ دەبڕن؟". وەزیرە عێراقییەکە وەڵامی پێ نەبوو، هەر بۆیە گوتی "ئەگەر بڕیارە باسی ئەو بابەتانە بکەین، با بچینە ژوورێکی تر"، بەڵام دکتۆر ئاشتی گوتی "ئێرە شوێنی ئەو قسانەیە، خەڵک دەیانەوێت ڕاستییەکان ببیستن". ئەم بەرگریەی دکتۆر ئاشتی لە مافی خەڵکی کوردستان بۆ زانینی ڕاستییەکان فەرامۆش کرا. نە میدیاکان و نە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانیش وەک لێدوانەکانی دیکە گرنگییان پێ نەدا. دەکرێت لەبەر ئەوە بووبێت کە وتەکانی ئەو بە ئینگلیزی بوون، دەکرێت لەبەر ئەوەش بووبێت کە دکتۆر ئاشتی کرابێتە قۆچی قوربانی مەلەفی نەوت لە کوردستان و خەڵک نایانەوێ بڕوا بکەن کە وەزیری سامانە سروشتیەکان هێندەی سەرکردە و وەزیرەکانی دیکە خەمی خەڵکی هەیە.

کۆڕبەندی سلێمانی تەنها شوێنێک نەبوو بۆ گفتوگۆی جددی سیاسیەکانی کورد و عێراقی و ڕۆژئاوایی، بەڵکو دەرفەتێکیش بوو بۆ دەرخستنی ئەو ڕاستیەی کە گۆڕانێکی ئومێدبەخش لە سیاسەتی کوردیدا ڕوویداوە. نەوەیەک لە سیاسیی کورد هەن کە ویستی نیشتیمانسازی و دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی دیموکرات و کراوە، پێکەوە کۆیاندەکاتەوە. هەوڵیانداوە لەڕووی تاکەکەسییەوە خۆیان پێبگەیەنن و زمان فێربن و خۆیان ئاشنا بکەن بە گۆڕانە گەورەکانی بواری تەکنەلۆجیا و ئاگاداری پێشهاتە سیاسی و ئابوورییەکان بن. لەنێو قسەکەران و گوێگرانی کۆڕبەندەکەدا، ژمارەیەکی دڵخۆشکەر لەم جۆرە سیاسیە بەدی دەکرا.

دکتۆر بەرهەم ساڵح دامەزرێنەری زانکۆی ئەمریکی لە سلێمانی نموونەیەکە بۆ ئەو مۆدێلەی سیاسی کوردی. بەرهەم ساڵح لە ماوەیەکی کورتی حوکمداریدا چەندین پرۆژەی گرنگی ستراتیجی خستەڕوو لە وێنەی تواناسازی و پشتیوانی دارایی گەنجان بۆ کاری بازرگانی و کۆمەڵایەتی. لەڕێی زانکۆی ئەمریکیشەوە هەستانەوەیەکی گرنگی لە بواری خوێندنی باڵای کوردستاندا دەستپێکردووە و کۆڕبەندی سلێمانیش تەنیا یەکێکە لە بەرهەمەکانی.

براکانی یوسف ئەوانە بوون کە ویستیان یوسفی کوڕی یەعقوب بخەنە نێو بیرەوە و لەناوی ببەن، بەڵام لە کوردستان ئەو سیاسیانەن کە خەمی گشتییان هەیە و، توانیویانە ڕێگەیەک بدۆزنەوە بۆ ئاشتکردنەوەی بەرژەوەندیی شەخسی خۆیان و بەرژەوەندیی گشتی. براکانی یوسف هەموویان لە تەمەنی یوسف محەممەدی سەرۆکی پەرلەماندا نین و هەمووشیان لە حیزبەکەی ئەو نین. بەڵام ئەوەی هەموویان کۆدەکاتەوە بریتییە لە خەمی ڕزگارکردنی کوردستان لەم بیرە قووڵ و پڕ مەترسیەی عێراق. هەروەک دەشیانەوێت لەم بارودۆخەدا لایەنی کەمی سەقامگیریی سیاسی و ئابووری و ئەمنی دەستەبەر بکرێت، دواجاریش کوردستانێکیان دەوێت کە بە دامەزراوەیی بکرێت و لە غیابی خۆیان و سەرکردەکانی دیکەدا تووشی کارەسات نەبێت.



سوهێر قەیسی *

# ڕاستییە هەستهەژێنەکان

چاوەکانت دابخە و خەیاڵ بکە. ئەوە شەوێکی زستانیی سەختی هەولێرە و تۆ لەنێو خێوەتێک کە مەترسی ئاگرتێبەربوونی هەیە، پاڵکەوتووی. زەویەکەت خۆڵە و منداڵەکانت بە تاقە سوپا نەوتییەکە گەرمدەبنەوە کە گازی ژەهراوی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن دەردەکات. چاوت دابخە و خەیاڵ بکە، تۆ ناتوانی دەرمان بۆ منداڵە سێ ساڵییەکەت دابین بکەی کە سکچوون جەستەی شەکەت کردووە و تۆ و ئەو لەژێر یەک پێخەفدان. چاوت دابخە و خەیاڵ بکە کە تۆ دوێنێ گەورەی ماڵێکی خۆش بووی، بەڵام ئەهریمەن هاتە شارە کەڤنارەکەت و وێرانی کرد و، لەماوەی شەو و ڕۆژێکدا بێ کار بووی و ئایندەت ناڕوونە.

لەوانەیە ئەو بیرکردنەوە سەرپێییە زۆر بێ هیوا و دڵتەنگت بکات. ئینجا چۆن دەبوو ئەگەر بۆ ماوەی چەند مانگێک لە خێوەتگەکانی دەربەدەراندا ژیابای؟

دەزانم ئەمڕۆ زۆر کەس هاوسۆزی دەربەدەرەکانن، بەڵام هەندێ ڕاستی هەن دەبێ ڕوونیان بکەینەوە، بۆ ئەوەی قەبارەی تەنگژەکە بزانین.

**ڕاستیی یەکەم:** ژمارەی دەربەدەرەکان بەپێی دوایین ئاماری نەتەوەیەکگرتووەکان 2 ملیۆن و 300 هەزار کەسە کە زۆربەیان لە پارێزگای دهۆکن.

**ڕاستی دووەم:** بەرنامەی خۆراکی جیهانیی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان توانی خۆراک بۆ نزیکەی ملیۆنێک و 700 هەزاریان دابین بکات، بەڵام ئێستا تواناکەی کەمبووەتەوە و پێویستی بە 240 ملیۆن دۆلارە بۆ ئەوەی بتوانێ تاوەکو کۆتایی ئەمساڵ خۆراکیان بۆ دابین بکات.

**ڕاستی سێیەم:** ژمارەی دانیشتووانی دهۆک بەپێی دوایین سەرژمێرییەکان نزیکەی 2 ملیۆن و 120 هەزار کەسە کە 820 هەزاریان دەربەدەر و پەنابەرن، واتە نزیکەی نیوەی دانیشتووانی دهۆک پەنابەر و دەربەدەرن.

**ڕاستی چوارەم:** کە باسی دەربەدەران دەکەین، ئەوا دەربەدەر لە هەموو ناوچەکانی عێراق هەن، تەنانەت لە نەجەف و کەربەلاش بە دەیان هەزارن.

**ڕاستی پێنجەم:** منداڵان و پیرەکان زۆربەی دەربەدەرەکان پێکدێنن.

**ڕاستی شەشەم:** ئایندەی پەروەردەیی و تەندروستیی منداڵان لە خێوەتگەکاندا لەژێر هەڕەشەدایە.

**ڕاستی حەوتەم:** کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەشێوەیەکی چالاک وەڵامی پێویستییە مرۆییەکان ناداتەوە، ئەوندەی وەڵامی پێویستییە سەربازییەکان دەداتەوە.

**ڕاستی هەشتەم:** هاوسۆزی مرۆیی عەرەبی ئێستا هەمووی لەگەڵ پەنابەرانی سووریایە بەپلەی یەکەم و، دەربەدەرانی عێراق لە ڕیزی پێشەوەی بایەخدا نین.

**ڕاستی نۆیەم:** تەنگژەیەکی گەورەی دارایی لە عێراق هەیە لەگەڵ هاتنەپێشەوەی دابەزینی نرخی نەوت، بەهۆی ساڵانی درێژی گەندەڵی. وڵاتی خێر و سامان، ئەمڕۆ توانای چارەسەرکردنی کێشەی دەربەدەرەکانی نییە و توانای ئەوەشی نییە بەتەنیا بەرەنگاری داعش ببێتەوە.

**ڕاستی دەیەم:** لیژنەی پەرلەمانی عێراق کە تایبەتە بە چاودێریکردنی ئەو تەنگژەیە، نەیتوانی لێهاتوویی خۆی بسەلمێنێ و ئێستا کاتی گۆڕینی هاتووە.

دەی ئێستا چاوەکانتان بەسەر هەموو ئەو ڕاستییەدا بکەنەوە ...

***ڕۆژنامەڤانێکی عێراقییە و میدیاکارێکی گرووپی mbcیە، هەفتانە ئەو کۆشەیە بۆ ڕووداو دەنووسێت.**

ئەم وتارانە گوزارشت لە ڕای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW
Rudaw Media Network
Rudaw readers know more




## نازدار بۆ نەورۆز مەرجی هەیە

« 19

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر : سالڵح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەرانی نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
هیڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیمەتی himati@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قرگەیی
دیزاینەران : هونەر مەرجان ، شاهۆ محەممەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997 | ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی | Tel: 0750 486 34 12 - 0750 488 56 96 | rudaw@rudaw.net


Empire
Building the Future World

Empire World:
Empire Business Complex C4, Erbil, Iraq
Tel: +964 (0) 66 257 6006 - +964 (0) 66 257 6007
info@empireiraq.com - www.empireiraq.com